وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی بەغداد
کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی زمانی کوردی/ خوێندنی باڵا - ماستەر

# کاریگەریی ستراتیجییەتی مێزگرد لەسەر دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی لای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی

ماستەرنامەیەکە

ڕووناک غازی محەمەد مەندەلاوی

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغدادی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەری پەروەردە لە ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردیدا

بەسەرپەرشتی
پرۆفیسۆر
عەلی داوود جوامێر

خەرمانان (٢٧٢٢)ی کوردی زولحەجەی (١٤٤٣)ی کۆچی تەمموز (٢٠٢٢)ی زاینی




سورة البقرة: الاية ٢٥٥

# بڕیاری ســـــەرپەرشـــت

گەواهی دەدەم کە ئەم نامەیە بە ناونیشــانی **(کاریگەریی ســتراتیجییەتی مێزگرد لەسەر دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی لای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی)** قوتابی **(ڕووناك غازی محەمەد مەندەلاوی)** بە ســەرپەرشــتیی من لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشــد بۆ زانســتە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغداد ئامادەی کردووە، بەشــێکە لە پێویســتییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماســتەری پەروەردە لە (ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی)دا.

**سەرپەرشت**

**واژۆ:**

**ناو و ناسناو: پ. عەلی داوود جوامێر**

**ڕێکەوت: / /٢٠٢٢**

بە پێی پێشــنیازی مامۆســتای ســەرپەرشــت، ئەم نامەیە پێشــکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

**پ. عەلی داوود جوامێر**
**سەرۆکی بەشی زمانی کوردی**
**/ /٢٠٢٢**

# بڕیاری شارەزای زمانەوانی

گەواهی دەدەم کە ئەم نامەیە بە ناونیشـــانی **(کاریگەریی ســـتراتیجییەتی مێزگرد لەسەر دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی لای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی)** قوتابی **(ڕووناك غازی محەممەد مەندەلاوی)** لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغداد ئامادەی کردووە، بەشێکە لە پێویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماســـتەری پەروەردە لە (ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی)دا، بینیم لـە لایـەنی زمـانـەوانی و دەربڕینەوە گونجـاوە بۆ تاوتوێکردن، لەبەر ئەوە واژۆم کردووە.

**شارەزای زمانەوانی**

**واژۆ:**

**ناو و ناسناو:** پ.ی.د. شێرزاد سەبری عەلی

**زانکۆ و کۆلێژ:** زانکۆی دهۆك/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ بەشی زمانی کوردی

**ڕێکەوت:** / / ٢٠٢٢

# بڕیاری شارەزای زانستی

گەواهی دەدەم کە ئەم نامەیە بە ناونیشــانی **(کاریگەریی ســتراتیجییەتی مێزگرد لەسەر دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی لای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی)** قوتابی **(ڕووناك غازی محەمەد مەندەلاوی)** لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغداد ئامادەی کردووە، بەشێکە لە پێویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماســـتەری پەروەردە لە (ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی)دا، بینیم لە لایەنی زانستییەوە گونجاوە بۆ تاوتوێکردن، لەبەر ئەوە واژۆم کردووە.

| شارەزای زانستی | شارەزای زانستی |
|---|---|
| واژۆ: | واژۆ: |
| ناو و ناسناو: پ.ی.د.دیار عەبدولکریم سەعید | ناو و ناسناو: پ.ی.د. ڕۆزان محەمەد قەسیم |
| زانکۆ و کۆلێژ: زانکۆی زاخۆ/ کۆلێژی پەروەردە | زانکۆ و کۆلێژ: زانکۆی دهۆك کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| ڕێکەوت: / /٢٠٢٢ | ڕێکەوت: / /٢٠٢٢ |

# بڕیاری شارەزای ئامار

گەواهی دەدەم کە ئەم نامەیە بە ناونیشــانی **(کاریگەریی ســتراتیجییەتی مێزگرد لەسەر دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی لای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی)** قوتابی **(ڕووناک غازی محەمەد مەندەلاوی)** لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغداد ئامادەی کردووە، بەشێکە لە پێویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماســــتەری پەروەردە لە (ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی)دا، بینیم لە لایەنی ئامارییەوە گونجاوە بۆ تاوتوێکردن، لەبەر ئەوە واژۆم کردووە.

شارەزای ئامار

واژۆ:

ناو و ناسناو: پ.ی.د. دڵشاد شاکیر ئیسماعیل

زانکۆ و کۆلێژ: زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر/ کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری

ڕێکەوت: / /٢٠٢٢

# بڕیاری لیژنەی تاوتوێکردن

ئێمەی ســەرۆك و ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن و هەڵســەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە، کە بە ناونیشــانی (کاریگەریی ســتراتیجییەتی **مێزگرد** لەســەر دەســتکەوتی بابەتی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی لای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی) و لەگەڵ قوتـابییەکەدا گفتوگۆمـان لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارمان دا، کە شـایانی ئەوەیە بە پلەی (                ) بڕوانامەی ماســتەری پەروەردە لە(ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی)دا پێبدرێت.

**واژۆ:**
**ناو و ناسناو: پ.د. مهاباد عبد الكريم احمد**
**ئەندام**
**ڕێکەوت:    /    /٢٠٢٢**

**واژۆ:**
**ناو و ناسناو: پ.د. مولود حمد نبي**
**سەرۆکی لیژنە**
**ڕێکەوت:    /    /٢٠٢٢**

**واژۆ:**
**ناو و ناسناو: پ.ی. سرود ولي اسماعيل**
**ئەندام**
**ڕێکەوت:    /    /٢٠٢٢**

**واژۆ:**
**ناو و ناسناو: پ. علي داود جوامير**
**ئەندام و سەرپەرشت**
**ڕێکەوت:    /    /٢٠٢٢**

لەلایەن ئەنجومەنی (کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی بەغداد)ەوە پەسند کرا .

پرۆفیسۆر دکتۆر
پ.د. علاوي سادر جازع
ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ
زانستە مرۆڤایەتییەکان
ڕێکەوت:    /    /٢٠٢٢

ئەم نامەیە پێشکەشی دەکەم بە:

- گیانی پاکی باوک و دایکی خۆشەویستم، کە هیوام دەخواست رۆژێک لە رۆژان لاپەرەکانی هەڵبدەنەوە
- برای خۆشەویستم فەیسەڵ غازی
- خوشک و براکانم
- هاوسەری خۆشەویستم ئەیاد عادل
- جگەرگۆشەکانم رەوان و لاوان

# سوپاس و پێزانین

## سوپاس وپێزانینم بۆ :


- سەرپەرشتی بەڕێزم (پ. عەلی داوود جوامێر)، کە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە سەرپەرشتیی توێژینەوەکەی کردووە.
- دکتۆری مەزن و زانای بەناوبانگی کورد (پ.د. مەولوود حەمەد نەبی)، کە هەوڵی زۆری داوە و بە خەمخۆری و دڵسۆزییەکی گەورە یارمەتیی داوم لە ئەنجامگەیاندن و پێگەیاندنی ئەم نامەیە، بەئاواتم لەشساغ و تەمەندرێژ بێت.
- ڕاگری کولێژی پەروەردەی ئیبن ڕۆشد بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان (پ.د. عەلاوی سادر جازع)، کە هاوکاری کردنەوەی خوێندنی باڵا لە بەشی زمانی کوردی بووە.
- دکتۆری بەڕێز و خۆشەویستم (پ.د.یوسرا محمد عەبدوللا) کە زمان ناتوانێت وەسفی بکات، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگ و گەورەی هەبوو لە پێشخستنی بەشی زمانی کوردی و بەبەردەوام وەکو دایکێکی دڵسۆز و میهرەبان و پشتیوانم بوو و لە بێئومێدی هیوایەکم پێ دەدات.
- مامۆستای بەڕێز و خۆشەویستم (پ.ی. سروود وەلی ئیسماعیل) خاوەن زەردەخەنەی جوان و ئیسکسوک، کە زۆر بەدڵسۆزی وانەی پێ دەوتینەوە، هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم و هەمیشە سەرکەوتوو بێت.
- ئەو مامۆستا بەڕێزانەی لە ماوەی قۆناغی ئامادەکاریی خوێندنی ماستەردا وانەیان پێگوتمەوە (پ.عەلی داوود جوامێر، پ.د مەهاباد عەبدولکەریم ئەحمەد، پ.ی.د سەباح جەلیل خەلیل، پ.ی.د.کەوسەر جاسم عوبێد، پ.ی.د شەجەن ڕەعەد نیهاد، پ.ی. سروود وەلی ئیسماعیل، خوالێخۆشبوو پ.ی. کەمال وەلی ئەلماس).
- هەموو ئەو شارەزا و پسپۆڕانەی کە هاریکاربوون لە دەرخستنی ڕاستی ئامرازەکان و بەزانستییانەتر کردنیان.
- دکتۆری بەڕێز و مامۆستای یەکەمم (د. عادل مەجید گەرمیانی)
- دکتۆری بەڕێز (پ.ی.د پەیمان جەلال ئەحمەد) کە سوودی زۆرم بینی لە تێبینییە بەنرخەکانی.

- دکتۆری بەڕێز (پ.د. فەرهاد قادر کەریم) سەرۆکی زانکۆی گەرمیان و پەرلەمانتاری پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە دڵسۆزانە پشتگیری لە هەردوو بەشی زمانی کوردیی زانکۆی بەغداد کردووە.
- برای بەڕێز و خۆشەویستم فەیسەڵ غازی، کە پێکەوە بووین لە قوتابخانە و لە زانکۆ و بەردەوام یارمەتیم دەدات.
- کاک دلێر خاوەنی (کتێبخانەی دلێر) لە شەقامی کتێبخانەکانی شاری بەغداد، کە دەیان سەرچاوەی گرنگی کوردی و عەرەبیی بۆ هێناین و بە گونجاوترین نرخ بە قوتابیان و خوێندکارانی پێشکەش کرد.
- بەڕێوبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی بەغداد لە هەرسێ ڕەسافە(یەکەم و دووەم و سێیەم) و سەرپەرشتان و بەڕێوەبەرانی خوێندنگەکان و ئەو مامۆستا بەڕێزانەی، کەوا کارئاسانیان بۆ کردم بۆ جێبەجێکردنی توێژینەوەکەم.
- فەرمانبەرانی کتێبخانەی ( گشتیی بەغداد، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕۆشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان ، کتێبخانەی بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد،کتێبخانەی گشتیی زانکۆی دهوک، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی دهۆک، کۆلێژی ئادابی زانکۆی دهۆک،کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی) بۆ بەدەستخستنی سەرچاوە.
- سوپاس و بێزانینم بۆ کارمەندە بەڕێزەکانی کتێبخانەی سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی و کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆکانی سلێمانی و سەلاحەدین – هەولێر و کۆیە و ڕاپەرین و گەرمیان.

## پوختەی توێژینەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەریی ستراتیجییەتی مێزگردە لەسەر دەستکەوتی قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا.

بۆ وەدەستهێنانی ئامانجی توێژینەوە، توێژەر گریمانەیەکی سفریی داڕشت.

توێژەر پشتی بە دیزاینی گروپی هاوسەنگ بەست، کە دوو گروپی لەخۆ دەگرت: گروپی ئەزموونگەری کە قوتابییانی بابەتیان بەپێی ستراتیجییەتی (مێزگرد) دەخوێند و گروپی کۆنترۆڵکار کە قوتابییانی هەمان بابەتیان بە ڕێگای ئاسایی دەخوێند و بە تاقیکردنەوەی پاشی بۆ گۆڕاوی دەستکەوت.

کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە بریتیی بوو لە قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە قوتابخانەکانی ئامادەیی و دواناوەندیی بەیانیانی کچان لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی بەغداد/ڕەسافەی یەکەم بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢).

توێژەر، بە مەبەست قوتابخانەی(قەنات)ی کچانی لە کەرتی (سەنتەری ڕەسافە)ی هەڵبژارد، بە شێوەی هەڕەمەکیی سادە، دوو هۆبەی لێ هەڵبژارد، هۆبەی (أ) بوو کە ژمارەی قوتابییانی (٣٠) قوتابی بوو بە گروپی ئەزموونگەری، و هۆبەی (ب)یش کە ژمارەی قوتابییان (٣٠) قوتابی بوو بە گروپی کۆنترۆڵکار.

توێژەر هاوسەنگی لەنێوان قوتابییانی هەردوو گروپدا کرد لە گۆڕاوەکانی: (تەمەنی قوتابییان بەمانگ، نمرەی بابەتی خوێندنەوەی کوردیی نوێی ساڵی پێشوو، زانیاری پێشووی قوتابییان لە سەر بابەتەکانی لە ئەزمووندا دەخوێندرێن، زیرەکی، ئاستی خوێندنی باوکان، ئاستی خوێندنی دایکان).

توێژەر بۆ وتنەوەی هەر بابەتێك لە بابەتەکانی ڕیزمانی کوردی دوو پلانی ئامادە کرد: یەکەمیان بە پێ ستراتیجییەتی مێزگرد بۆ گروپی ئەزموونگەری و ئەوەی تریان بە گوێرەی ڕێگای ئاسایی بۆ گروپی کۆنترۆڵکار، پلانێکی هەر جۆرێکیشی دا بە چەند پسپۆرێکی بواری پەروەردە و زمانی کوردی و تێبینیەکانیشی وەرگرتن.

بەمەبەستی پشتڕاستکردنەوەی ئامانج و گریمانەی توێژینەوەکە، توێژەر تاقیکردنەوەیەکی دەسکەوتی ئامادەکرد لە دوو جۆر پرسیار پیکهاتبوو، پرسیاری یەکەم لە جۆری هەڵبژاردن کە (٢٥) بەند بوون، پرسیاری دووەمیش لە جۆری پێکەوەگرێدان (تێکبەستنەوە) کە (٥) بەند بوون، کۆی ژمارەی بەندەکان (٣٠) بەند بوون. دروستی ڕواڵەتی و ناوەڕۆکی تاقیکردنەوە، ئاستی گرانی، هێزی جیاکەرەوەی بەندەکان، کارایی بژاردە هەڵەکان، نەگۆڕیی تاقیکردنەوە کە (٠،٨٣) بوو، بە پێی هاوکێشەی (کیودر - ڕیتشاردسون - KR- 20)ی دەرهێنان.

توێژەر لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١١/٣) دەستی بە ئەزموون کرد و تا ڕۆژی پێنجشەممە (٢٠٢٢/١/٢٠) بەردەوام بوو و کۆرسێکی تەواوی خوێندنی کێشا، توێژەر خۆی وانەکانی بۆ هەردوو گروپی توێژینەوە گوتەوە، وانەکانیش یەك کاتژمێر لە هەفتە بۆ هەر گروپێك بوو.

دوای تەواوبوونی ئەزموون و پراکتیکردنی تاقیکردنەوە و سەرەدەریکردنی ئاماری لەگەڵ داتاکان بەبەکارهێنانی (T-test) و هاوکێشەی نرخی دووجایی ئیتا (n2)ی و هاوکێشەی قەبارەی کاریگەریی (d) ، ئەنجام بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

بوونی جیاوازی ماناداری ئاماری لە ئاستی (٠،٠٥)دا لە دەستکەوتی قوتابییان لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابییانی گروپی ئەزموونگەری، کە بابەتیان بەپێی ستراتیجییەتی مێزگرد وەردەگرت و ناوەندەنمرەی قوتابییانی کۆنترۆڵکار کە، هەمان بابەتیان بە ڕێگاری ئاسایی وەردەگرت، بۆ بە بەرژەوەندی قوتابییانی گروپی ئەزموونگەری.

بەگوێرەی ئەنجامی توێژینەوە، توێژەر گەیشتە سەرئەنجامانە خوارەوە:

١. بەکارهێنانی ستراتیجییەتی مێزگرد لە وتنەوە و فێرکردنی بابەتی ڕێزمانی کوردی بۆ قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی (وەك زمانی دووەم)، کاریگەرییێکی کارا و بەرچاوی هەبوو لە بەرزکردنەوەی دەستکەوتیان لەم بابەتەدا.

٢. وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی کوردی بە ستراتیجییەتی مێزگرد، قوتابی دەکردا تەوەری پرۆسەی فێرکردن و هەلی بۆ دەرخساند بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی چالاك و کارا و بەرچاو و دەرفەتی بەشداربوون و خۆفێرکردنی ببینێت.

٣. سروشت و هەنگاوەکانی ستراتیجییەتی مێزگرد، ژینگەیێکی ئەوتۆ دەڕەخسێنێت کە قوتابی تیادا هەست بە خۆشی بکات و ئارەزووی فێربوونی هەبێت و سوود لە یەکتری فێربوون وەربگرێت لە کەشێکی دوور لە دەمارگیری و سستی و بێزاربووندا.

بەگوێرەی ئەنجام و سەرئەنجامەکان، توێژەر چەند ڕاسپاردەی خستەروو، لەمانە :

١. لە شیاندایە ستراتیجییەتی مێزگرد لە وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی کوردی بۆ قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی (ئەوانەی زمانی کوردی زمانی دایکیان نییە) لە قوتابخانە ئامادەیی و دواناوەندییەکان عێراق (جگە لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان) بەکاربهێنرێت.

٢. ڕاسپاردنی بەرێوەبەرایەتی مەشق و ڕاهێنانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ڕەسافەی یەکەم، بەمەشقپێکردنی مامۆستایانی زمانی کوردی لەسەر بەکارهێنانی ئەم ستراتیجییەتە و هاوشێوەکانی لە خولەکانی ڕاهێنان و شیاندن کە بەردەوام ئەنجامیان دەدات.

لە کۆتاییدا.. توێژەر پێشنیازی ئەوەی کرد، کە چەند توێژینەوەیەك لەدواڕۆژدا لەم بارەیەوە بکرێت.

## پێرستی ناوەرۆک


| ژمارە | بابەت | لاپەرە |
|---|---|---|
| | ناونیشانی نامەکە | I |
| | ئایەتی قورئانی پیرۆز | II |
| | بڕیاری سەرپەرشت | III |
| | بڕیاری شارەزای زمانەوانی | IV |
| | بڕیاری شارەزای زانستی | V |
| | بڕیاری شارەزای ئامار | VI |
| | بڕیاری لیژنەی تاوتوێکردن | VII |
| | پێشکەشکردن | VIII |
| | سوپاس و پێزانین | IX – X |
| | پوختەی توێژینەوەکە | XI – XIII |
| | پێرستی ناوەرۆک | XIV – XVII |
| | پێرستی خشتەکان | XVII - XVIII |
| | پێرستی شێوەکان | XVIII |
| | پێڕستی پاشکۆکان | XIX - XX |
| بەشی یەکەم پێناسەی توێژینەوەکە | | ٢-١٧ |
| ١ | ئاریشەی توێژینەوە | ٢-٤ |
| ٢ | گرینگی توێژینەوە | ٥-٩ |
| ٣ | ئامانجی توێژینەوە | ١٠ |
| ٤ | گریمانەی توێژینەوە | ١٠ |
| ٥ | سنووری توێژینەوە | ١٠ |
| ٦ | دیارکردن و پێناسەکردنی زاراوەکان | ١١-١٧ |
| بەشی دووەم لایەنی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو | | ١٨-٥٧ |
| ٧ | یەکەم: لایەنی تیۆری | ١٨ |
| ٨ | تەوەەری یەکەم فێربوونی چالاک | ١٩-٢٠ |
| ٩ | دەروازە | ١٩-٢٠ |
| ١٠ | فەلسەفەی فێربوونی چالاکی کارا | ٢١ |
| ١١ | ئامانجەکانی فێڕبوونی چالاکی کارا | ٢١-٢٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢ | تایبەتمەندی و لایەنە باشەکانی فێربوونی چالاک | ٢٢-٢٤ |
| ١٣ | بنەما وپرەنسیپەکانی فێربوونی چالاکی کارا | ٢٤-٢٥ |
| ١٤ | ڕەگەزەکانی فێربوونی چالاک | ٢٥-٢٦ |
| ١٥ | هۆکاری بەکارهێنانی فێربوونی چالاک | ٢٦-٢٧ |
| ١٦ | ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیجییەتەکانی فێربوونی چالاک | ٢٧-٢٨ |
| ١٧ | ڕۆڵی قوتابی لە ستراتیجییەتەکانی فێربوونی چالاک | ٢٨-٢٩ |
| ١٨ | ستراتیجییەتەکانی فێرکردنی چالاک | ٢٩-٣٠ |
| ١٩ | پۆلێنکردنی ستراتیجییەتەکانی فێربوونی چالاک | ٣٠-٣٢ |
| ٢٠ | تەوەری دووەم | ٣٣ |
| ٢١ | ستراتیجییەتی مێزگرد | ٣٣ |
| ٢٢ | پێشەکی | ٣٤-٣٥ |
| ٢٣ | گرنگی و خەسلەتەکانی ستراتیجییەتی مێزگرد | ٣٥-٣٦ |
| ٢٤ | قۆناغەکانی جێبەجیکردنی ستراتیجییەتی میزگرد | ٣٦-٣٨ |
| ٢٥ | هەنگاوەکانی جێبەجیکردنی ستراتیجییەتی میزگرد | ٣٨ |
| ٢٦ | ڕۆڵێ مامۆستا لە ستراتیجییەتی میزگرد | ٣٩-٤٠ |
| ٢٧ | ڕۆڵی قوتابی لە ستراتیجییەتی میزگرد | ٤٠-٤١ |
| ٢٨ | تەوەری دووەم | ٤٢ |
| ٢٩ | توێژینەوەکانی پێشوو | ٤٢ |
| ٣٠ | توێژینەوەی پەیوەندار بە ستراتیجییەتی مێزگرد | ٤٣ |
| ٣١ | توێژینەوەی (محاسنة و العازمي،٢٠١٣) | ٤٣ |
| ٣٢ | توێژینەوەی (محمود ،٢٠١٥) | ٤٤ |
| ٣٣ | توێژینەوەی (جابر ،٢٠١٨) | ٤٤-٤٥ |
| ٣٤ | توێژینەوەی (اللهيبي ،٢٠١٩) | ٤٥-٤٦ |
| ٣٥ | توێژینەوەی (احمد،٢٠٢٠) | ٤٦-٤٧ |
| ٣٦ | توێژینەوەی (داني،٢٠٢٠) | ٤٧ |
| ٣٧ | توێژینەوەی پەیوەندار بە ڕێزمانی کوردی | ٤٧ |
| ٣٨ | توێژینەوەی (نبي،١٩٩٥) | ٤٨ |
| ٣٩ | توێژینەوەی (العادلي،٢٠٠٥) | ٤٩ |
| ٤٠ | توێژینەوەی (عەبدوڵڵا،٢٠٠٨) | ٤٩-٥٠ |
| ٤١ | توێژینەوەی (سلێمان،٢٠٠٨) | ٥٠-٥١ |
| ٤٢ | توێژینەوەی (نبي والخالد،٢٠١٧) | ٥١-٥٢ |
| ٤٣ | توێژینەوەی (ئەحمەد،٢٠٢١) | ٥٢-٥٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٤ | سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو | ٥٣ |
| ٤٥ | هێما دەربارەی توێژینەوەکانی پێشوو | ٥٧-٥٤ |
| بەشی سێیەم ڕێباز و ڕێکارەکانی توێژینەوە | | ٨٨-٥٨ |
| ٤٦ | یەکەم : ڕێبازی توێژینەوە | ٥٩ |
| ٤٧ | دووەم : دیزایینی ئەزموونی | ٦٠-٥٩ |
| ٤٨ | سێیەم : کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوە | ٦٠ |
| ٤٩ | أ.کۆمەڵی توێژینەوە | ٦١-٦٠ |
| ٥٠ | ب.سامپلی توێژینەوە | ٦٣-٦٢ |
| ٥١ | چوارەم: هاوسەنگی نێوان قوتابییانی گروپەکان | ٦٣ |
| ٥٢ | ١. تەمەنی کاتی قوتابییان بەمانگ | ٦٤-٦٣ |
| ٥٣ | ٢.زانیاری پێشووی قوتابییان لەسەر بابەتەکانی لە ئەزمووندا دەخوێندرێن | ٦٥-٦٤ |
| ٥٤ | ٣. ئاستی خوێندنی باوکانی قوتابییان | ٦٦-٦٥ |
| ٥٥ | ٤. ئاستی خوێندنی دایکانی قوتابییان | ٦٧-٦٦ |
| ٥٦ | ٥. زیرەکی | ٦٨ |
| ٥٧ | ٦ . نمرەی بابەتی زمانی کوردی بۆ ساڵی پێشوو | ٦٩ |
| ٥٨ | پێنجەم : کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوە نەئەزموونییەکان | ٦٩ |
| ٥٩ | أ.دروستی ناوەکی | ٧١-٧٠ |
| ٦٠ | ب. دروستی دەرەکی | ٧٢-٧١ |
| ٦١ | شەشەم :پێداویستییەکانی توێژینەوە | ٧٢ |
| ٦٢ | أ. دەستنیشانکردنی بابەتی ڕێزمان | ٧٣-٧٢ |
| ٦٣ | ٢.هەڵێنجان و داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان | ٧٤-٧٣ |
| ٦٤ | ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە | ٧٥-٧٤ |
| ٦٥ | حەفتەم :ئالاڤی توێژینەوە | ٧٥ |
| ٦٦ | تاقیکردنەوەی دەستکەوت | ٧٧-٧٥ |
| ٦٧ | بەندەکانی تاقیکردنەوە | ٧٨ |
| ٦٨ | أ. دروستیی تاقیکردنەوە | ٧٨ |
| ٦٩ | ب شیکردنەوەی ئاماریی بەندەکانی تاقیکردنەوە | ٧٩ |
| ٧٠ | ج. ئاستی زەحمەتی | ٧٩ |
| ٧١ | د. هێزی جیاکەرەوەی بەندەکان | ٨٠-٧٩ |
| ٧٢ | ە. کارایی بژاردەی هەڵەکان | ٨١-٨٠ |
| ٧٣ | نەگۆڕی تاقیکردنەوە | ٨٢-٨١ |
| ٧٤ | هەشتەم : جێبەجێکردنی ئەزموون | ٨٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٧٥ | نۆیەم : پراکتیزەکردنی تاقیکردنەوە و ڕاستکردنەوەی | ٨٢-٨٣ |
| ٧٦ | دەیەم ئاماری بەکارهاتوو | ٨٣-٨٨ |
| بەشی چوارەم : ئەنجام و گفتوگۆکردن لەبارەیەوە و سەرئەنجام و ڕاسپاردە | | ٨٩-٩٧ |
| ٧٧ | ئەنجام و گفتوگۆکردن لەبارەیەوە و سەرئەنجام و ڕاسپاردە | ٨٩ |
| ٧٨ | ئەنجام و گفتوگۆکردن لەبارەیەوە | ٩٠-٩٥ |
| ٧٩ | سەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار | ٩٦ |
| ٨٠ | سەرئەنجام | ٩٦ |
| ٨١ | ڕاسپاردە | ٩٦ |
| ٨٢ | پێشنیار | ٩٧ |
| سەرچاوەکان | | ٩٨-١٠٧ |
| ٨٣ | یەکەم: سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی | ٩٩-١٠٦ |
| ٨٤ | دووەم: سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی | ١٠٦-١٠٧ |
| | سێیەم: سەرچاوەکان بەزمانی کوردی | ١٠٧ |
| ٨٥ | پاشکۆکانی توێژینەوە | ١٠٨-١٦٠ |
| ٨٦ | پوختەی نامەکە بەزمانی عەرەبی | أ-د |
| ٨٧ | پوختەی نامەکە بەزمانی ئینگلیزی | A-C |


## پێرستی خشتەکان


| ژمارەی خشتە | ناونیشانی خشتە | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | هێما دەربارەی توێژینەوەکانی پێشوو | ٥٤ |
| ٢ | قوتابخانە ئامادەیی و دواناوەندییەکانی سەر بە کەرتی (سەنتەری ڕەسافە) لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی | ٦١ |
| ٣ | جۆری خوێندن و ژمارەی پۆل و قوتابییانی ئامادەیی سەنتەری (قەنات)ی کچان | ٦٢ |
| ٤ | سامپڵی توێژینەوە | ٦٣ |
| ٥ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری تەمەنی قوتابییانی هەردوو کروپ | ٦٤ |
| ٦ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری زانیاری پێشینەی قوتابییانی هەردوو کروپ لەسەر بابەتەکانی لە ئەزموونداد دەخوێندرێن | ٦٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ٧ | ئاستی خوێندنی باوكانی قوتابییانی هەردوو گروپ | ٦٥ |
| ٨ | نرخی (كای دووجا) بۆ دەلالەتی جیاوازی لە نێوان قوتابییانی هەردوو گروپ لە ئاستی خوێندنی باوكانیاندا | ٦٦ |
| ٩ | ئاستی خوێندنی دایكانی قوتابییانی هەردوو گروپ | ٦٧ |
| ١٠ | نرخی (كای دووجا) بۆ دەلالەتی جیاوازی لە نێوان قوتابییانی هەردوو گروپ لە ئاستی خوێندنی دایكانیاندا | ٦٧ |
| ١١ | ئەنجامی تاقیكردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێریی قوتابییانی هەردوو گروپ لە زیرەكیدا | ٦٨ |
| ١٢ | ئەنجامی تاقیكردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری قوتابییانی هەردوو گروپ لە بابەتی خوێندنەوەی نوێی كوردی ساڵی پاردا | ٦٩ |
| ١٣ | دابشكردنی وانەی هەفتانەی گروپەكانی توێژینەوە | ٧٢ |
| ١٤ | بابەتە ڕێزمانییەكانی لە ماوەی ئەزموونددا دەخوێنرێن و ژمارەی لاپەڕەكانیان | ٧٣ |
| ١٥ | نەخشەی تاقیكردنی دەستكەوتی خوێندن | ٧٧ |
| ١٦ | ئاستەكانی ئامانجەكان و بەندەكانی دەیانپێوون | ٨٢ |
| ١٦ | ئەنجامی تاقیكردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەنمرەی دەستكەوتی قوتابییانی هەردوو گروپ لە بابەتی ڕێزمانی كوردیدا | ٩١ |
| ١٧ | ئاستە پێوەرییەكانی (n2) و (d) | ٩٣ |
| ١٨ | نرخی ( t)ی دەرهێنراو و (n2) و (d) و قەباری كاریگەری | ٩٣ |


## پێرستی هێڵكاری


| ژمارەی هێلكاری | ناونیشانی هێڵكاری | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | ستراتیجیتەكانی فێربوونی چالاك | ٣٢ |
| ٢ | دیزایینی ئەزموونیی توێژینەوە | ٦٠ |

# پێرستی پاشکۆکان


| لاپەرە | پاشکۆکان | ژ.پ |
|---|---|---|
| ١٠٩ | نووسراوی ئاسانكاری له زانكۆی بەغداد كۆلێژی پەروەردەی ئیبن رۆشد بۆ زانسته مرۆڤایەتییەكان بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی بەغداد/ ڕەسافەی یەكەم | ١ |
| ١١٠ | نووسراوی ئاسانكاری له بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی بەغداد/ ڕەسافەی یەكەم بۆ قوتابخانەكانی ئامادەیی و دواناوەندیی بەیانیانی كچان | ٢ |
| ١١١ | نمرەی هاوسەنگی قوتابییانی هەردوو گروپی ئەزموونگەری و كۆنترۆڵكار له گۆڕاوی(تەمەن كاتی بەمانگ)دا | ٣ |
| ١١٢-١١٥ | تاقیكردنەوەی زانیارییەكانی پێشووی قوتابییان له بابەتەكانی ڕێزمانی كوردیدا | ٤ |
| ١١٦ | نمرەی قوتابییانی هەردوو گروپ له زانیاری پێشووی بابەته ڕێزمانییەكانی لەماوەی ئەزموودا دەخوێنرێن | ٥ |
| ١١٧ | نمرەی هاوسەنگی قوتابییانی هەردوو گروپی ئەزموونگەری و كۆنترولكار له گۆڕاوی (زیرەكی)دا | ٦ |
| ١١٨ | نمرەی هاوسەنگی قوتابییانی هەردوو گروپی ئەزموونگەری و كۆنترولكار له گۆڕاوی كۆنمرەی بابەتی ساڵی ڕابوردوودا | ٧ |
| ١١٩-١٢٦ | ئامانجە رەفتارییەكان | ٨ |
| ١٢٧-١٢٩ | ناوی شارەزا و پسپۆران كه توێژەر رای وەرگرتوون دەربارەی هەندێ كرداری توێژینەوە | ٩ |
| ١٣٠-١٣٩ | پلانی نموونەیی بۆ وتنەوەی بابەتی دەمەكانی كردار(كرداری ڕابوردوو) بەپێی ستراتیجییەتی مێزگرد بۆ فێرخوازانی گروپی ئەزموونگەری | ١٠ |
| ١٤٠-١٤٧ | پلانی نموونەیی بۆ وتنەوەی بابەتی دەمەكانی كردار (كرداری ڕابوردوو) بەپێی ڕێگای ئاسایی (چاولێكەری) بۆ فێرخوازانی گروپی كۆنترۆڵكراو | ١١ |
| ١٤٨ | ئاستی زەحمەتی بەندەكانی تاقیكردنەوە | ١٢ |
| ١٤٩ | هێزی جیاكەرەوەی بەندەكانی تاقیكردنەوە | ١٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤ | كارایی بژاردە هەڵەکان | ١٥٠ |
| ١٥ | تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن | ١٥١-١٥٨ |
| ١٦ | کلیلی ڕاستکردنەوە وەڵامی قوتابییان لەسەر بەندەکانی تاقیکردنەوە | ١٥٩ |
| ١٧ | نمرەی قوتابییانی هەردوو گروپی توێژینەوە لە تاقیکردنەوەی کۆتایی دەستکەوت لە بابەتی ڕێزماندا | ١٦٠ |

# بەشی یەکەم

## پێناسەی توێژینەوەکە

- ئاریشەی توێژینەوە
- گرینگی توێژینەوە
- ئامانجی توێژینەوە
- گریمانەی توێژینەوە
- سنووری توێژینەوە
- دیارکردن و پێناسەکردنی زاراوەکان

## ئاریشەی توێژینەوە

پرۆســـەی فێرکردن و فێربوونی زمان، بەتایبەتی زمانی بیانی یان دووەم، کارێکی سووك و ئاسان نییە، پەیوەستە بە چەندین فاکتەر و گۆڕاو و هۆکار، وەکو ئامانجی گشتی لە فێربوونی و سروشت و ناوەڕۆکی بابەتی خوێندن و شێوازو نمایشکردن و داڕشتنی و ڕادەی گونجان و لەباربوونی بۆ ئاستی فێرخوازان، سەرباری مامۆستا و چۆنێتی پێگەیاندنی زانستی و پیشەیی و ڕێکارەکانی وتنەوە، هەروەها مەبەستی فێرخواز لە فێربوونی زمان و پاڵدەر و ڕادە و بەگوڕبوونی ئاستی ئارەزووی فێربوون و خۆفێرکردن.

هەڵبەتە، زۆر ســروشــتییە ئەگەر پرۆســەی فێرکردن و فێربوونی زمانی دووەم یان بیانی، دووچاری چەندین ئاریشەو ئاستەنگ و گرفت بێت، هۆکار یان هۆکارەکانیشی بەند ببن بە بوار و لایەنێك لە بوار و لایەنەکانی ئەم پرۆســـەیە، کە ڕەنگە هەندێکیان ببنە ئەگەری بەدەستنەهێنانی ئاستی خوازراوی ئامانجەکانی فێرکردن و فێربوونی ئەم زمانە. لەبەر ئەمە، دەبێ ئەو ئاستەنگ و هۆکارانەی دەبنە سستی و خاوبوونی ئەم پرۆسەیە و کەم و کزیی پاڵدەر و ئارەزووی فێربوونی لەلای فێرخوازان و نزمبوونی ئاســتی ئەداو دەستکەوت، بەردەوام بەسەر بکرێنەوە و پەنجە بخرێتە سەریان و بزانرێ کامانەن ڕێگر و گرفت و ئاســتەنگ، بە مەبەســتی چارەکردنیان و لادان و نەهێشــتنی کاریگەرییە نەرێ نییەکانیان بەمەبەستی بەرێوەچوونی پرۆسەکە، بەشێوەیەکی سروشتی و کارا تا مەرەم و ئامانجەکانی فێرکردن و فێربوون، بە ئاستی ویستراو و ڕادەی خوازراو بەدەستبهێنرێن.

ئەوەی باســی لێوەکرا، ڕەنگە، زۆر یان کەم، زمانی کوردیش بگرێتەوە، بەوەی کە – جگە لەوەی زمانی یەکەمە لە هەرێمی کوردســتان – زمانی فەرمیی دووەمە لە عێراق و لە هەردوو پۆلی چوارەم و پێنجەمی ئامادەیی و خوێندن و قۆناغی هاوجۆریدا، وەك بابەتی خوێندن لە ســەرانســەری قوتابخانە ئامادەیی و دواناوەندی و هاوجۆرەکانیان، دەخوێنرێت و ئەو قوتابییانە فێردەکرێن و فێری دەبن کە زمانی دایکیان زمانی کوردی نییە.

بێگومان، هەندێ ئاستەنگ و هۆکار دووچاری ڕێکارەکانی پرۆسەی فێرکردن و فێربوونی زمانی کوردی، وەك زمانی دووەم دەبن، ڕەنگە سروستیش بن و دووچاری پرۆسەی فێرکردن و فێربوونی هەر زمانێکی تری دووەم ببنەوە. گرینگی و کارباشی و ئەرکبووون لەوەدایە بزانرێن و بە پێی شیان و توانا چارەبکرێن.

هەندێ لەو توێژینەوانەی لەم بارەیەوە لەسەر لق و هونەرکانی زمان و بەشەکانی تری کراون، وەك توێژینەوەکانی (البصیر، ٢٠٠١)، (السندي، ١٩٩٩)، (البرزنجي، ١٩٨٧)، (الونداوي، ٢٠٠٢)، (کشاش، ٢٠٠٢)، (علي، ٢٠٠٢)، هیتر، ئەوەیان خستووەتەڕوو کە فێرکردن و فێربوونی زمانی کوردی، وەك زمانی دووەم، دووچاری هەندێ گیرو ئاستەنگ بووەتەوە چ پەیوەست ببن بە پرۆگرام و ناوەڕۆکی بابەتەکان و هەڵبژاردن و داڕشتن و نمایشکردن و ڕێکخستنیان، چ تایبەت ببن بە مامۆستا و شیان و لێهاتوویی و توانای وانەوتنەوە و فێرکردن، چ پەیوەند ببن بەفێرخوازانی ئەم زمانە و ئامانج و ئارەزووی فێربوونیان، چ بەند ببن بە زیاتر لە بوارێك لەم بوار و لایەنانە.

توێژەریش هەستی بە لاوازی و کەم ئاستی قوتابییە و فێرخوازانی ئەم زمانە کرد، بەتایبەتی فیرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، ئەم هەستەشی بەهێزتر بوو کاتێك چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ مامۆستایانی زمانی کوردی لە هەندێ قوتابخانەی ئامادەیی و دواناوەندی* ئەنجامدا کە جەختیان لەوەکرد، کە ئەم کەم ئاستە و کەم ئارەزووەی خوێندن

---

* قوتابخانەکان:

- (دواناوەندیی تیبەی کچان، دواناوەندی زەهرای کچان، دواناوەندیی ڕەشیدی کچان، دواناوەندی سەنتەری کچان) (لە پەروەردەی گشتی ڕەسافەی یەکەم)
- (دواناوەندی خەنسائی کچان، دواناوەندی بەدر الکبری، دواناوەندی ئیلافی کچان، دواناوەندی ذات سەواریی کچان) (لە پەروەردەی گشتی ڕەسافەی دووەم)
- (دواناوەندیی رومیلەی کچان، دواناوەندیی فەزیلەی کچان، دواناوندیی هودای کچان، دواناوەندیی مەریەمی عەزرای کچان) (لە پەروەردەی گشتی ڕەسافەی سێیەم)

و فێربوونی زمانی کوردی کەتوارە و زۆر فاکتەر هۆکارن، کە پەیوەندییان بە بابەتەکە خۆی و فێرخواز و مامۆستا و ڕێکارەکانی وتنەوە و فێرکردن هەیە.

توێژەر، کاتێك چاوی بە چەند فێرخوازێك لەم قوتابخانانە کەوت، کە پار هەمان بابەتیان خوێندبوو، ئەم هەستەی پتەوتر بوو، بەتایبەت کاتی ئەمەی دەرئەنجان کرد کە یەکێك لە هۆکارەکانی بەندە بە ڕێکارەکانی وتنەوەی ئەم زمانە وەك زمانی دووەم، کە مامۆستایان وەك زمانی دایك و زمانی یەکەم سەرەدەری لەگەڵدا دەکەن لەکاتی وتنەوە و فێرکردنیدا و بەهەندیٚ ڕێگا کە مامۆستا لە ڕێکارەکانیاندا تەوەر و چالاکە و فێرخوازیش گوێگر، بێ ئەوەی کە ئەوە ڕەچاوە بکەن کە ڕێگا و ستراتیجیتەکانی وتنەوە و فیرکردنی زمان وەك زمانی دووەم جیاوازن – تاڕادەیەك- لە هی زمان وەك زمانی یەکەم، واتە زمانی دایك.

گومان لەوە ناکریٚ کە لەم ڕووەوە بەتایبەتی لە بواری وتنەوە و فێرکردن و فێربوونی ڕێزمان بۆ فێرخوازی ئاخێوەر بە زمانی تر کە زمانی دایکی نییە، توێژینەوە دەگمەنن و گرینگ و فەرەو پێویست وادەخوازیٚ توێژینەوەی بەردەوام لە بارەیەوە ئەنجام بدرێن بە مەبەستی سانا و ئاسانکردنی فێرکردنی لق و کارامەیی و هونەرەکانی زمانی کوردی، لەم لەقانەشەوە بابەتی ڕێزمانی کوردی بە ڕێگای تاقیکردنەوە و بەئەزموونکردنی ستراتیجییەتی وا ئامانجە خوازراوەکانی فێرکردن و فێربوونی ئەم بابەتە، بە ئاستی پێویست، بەدیبهێنری، لەم ستراتیجییەتانەش، ستراتیجییەتی مێزگرد، کە توێژەر بەهیوایە ئەنجامی بەکارهێنانی لە وتنەوەی ڕێزمانی کوردیدا ئەرێنی و کارا ببێت.

لە شیاندایە ئاریشەی توێژینەوە بەم پرسیارەوە دەستنیشان بکریٚ:

- ئایا بەکارهێنانی ستراتیجییەتی مێزگرد لە فێرکردنی ڕێزمانی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، ئەوانەی زمانی کوردی وەك زمانی دووەم فێردەبن، کاریگەرە؟

## گرینگی توێژینەوە:

ئەگەر گەل و نەتەوە، پیتە و گرینگی بە زمانەکانیان بدەن و هەموو هەوڵێك بۆ ئاسانکردنی فێرکردنی و فێربوونی و بڵاوکردنەوەی بەهەموو ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆر بخەنەگەڕ، لەبەر ئەوەیە چونکە زمان نیشانە و هێمای قەوارەی نەتەوەییە و ناونیشانی کەسایەتییەکەی و کۆگای کەلتوورە شارستانییەکەیەتی و زمان ئامراز و ئالاڤی تاکە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و بیر و هزر و ئارەزوو و پێویستییەکانی، هەروەها هۆ و ئامرازی لێکتێگەیشتن و بەردەوام بوونە لەگەڵ ڕۆڵەکانی و لەگەڵ ئەوانەی فێری بووینە و پێی دەدوێن (صومان، ٢٠٠٩، ص٣٤)، سەرباری ئەوەی کە زمان بنچینە و بنەمای هەر شارستانییەتێکە و پێیەوە بنیات دەنرێت و بە هۆیەوە زانست و زانیاری و داهێنان و دەستکەوتە شارستانێتییەکان دەگوازرێنەوە و بە ڕێگای ئەوەوە، مرۆڤ، بەنەمانی لە ژیاندا دانابڕێت، چونکە هاوکاری و یارمەتدەری مێژووییانەی دەبێت، بۆ ئەوەی بەشداری لە پێکهێنانی هزر و بیر و ڕۆشنبیری و ژیانی نەتەوەکانی ئاییندەدا بکات (الخالد، ٢٠١٦، ص٥)

گومان لەوەدا نییە، کە وتنەوە و فێرکردنی زمانان بووەتە پرۆسەیەکی زۆر گرینگ و بلاو، بەتایبەتی لە چەرخی ئەمرۆماندا، هەر بۆیەشە ژمارەی پەیمانگا و مەڵبەند و سەنتەر و کۆلێژی تایبەت بە فێرکردنی و فێربوونی زمانی بیانی یان زمانی دووەم لە جیهاندا ئەژمارناکرێن.

هەڵبەتە، ئەمەش سەیر نییە، چونکە سروشتی ئەم سەردەمەی کە زانیاری و شارەزایی و تەکنەلۆژیای تێدا پەنگ و خێرا تەقێنراوە، وا دەخوازێت و پێویستی بەم هەڵسوکەوت و سەرەدەریەیە، سەرباری ئاڵۆزی و ئاوێتەبوونی بەرژەوەندی و پەیوەندییە سیاسی و سەربازی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکان و خێرا گواستنەوە و چڕی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگاکانی جیهان (محمد، ٢٠٢١، ل ٢١)

ئەمانە هەمووی کەتوار و واقیعێکی فێرکاری وادەخوازێت تاکانێکی زۆر ڕوو لە سەنتەر و پەیمانگاکانی تایبەت بە فێرکردنی و فێربوونی زمانانەدا بکەن، ئەوە لە ئاستی

سـەرانسـەری وڵاتانی جودا جودادا، هەروەها لە ئاسـتی یەك وڵاتدا، ئەوەی زۆر -نەتەوەن واتە زۆر زمانی تێدا هەیە-، سـەنتەر و پەیمانگای فێرکردنی و فێربوونی زمانان - وەك زمانی دووەم - لە سـەرانسـەری وڵات دامەزرێندراون، کە ئەمە بووە یارمەتیدەر بۆ لە یەکترتێگەیشـتن و هاوکاریکردنی و ئاڵوگۆڕکردنی کەلتوور و ڕۆشـنبیری و.. .... هتد، لە نێوان ڕۆڵەکانی وڵاتەکەدا.

ئەوەی باسـکرا، وای لە زۆر وڵاتی پێشـکەوتوو و تازە پێگەیشـتوو کرد، ڕوو لە پیتە و گرینگیدان بە فێرکردن وفێربوونی زمانی دووەم بدەن (Rich ards, 2004, p28)

لەبەر ئەمە، زۆر وەك ئەم وڵاتانە، توێژینەوەی زۆریان لەبارەی چۆنیەتی فێرکردن و فێربوونی زمـانـان، - وەك زمـانی بیانی یان زمانی دووەم – کردووە و بەردەوامن هەندێ توێژینەوە، ئەوەیان سـەلماند هەندێ فێرخوازان، بەڕەوانی و خێراوە، فێری زمانی بیانی یان دووەم دەبن هەرچی بێت ڕێگاو شـێوازی ئەم فێرکردنە، بەڵام فێرخوازانی تر هەن، کەمترین ئامانجی فێربوون بە نزمترین ئاست دابیندەکەن هەرچۆن بێت هەوڵ و کۆششیان و هەرچی بێت ئەو شێواز و ڕێگایانەی بۆ فێرکردنیان بەکاردەهێنرێن.

لەبەر ئەوە پەروەردەکاران ئەوە ڕاسپاردە دەکەن کە لەسەر مامۆستایە زانیاری لەسەر جۆرەها ستراتیجیەت و ڕێگاکانی فێرکردنی زمانی هەبێت و ئەوانە هەڵبژێرێت و بەکاریان بهێنێت کە لەگەڵ هەڵوێسـتی فێرکاری و چالاکییە زمانییەکان و ئامانجەکانی فێرکردنی زمانی بیانی یان زمانی دووەم دەگونجێن (Lewis, 2002, p40-41)

زمـانی کوردیش کە زمانی فەرمیی یەکەمە لە هەرێمی کوردسـتانی عێراق و هەمان خەسـڵەت و گرینگی زمـان، هەر زمـانێك بێت، هەیەتی و دەبێت هەمان پیتەو بایەخی پێبدرێت، سـەرباری ئەمەش، زمانی کوردی زمانی فەرمیی دووەمە لە عیراق – واتە زمانی دووەمە و بـابەتێکی خوێنـدنە لە پۆلی چوارەم و پێنجەمی ئـامـادەیی و دوائـامـادەیی قوتـابخـانەکـانی عێراق، کە دەبێ هەمان گرینگی فێرکردنی و فێربوونی وەك زمانی دووەم

لەم وڵاتە پێبدرێ، بەو ئاستەی ئامانجەکانی فێرکردن و فێربوونی بەڕادەی خوازراو، بەدیبهێنرێ.

ئەگەر شیانبوون لەم زمانە، بەڕادەیەکی سەرەکی شیانبوونە لە چاپووکییە سەرەکییەکانی کە گوێگرتن و ئاخاوتن و خوێندنەوە و نووسینە، ئەوە ڕێزمان بە ئامرازە سەرەکییەکەی ئەم شیانبوونە دادەنرێت، چونکە تێگەیشتنی زمان، کە سیستەمێکە لە هێما پێویستی بەزانینی پەیوەندییەکان و ئەو ڕێساو بنەمایانەن کە کۆنترۆڵی ئەم سیستەمە دەکەن و ئەو شێوازەی دەدەنێ کە مانای مەبەست و خوازراوی پێ دەرببڕدرێ (نبي، ١٩٩٥، ص ١١).

لەبەر ئەمە و لەبەر پێویستی گرینگیپێدانی زمان و ڕێزمانی کوردی و فێرکردنی و فێربوونی وەك زمانی دووەم لە عێراق و دابینکردنی ئامانجەکانی ئەم فێرکردن و فێربوونە، دەبێت ئەو ڕێگە و ستراتیجییانە بەکاربهێنرێن کە ئامانجە ویستراوەکانی فێرکردن -وەك زمانی دووەم – بەئاستی خوازراو بهێنرێنە دی.

لەم ستراتیجییەتە چالاك و هەرەوەرزییانەش، ستراتیجییەتی مێزگرد.

ئەم ستراتیجییەتە ستراتیجییەتێکی فێرکردنی چالاکی هەرەوەزیی کۆمەڵییە، گرینگییێکی زۆر بە لەیەکتری فێربوون و خۆفێرکردن و فێربوون دەدات، بە پێی ئەو ئەرك و کارنامەیەی بۆ قوتابییانی گروپە بچووکەکان دادەنرێ، کە هەر یەکێك لەوان چالاك و تەوەرو سەنتەری پرۆسەی فێرکردن و فێربوونە.

ئەم ستراتیجییەتە پشت بە کاری کۆمەڵیی بچووك بچووکی ئاست و شیانی جیاواز دەبەستێت، بە گوێرەی قۆناغ و هەنگاوەکانی فێرکردنیشی قوتابییانی گروپ لە دەوری مێزگردێك دادەنیشن و دەست بە وەڵامدانەوەی پرسیار یان ئەو ئەرکەی مامۆستا پێیان ڕادەسپێریت، دەکەن، هەڵبەتە هەر گروپێك چەند کاغەزو پێنووسێکی پێدەبێت و قوتابی دوای قوتابی، هزر و بیری وەڵامەکە یان ئەرکەکە لەسەر کاغەز دەنووسێت تا هەموویان تەواو دەبن، ئینجا پێکەوە لە کەشێکی ئازادی بێ توانج و ڕەخنەی ڕووخێنەر، بەڕێگای

هەژاندنی مێشك و هزرباراندن و ڕادەبرینی جودا و جیاوازیی هەمەجۆر، گفتوگۆ لەسەر وەڵامەکان و بیر و بۆچوونەکانیان دەکەن تا دەگەنە ئەو بیر و هزر و وەڵامانەی پێیان کۆك و ڕاست و دروستن، پاشان، قوتابییانی هەموو گروپەکان، ڕەنجی هزرییان و ئەنجامەکانیان لەگەڵ یەکتریدا و لەگەڵ مامۆستادا باسدەکەن و گفتوگۆ لە بارەیانەوە دەکەن (داني، ٢٠٢٠، ص ١٨-٢٠)، (Aruan , 2015, p380).

بێگومان، سروشتی ڕێکارەکان و کارکردنی لەم جۆرە چالاکی و هەرەوەزییە، وا دەکات قوتابی باش تێبگات، باش فێر ببێت، باش ڕێك و پێك زانیاری و شارەزاییەکان لە شانە تایبەتەکانی مێشکدا هەڵبگرێت و لە کاتی پێویستدا، بەرهزر و بەرچاوەیان بخات و سوودیان لێوەربگرێت و لەگەڵ زانیارییە نوێ و بەردەستەکان تێکەڵیان بکات.

ئەم ڕێگاو چالاکییانەش، وا لە قوتابی دەکەن باوەڕی بە خۆ هەبێت و شیانی بڕیادانی لە بارەی هەر شارەزایێك یان بۆچوون و هزر و بیرێك، بێ دڵەڕاوکێ و ترس و گومان و شەرمەوە، هەبێت و بەردەوام بتەو و بتەوتر ببێت (Ericson & Bern ,2019, p215-231).

ستراتیجییەتی مێزگرد، بەرواڵەتێکی ڕەفتارانە دادەنرێ کە قوتابییان هان دەدات، لە ناو پۆل و لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرکەکان چالاك و کارا بن، ئارەزوو و پاڵدەریان بۆ فێربوون دەورووژێنێ چ لە پێکەوە بەشداریبوون یان گفتوگۆکردن بۆ ئەوەی هەریەکێك بیروبۆچوونکەی بسەلمێنێت و ڕێزی لێبگیرێت. هەروەها هەنگاو و سروشتی فێرکردن و فێربوون بەم ستراتیجییەتە، بیر و بیرکردنەوە دەورووژێنێ و توانای ڕەخنەگرتنی سوودبەخش و داهێنان و گیانی هەروەزیی چالاکانە و کاری کۆمەڵی لای قوتابییان بەهێز دەکات (زاير وعايز، ٢٠١٤، ص١٧١).

هەروەها ئەم ستراتیجییەتە وا لە مامۆستا دەکات دانوستانکارێکی چالاك بێت و کەش و ژینگەی ڕادەربڕین و گفتوگۆکردنی قوتابییان لەگەڵ یەکتریدا و لەگەڵ مامۆستاش، لەبار و ڕەخساو و ئەرێنی بێت، سەرباری ئەوەی دەرفەت و کاتی تەواو و یەکسان بە قوتابییان دەدات بۆ بەشداریکردن و ڕادەبڕین (سويدان والزهيري، ٢٠١٨، ص١٦٥)

لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەی باسکرا، توێژەر واپێشبینی دەکات ستراتیجییەتی مێزگرد کارا و کاریگەر بێت لە بەرزکردنی ئاستی قوتابییان لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا. هەڵبەتە ئەنجامی ئەزموونیش ئەم پێشبینییە بە ئەرێنی یان پێچەوانەی دەسەلمێنێت.

ئەم هەموو هزر و بیرانەی باس و نمایشکران، توێژەر پاڵدەدەن، لایەنە سەرەکییەکانی گرینگی توێژینەوە، بەم جۆرە بخاتەڕوو:

* گرینگی زمان و فێرکردن و فێربوونی بەگشتی و زمانی کوردی بەتایبەتی.

* گرینگی فێرکردن و فێربوونی زمانی کوردی - وەك زمانی دووەم - بۆ ئەوانەی زمانی دایکیان زمانی کوردی نییە.

* گرینگی ڕێزمانی کوردی و پیتەدان بە فێرکردنی و فێربوونی.

* گرینگی فێرکردن و فێربوونی زمان و ڕێزمانی کوردی بەپێی پرۆسە و ڕێکاری فێرکاریی چالاك هەرەوەزییانە.

* گرینگی ستراتیجییەتی میزگرد لە خوێندنەوە فێرکردن و فێربووندا بەگشتی لە فێرکردن و فێربوونی زمان و ڕێزمانی کوریدا — بۆ ئەوانەی ئەم زمانە زمانی دووەمە لە لایان — بەتایبەتی.

* گرینگی قۆناغی ئامادەیی بەو بۆچوون و دانانەی کە قۆناغی ئامادە و بەرهەڤکردنە بۆ قۆناغی خوێندن لە زانکۆ.

* هەڵبەتە کەمی و دەگمەنی توێژینەوە لە بارەی فێرکردنی زمان و ڕێزمانی کوردی، وەك زمانی دووەم، وا دەخوازێت کە گرینگی تایبەت بە ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەك بدرێ لەم بارەیەوە بکرێ.

* وەك ئەم توێژینەوانەش هەر کەلێنێك لە کەلێنەکانی لەم بارەیەوە لەناو کتێبخانەکان بەگشتی و کتێبخانەی کوردی بەتایبەتی هەن، پڕ دەکاتەوە.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی توێژینەوە زانینی کاریگەری ستراتیجییەتی مێزگردە لەسەر دەستکەوتی قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا.

## گریمانەی توێژینەوە:

بۆ وەدەستهێنانی ئامانجی توێژینەوە، توێژەر ئەم گریمانەی دارشت.

جیاوازی مانادراری ئاماری نییە لە ئاستی (٠.٠٥) دا لە دەستکەوتی قوتابییان لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابییانی گروپی ئەزموونگەری کە بابەت بەپێی ستراتیجییەتی مێزگرد وەردەگرن و ناوەندەنمرەی قوتابییانی کۆنترۆڵکار کە هەمان بابەت بە ڕێگاری ئاسایی وەردەگرن.

## سنووری توێژینەوە:

سنووری توێژینەوە بریتییە لە:

- قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە قوتابخانە دواناوەندی و ئامادەییەکانی خوێندنی بەیانیانی سەر بە بەڕێوەبەراتییە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگاری بەغداد، ئەوانەی کە زمانی دایکیان، زمانی کوردی نییە و لە بابەتێکی خوێندندا فێری ئەم زمانە دەبن.
- بابەتەکانی ڕێزمانی کوردی (جێناوی کەسی جودا، جیناوی کەسی لکاو، ناوی تاك و ناوی کۆ، ناوی ناسراو و ناوی نەناسراو، ئامرازی پرس، کرداری ڕابوردوو، کرداری ڕانەبوردوو، کرداری داخوازی، ئاوەڵکردار)، لەناو پەرتووکی (خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی)ی بڕیاردراو بۆ قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی. (وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٢١، ل ٨١- ١٢٩)
- وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی ٢٠٢١ -٢٠٢٢

## دیارکردن و پێناسەکردنی زاراوەکان:

### ١. کاریگەری

ئەمانەی خوارەوە، وا پێناسەی (کاریگەری)یان کردووە:

- (Morris,1980):

" کارتێکردنێکی خوازراوە یان پێشبینکراوە کە خزمەتی مەبەستێکی دەستنیشانکراو دەکات "(Morris,1980 ) لە (الخالد، ٢٠١٦، ص ١٦) وەرگیراوە.

- (عطية، ٢٠٠٨):

"تواناو شیانی جۆرە کاتێکردنێکە، کارایی شتێکیش بەو کاریگەرییە دەپێوڕێ کە دەیخاتە سەر شتێکی تر " (عطية، ٢٠٠٨، ص ٦١)

- (Dives,2014)

"ئاستـــــ و ڕادەی کارتێکردنی گۆڕاوێکی ســـەربەخۆ (کارتێکەر) ە لەســـەر گۆڕاوێکی ســـەربەخۆ (کارتێکراو) دا " (Dives,2014 ,p26) لە (الفتلي وعبد المظفر، ٢٠١٩، ص ١٥٣٩) وەرگیراوە.

- (زایر و داخل، ٢٠١٦)

"توانـای ئەنجـامـدانی گۆڕینێکی ڕوون و دیـارە بە ڕێگـای ســـــتراتیجیەتێـك یـان بەرنامەیەکی فێرکاری کە پێشـوەخت ئامادەکراوە و لەسـەر سـامپڵێکی کۆمەلێکدا پراکتیزە وتاقیکراوەتەوە" (زاير وداخل، ٢٠١٦، ص ٢١٥)

- (الساعدي، ٢٠١٦)

"کارتێکردنێکی ویستراو یان پێشبینیکراوە، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی ڕێگایێك یان شێوازێکی فێرکردن و مەشقپێکردنی فێرخوازان ڕوودەدات بە مەبەستی وەدەستهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان و بە ئەنجامی زێدەبوون یان کەمبوونی ناوەندەنمرەی فێرخوازان دەپێورێ " (الساعدي، ٢٠١٦، ص ١٧)

## - پێناسەی تیۆری بۆ کاریگەری:

توێژەر پشت بە پێناسەی (Dives, 2014) دەبەستێت، وەك پێناسەی تیۆری، چونکە لەگەڵ ئامانجی تویژینەوە دەگونجێ.

## - پێناسەی ڕێکار بۆ کاریگەری:

ڕادەی کارتێکردنی گۆڕاوی ئەزموونگەری لەسەر دەستکەوتی قوتابییانی سامپڵی توێژینەوە لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا، کە بەسەردەیکردنی ئاماری گونجاو دیاردەکرێت.

## ٢. ستراتیجییەتی مێزگرد

توێژەر هیچ پێناسەی بۆ ئەم زاراوە نەدۆزیەوە، لەبەر ئەمە، پێناسەی (ستراتیجیەت) دەکات و پاشی (مێزگرد)، ئینجا پێناسەی (ستراتیجییەتی مێزگرد) دەکات، بەم جۆرەی خوارەوە:

### أ. ستراتیجییەت

ستراتیجیەت لە بواری فێرکردن و وانەوتنەوەدا، پێناسەی زۆر لەبارەیەوە کراوە، لەمانە:

- (أبوشريخ، ٢٠٠٨):

" پلانێکە کۆمەڵێ چالاکی فێرکاری لە خۆ دەگرێت، مامۆستا دایدەنێت و یارمەتی قوتابی دەدات کە لەباری ئێستادا بگاتە بارێکی باشتری ویستراو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە خوازراوەکان" (أبو شريخ، ٢٠٠٨، ص٩)

- (عطية، ٢٠٠٩):

" کۆمەڵێ ڕێکارن، مامۆستا پێی هەڵدەستێ بۆ بەدەستهینانی ئەو دەرهاویشتانەی ئاوەژۆری ئامانجە دانراوەکانن، بەمەش هەموو شێواز و چالاکی و هۆی فێرکردن و کرداری هەڵسەنگاندن دەگرێتەوە، کە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان یاریدەدەرن (عطية، ٢٠٠٩، ص ٣٤١)

- (بودي و الخزاعلة، ٢٠١٢):

" کۆمەڵێ هەنگاوی وانەگوتنەوەن مامۆستا پێشوەخت ئامادەیان دەکات بۆ ئەوەی لە کاتی وانەگوتنەوەدا بەکاریان بهێنێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە خوازراوەکان و بەپێی شیان وپێکران وشتە بەردەستەکان" (بودي والخزاعلة، ٢٠١٢، ص١٨)

- (ابوجادو، ٢٠١٣)

"کۆمەڵێ ڕێکاری ڕێکخستن و ڕیزبەندی فێرکردن-فێربوونن کە مامۆستا و قوتابی بۆ دابینکردنی فێربوونێکی کارا پشتیان پێ دەبەستن" (ابوجادو، ٢٠١٣، ص ٢٥٩)

## پێناسەی تیۆری:

تویژەر ستراتیجەت لە بواری وانەوتنەوەدا بەم جۆرە لە ڕووی تیۆرییەوە پێناسە دەکات:

پلانێکی ڕێکوپێکی وانەوتنەوەیە، پێکدێت لەئامانجی خوازراوی فێرکردن و ئەو ڕێگا و تەکنیك و ڕێکارانەی، کە مامۆستا پێی هەڵدەستێت بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکان لای قوتابییان بەگوێرەی شیانی بەردەست.

## ب. مێزگرد:

بەم جۆرە پێناسەی (مێزگرد)، کراوە:

- (الخفاف، ٢٠١٣):

" شێوەیێکی فێرکارییە، تیایدا قوتابییانی کۆمەڵەی هەرەوەزی وەڵامی کارنامە دەدەنەوە و گفتوگۆی زارەکی دەربارەی ئەو پرسیارانە دەکەن، کە مامۆستا ئاراستەی کردوون " (الخفاف، ٢٠١٣، ص ١٠٣)

- (Aruan,2015)

" نموونەیەکی فێربوونی هەرەوەزییە، پشت بەکاری کۆمەڵی بچووك بچووکی ناهاوسەنگ و شیان جودا دەبەستێت لە جێبەجێکردنی ئەرك، کە هەر یەکەیان بە بیر و هزری خۆی بەشداری ئەندامانی تر بۆ وەدەستهێنانی ئامانجە خوازراوەکان دەکات" (Aruan,2015,p3)

- (امبوسعيدي، الحوسنية، ٢٠١٦):

" مامۆستا پرسیار دەکات و قوتابیاتی کۆمەڵی هەرەوەزی هەوڵدەدەن زۆرترین وەڵام بخەنەڕوو، هەر قوتابییێك وەڵام دەنووسێت و کاغەز و پێنووس بەسەر گشتیان دەگەڕێندرێن و هەریەکە هزرێکی نوێ زیاد دەکات تا هەموویان تەواو دەبن" (امبوسعيدي، الحوسنية ، ٢٠١٦، ص ٢٤٩)

- (Harni,2020)

"چالاكییێكی فێركارییە بۆ قوتابییان، هەر ئەندامێكی كۆمەڵی هەرەوەرزی دەرفەتی بەشداربوون و ڕادەربڕینی بە شێوازی نووسین هەیە، گونجاویشە بۆ هەموو بابەتەكانی خوێندن و ئاستە جیاجیاكانی قوتابییان" (Harni,2020,p1451)

- (داني، ٢٠٢٠):

نموونەیەكی فێركاری كۆمەڵییە، قوتابییان لە چواردەوری مێز دادەنیشن، هەر یەكێك بە ئەركێك ڕادەسپێردرێ و بەنووسین هزری خۆی، بێ شەرم و دڵەڕاوكێ، دەردەبڕێ و پێكەوە ئامانج بەدەست دێنن " (داني، ٢٠٢٠، ص ١٩)

## پێناسەی تیۆری:

نموونەیەكی فێركاری چالاكی هەرەوەرزییە، قوتابییانی كۆمەڵی هەرەوەزی كە نەهاوسەنگ و شیان جیاواز هەڵدەبژێردرێن، هەریەكەیان بەنووسین، یەك دوای یەك، هزر بەهزر، ئەرك جێبەجێ دەكەن تا ئامانجە بۆدانراوەكان و ەدەست دەهێنن.

## پێناسەی ڕێكاری ستراتیجییەتی مێزگرد:

پشتبەستن بە پێناسەكانی (ستراتیجیەت) و (مێزگرد)، توێژەر بەم جۆرەی خوارەوە پێناسەی ڕێكاری ستراتیجییەتی مێزگرد دادەڕێژێت:

پلانێكی ڕێكخستنی پێشوەختەی مامۆستایە كۆمەڵێ ڕێكار بۆ وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی كوردی بەشێوەی كۆمەڵی هەرەوەزیی چالاك دەگرێتە خۆیەوە، قوتابییانی كۆمەڵەكە یەك دوای یەك، بەنووسین ئەرك جێبەجێدەكەن و گفتوگۆی لەسەر دەكەن بۆ وەدەستهێنانی ئامانجە خوازراوەكان، مامۆستا / فەكوڵەر لەگەڵ قوتابییانی گرووپی ئەزموونگەری ئەنجامی دەدات.

### ٣. دەستکەوت:

- (ابوجادو، ٢٠٠٣)

" دەرەنجامی ئەوەی قوتابی فێری دەبێت پاش تێپەڕبوونی ماوەیەك، بەو نمرەیەش دەپێورێ کە قوتابی لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت وەری دەگرێت " (ابو جادو، ٢٠٠٣، ص ٤٦٩)

- (علام، ٢٠٠٦)

" ڕادەی ئەو سەرکەوتنەیە کە قوتابی وەدەستی دەهێنێت، یان ئەو ئاستەی سەرکەوتنە، کە قوتابی دەیگاتێ لە بابەتێکێ خوێندندا یان لە بوارێکی فێرکردن یان ڕاهێناندا " (علام، ٢٠٠٦، ص ١٢٣)

- (فليح، ٢٠١٩)

"دەرئەنجامی ئەو زانیارییەیە، کە فێرخواز فێری دەبێت، وەئاستی بەرەوپێشچوونیەتی لەبابەتێکی فێرکاریدا دوای خوێندنی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، ئەمەش بەرێگای تاقیکردنەوەی دەستکەوت دەزانرێ " (فليح، ٢٠١٩، ص ١٧)

## پێناسەی تیۆری بۆ دەستکەوت:

توێژەر پشت بە پێناسەی (فليح، ٢٠١٩) دەبەستێت، وەك پێناسەی تیۆری بۆ توێژینەوەکەی.

## پێناسەی ڕێکاری بۆ دەستکەوت:

ئەو زانیارییەی قوتابی سامپڵی توێژینەوە وەدەستی دەهێنێت لەو بابەتە ڕێزمانییانەی لەماوەی ئەزمووندا دەیخوێنێت و بەو نمرەیەش دەپێورێ کە لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی تاقیکردنی دەستکەوت وەریدەگرێت.

## پۆلی پێنجەمی ئامادەیی:

" پۆلی دووەمی سێ پۆلەکانی قۆناغی خوێندنی ئامادەییە، کە قوتابی دەرچووی خوێندنی ناوەندی تێیدا وەردەگیرێت و بەشێکە لە قۆناغی دواناوەندی کە بریتییە لە پۆلەکانی (چوارەم، پێنجەم، شەشەم)ی لقەکانی زانستی و وێژەیی " وزارة التربية، ١٩٧٧، ص ٢٠)

## بابەتی (ڕێزمانی کوردی):

ئەو بابەتە ڕێزمانییانەن، کە لەناو پەرتووکی (خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی)ی بڕیاردراو بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە قوتابخانە دواناوەندی و ئامادەییەکانی عێراق (جگە لە هەرێمی کوردستان)

# بەشی دووەم

# لایەنی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

**یەکەم: لایەنی تیۆری**

**تەوەری یەکەم: فێربوونی چالاک**

**تەوەری دووەم: ستراتیجییەتی مێزگرد**

**دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

**أ. توێژینەوەی پەیوەندار بە ستراتیجییەتی مێزگرد:**

**١. توێژینەوەی (محاسنة والعازمي، ٢٠١٣)**

**٢. توێژینەوەی (محمود، ٢٠١٥)**

**٣. توێژینەوەی (جابر، ٢٠١٨)**

**٤. توێژینەوەی (اللهيبي، ٢٠١٩)**

**٥. توێژینەوەی (احمد، ٢٠٢٠)**

**٦. توێژینەوەی (داني، ٢٠٢٠)**

**ب. توێژینەوەی پەیوەندار بە ڕێزمانی کوردی:-**

**١. توێژینەوەی (نبي، ١٩٩٥)**

**٢. توێژینەوەی (العادلي، ٢٠٠٥)**

**٣. توێژینەوەی (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨)**

**٤. توێژنەوەی (سلێمان، ٢٠٠٨)**

**٥. توێژینەوەی (نبي والخالد، ٢٠١٧)**

**٦. توێژینەوەی (ئەحمەد، ٢٠٢١)**

**سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو**

**هێما دەربارەی توێژینەوەکانی پێشوو**

## یەکەم: فێربوونی چالاک:

### دەروازە:

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بزووتنەوەیەکی پەروەردەیی بەناوی (پەروەردەی پێشکەوتووخواز) بەچاودێری و ڕابەرایەتی فەیلەسوفی ئەمریکی (جۆن دیوی) سەریهەڵدا و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە دەبێ قوتابی سەنتەر و تەوەری سەرەکیی پرۆسەی فێرکردن ببێت و ئەو شارەزایی و زانیارییانەی مامۆستا بەسەر قوتابییان دەیسەپێنێت، پەیوەندی نییە بە ژیان و مەیل و ئارەزووەکانیانەوە و دەیەوێت بە شێوازی دەستکردانە پاڵیان بدات بۆ خوێندن و فێربوونیان.

(جۆن دیوی) جۆرێکی نوێ پرۆگرامی خوێندنی وای پێشنیارکرد، کە مەیل و ئارەزوو و مەبەست و ئامانج و پێویستیەکانی قوتابییان ڕەچاو بکات و ئەوان تیایدا چالاک و تەوەر و ئەرێنی ببن و لە پلاندانان و جێبەجێکردن و بەشدار ببن(الموسوي والشاوي، ٢٠٢٠، ص١٠٦).

سەرهەڵدانی فێربوونی چالاك یەکێك لە ئاراستە پەروەردەیی و دەروونییەکانی هاوچەرخ بوو، کە کاریگەرییێکی ئەرێنی گەورەی بەسەر پرۆسەی فێربوونی قوتابییانی قۆناغی گشتی و زانکۆدا، لەناو پۆل و لە دەرەوەی پۆلدا هەبوو ئەو توێژینەوانەی لەم ڕووەوە ئەنجامدران ئاماژەیان بەوە داوە کە ئاگابوون و دیقەتی قوتابی پاش تێپەڕبوونی (١٠) خولەك کەم دەبێت و ئەمەش وا دەکات بڕی زانیاری و شارەزایی وەریدەگرێت، کەم بێت و نەتوانێت باش بیر خۆی بهێنێتەوە و زۆر و زووش لە بیری دەچێت.

فێربوونی چالاك پێویستی بە گۆڕانێکی ڕاستەقینە هەیە لە ئەرك و ڕۆڵەکانی مامۆستا و فێرخواز، بە ڕێگای کاراکردنیان و بەوەی کە دەبێ فێرخواز ببێتە تەوەری سەرەکی و سەنتەری پرۆسەی فێربوون و ئەرێنی و چالاك و کارا ببێت لەم پرۆسەیە. (امبوسعيدي ، الحوسنية، ، ٢٠١٦، ص ٢٥)

فێربوونی چالاك وا لە فێرخوازان دەکات کارامەییەکانی هزر و بیری بڵند، وەك شیکردنەوە و لێکدان و هەڵسەنگاندن بەکاربهێنێت و لە گشت چالاکییە هەمەجۆرەکاندا وەکو خوێندنەوە و نووسین و گفتوگۆکردندا بەشدار ببێت و ئاڕاستە و ڕووکار و بەهاکانی خوازر و وەربگرێت. (الجنابي، ٢٠١٩، ص ٥٦)

فێربوونی چالاك، جۆرە فەلسەفەیەکی پەروەردەییە پشت بەوە دەبەستێت، کە دەبێ قوتابی کارا و ئەرێنی لە هەڵوێست و چالاکییەکانی فێربووندا ببێت و هەردەم هەوڵی ئەوەش بدات کە هەموو ڕێکارەکانی فێرکردن و فێربوون بەو ئاڕاستەوە ببات، کە ڕۆڵی فێرخواز کاراتر لێببێت و لە ئاکامی کارکردن و گەڕان و پشکنین و تاقیکردنەوە و ئەزموون و پشتبەخۆبەستیندا، شارەزایی و زانیاریی خوازراو وەربگرێت. (شاهین، ٢٠١٠، ١٠٣ص).

ئەم جۆرە فێربوونە، بەردەوام قوتابییان هاندەدات ئەوپەڕی توانا و شیاوی و پێکران بخەنەگەڕ و تێکەڵی هەموو جۆرە چالاکی و ڕێکارەکانی هەڵوێستەکانی فێرکردن و فێربوون بن و هەردەم ئەرێنی بن و هەوڵی دۆزینەوە و وەرگرتنی پرنسیپ و چەمك وڕێساکانی بدەن و مەشەق لەسەر چارەکردنی کێشە و ئاریشە بکەن و هزر و بیری گونجاو لەگەڵ هەڵوێستی فێرکردن و فێربووندا بەکاربهێنن. (Mathews, 2006, P83)

لەوەی باسکرا، توێژەر ئەوە دەرەنجام دەکات کە فێربوونی چالاك ڕووکارێکی نوێی پەروەردە و پرۆسەی فێرکردن و فێربوونە و قوتابی دەکاتە تەوەری پرۆسەیەکەو چالاك و ئەرێنی تێکەڵی هەڵوێست و زانیارییەکان دەبێت و کاریانە بەشداری لە چالاکییە هەمەجۆرەکانی وانە دەکات و خۆی خۆفێردەکات و سوود لە فێرخوازانی ناو پۆل وەردەگرێت و لە ئەنجامدا باش لە زانیارییەکان دەگات و لە شانە تایبەتەکانی مێشکدا ڕێکیان دەخات و دەیانپارێزێت و کاتی پێویست دەیانگێڕێتەوە و لەوەرگرتن و فێربوونی شارەزایی و زانیاریی نوێ سوودیان لێوەردەگرێت.

ڕۆڵی مامۆستاش لەم پرۆسەیەدا، پلاندانان و ڕێنماییکردن و چاودێری و سەرپەرشتیکردن و یارمەتیدانی خوێندکارو فێرخوازانە.

## فەلسەفەی فێربوونی چالاک:

فێربوونی چالاك ، فەلســـەفەکەی لە گۆڕانی جیهانی و ناوخۆیی هاوچەرخ وەردەگرێت، داوای دووبارە ڕوانینەوە بۆ ڕۆڵی هەریەك لە مامۆســـتا و قوتابی دەکات، تەوەری گرنگیدان لە مامۆســـــتاوە بۆ قوتابی دەگوازێتەوە، وا دەکات قوتابی تەوەری پرۆســـــەی فێرکردن و فێربوون بێت، فەلسەفەی فێربوونی چالاك جەخت دەکات کە دەبێت فێربوون:

١- بە ژیانی واقیعی قوتابی و پێداویستییەکانی و گرنگی پێدانەکانی ببەسترێتەوە.

٢- لە ئامادەیی قوتابی و تواناکانییەوە سەرچاوە بگرێت.

٣- لەسەرجەم ئەو شوێنانە هەبێت، کە فێربوونی تیانیاندا چالاکە (زانکۆ، ماڵ، کتێبخانە).

٤- دەستپێشخەری خودی لە فێربوون دەستەبەر بکات.

٥- بە تەواوی قوتابی بکاتە سەنتەر و تەوەری پرۆسەی فێرکردن و فێربوون. (علي، ٢٠١١، ص ٢٣٤)

## ئامانجەکانی فێربوونی چالاک :

مەبەستی بنەڕەتی کە پەروەردەکاران هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن پشتبەستنی فەلسەفەی فێربوونی چالاك و ستراتیجیەتەکانیەتی، کە خۆی لە گەشەپێدانی توانای بیرکردنەوەی قوتابییان و گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوە و ئاستی ئەنجامدانی بۆ پراکتیزەکردنی ئەوەی، لە هەڵوێستەکانی ژیانی کرداریاندا فێری دەبن، ئامانجەکان ئەمانەن:-

١- جۆراوجۆرکردنی چالاکییەکانی فێرکردنی گونجاو بۆ قوتابییان، بە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییە خوازراوەکان.

٢- هاندانی قوتابییان بۆ پرسیارکردن.

٣- پێوانی توانای قوتابییان لەسەر بونیادنانی بیرۆکەی نویێ.

٤- هاندانی قوتابییان لەسەر بەدەستهێنانی کارامەیی هەرەوەزی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی. (سعادة وأخرون، ٢٠٠٦، ص ٣٧ - ٣٨)

٥- گەشەپێدان و بەهێزکردنی دروستی جەستەی قوتابییان.

٦- کارکردن لەسەر بونیادنانی کەسایەتی تەواوی قوتابی، لە سەرجەم لایەنەکانی ئەقڵی وجەستەیی و هەڵچوون و کۆمەڵایەتی. (الموسوي والشاوي، ٢٠٢٠، ص ١١٤)

٧- گەشەپێدانی توانای قوتابییان لەسەر خوێندنەوەی ڕەخنەیی و خوێندنەوەی شیکاری و چارەسەرکردنی کێشەکان.

٨- بەدیهێنانی ئامانجەکانی فێربوون لە ڕێگای جۆراوجۆرکردنی چالاکییەکانی فێرکردن.

٩- هاندانی قوتابییان لەسەر بەدەستهێنانی کارامەیی بیرکردنەوەی باڵا، وەکو شیکارکردن و ڕێکخستن و هەڵسەنگاندن. (عطية، ٢٠١٨، ص ٥٥)

## تایبەتمەندییەکانی فێربوونی چالاک:

لە تایبەتمەندییەکانی فێربوونی چالاکدا:

١- فێربوونی قوتابی ئامانجدارە و لەبەرژەوەندی ئەوەوە ئاڕاستەکراوە.

٢- دانانی مامۆستا وەك ئاسانکارو ڕێبەر لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا.

٣- جەختکردنە سەر پرنسیپی ڕووبەڕوو بوونەوە، کە شیاوی جێبەجێکردن بێت. (الجنابي، ٢٠١٩، ص ٦٤)

٤- قوتابی بەشداربووی چالاکە لە پرۆسەی فێرکردن، چەندین چالاکی ئەنجام دەدات، وەکو پرسیارکردن و دانانی گریمانە و بەشداریکردن لە گفتوگۆکان و توێژینەوە و خوێندنەوە و نووسین و تاقیکردنەوە.

٥- جەختکردنە سەر گرنگیدانە بەسوودەکانی قوتابییان و مەیل و ئارەزوو و پاڵدەرەکانی، بەتایبەتی بۆ فێربوون.

٦- کاراکردنی ڕۆڵی قوتابییان لە کارامەییەکان و ستراتیجیەتەکانی بیرکردنەوەی باڵا، وەکو (شیکارکردن – ڕێکخستن – هەڵسەنگاندن – چارەسەرکردنی کێشەکان). (الفوال، سلیمان، ٢٠١٦، ص ٤٠٤)

٨- هاندانی قوتابییان لەسەر بەکارهێنانی سەرچاوەی جۆراوجۆر.

٩- ئەم جۆرە فێربوونە لەسەر شارەزایی بونیادنراوە، چ بە ڕاستەوخۆ یان بە ناڕاستەوخۆ.

١٠- لە ژیانی ڕۆژانەدا شیاوی بەکارهێنان و جێبەجێکردن بێت.

١١- لەگەڵ توانا و توانست و ئاڕاستەکانی تاك گونجاو بێت.

١٢- زانیاری و کارامەیی و ئاڕاستەی شیاوی مانەوە لەخۆدەگرێت.

١٣- قوتابیان لەسەر بیرکردنەوەی داهێنەرانە و پراکتیزەکردنی هاندەدات

١٤- قوتابی لە چالاکییەکاندا، ڕۆڵی تەوەری بنەڕەتی لە پرۆسەی فێرکردن و فێربوون دەبینێت.

١٥- بە نەرمی نواندن و بەرفراوانی دادەنرێت، بۆئەوەی لە کاروانی گۆڕانی بوارە جیاوازەکانی ژیان بەردەوام بێت.

١٦- لایەنی تیۆری و پراکتیکی لە بابەتەکانی خوێندن بە یەکەوە دەبەستێتەوە.

١٧- بە ئاسانی دەپێورێت و پێوانە دەکرێت.

١٨- قوتابی لەگەڵ هاوپۆلەکانی دیکەیدا، کار بە گیانی یەکگروپی دەکات. (سعادة وأخرون، ٢٠٠٦، ص ٤١٣ - ٤١٤)

١٩- لە ڕێگای فێربوونی چالاك، قوتابی دەتوانێت فێری هەندێك شت ببێت، کە سەختە بتوانێت لە ژینگەی پۆلدا فێریان ببێت.

٢٠- تێکەڵبوونی قوتابییان لە کارکردن زیاد دەکات، وادەکات فێربوون چێژ و خۆشی بێت.

٢١- بە بوارێك بۆ ئاشکراکردنی مەیلی قوتابییان و تێرکردنی پێداویستییەکانیان دادەنرێت. (علي، ٢٠١١، ص ٢٣٩- ٢٤٠)

## بنەما و پرەنسیپەکانی فێربوونی چالاک :

لە پرەنسیپەکانی فێربوونی چالاکدا :

١- کارلێکردن لە نێوان قوتابییان هاندەدات.

٢- هەرەوەزی لەنێوان قوتابییان هاندەدات.

٣- فیدباکی خێرا پێشکەش بە قوتابیان دەکات.

٤- کاتی پێویست بۆ فێربوون دەڕەخسێنێت. (بدير، ٢٠٠٨، ص ٣٧ - ٣٨)

٥- سەرچاوەکانی فێربوون، زۆر و ئەم چەشنە دەکات.

٦- دانیشتنی گونجاو و لەبار بۆ قوتابییان دابین دەکات.

٧- کەشی متمانە و ئارام لە کاتی فێربوون بۆ قوتابییان دەڕەخسێنێت.

٨- پەیڕەوکردنی ڕێگاکانی فێربوون کە تیایاندا قوتابی تەوەرە.

٩- یارمەتی قوتابی دەدات لە خودی خۆی تێبگات و لایەنی بەهێزی و لاوازی خۆی بدۆزێتەوە.

١٠- ڕێگا بە هەموو قوتابییەك دەدات، بە پێی خێرایی خۆی فێرببێت.

١١- قوتابییان لە هەڵسەنگاندنی خۆیاندا بەشدار دەبن.

١٢- قوتابییان لە هەڵبژاردنی سیستەمی کار و بنەماکانیدا بەشداری دەکەن.

١٣- قوتابییان لە دیاریکردنی ئامانجەکانی فێرکردنیاندا بەشداری دەکەن. (الفوال و سليمان، ٢٠١٦، ص٤٠)

## ڕەگەزەکانی فێربوونی چالاک:-

ژمارەیەك لە پەروەردەکاران ئاماژەیان بە بوونی چوار ڕەگەزی بنەمایی داوە، کە گرینگن بۆ ستراتیجییەکانی فێربوونی چالاك، ئەمانەن:-

١- قسەکردن و گوێگرتن.

٢- خوێندنەوە.

٣- نووسین.

٤- ڕامان و بیرکردنەوە. (الفوال و سليمان، ٢٠١٦، ص ٤٠٩)

هەندێ سەرچاوەش ئاماژە بە چوار ڕەگەزی تر دەدەن، کە فێربوونی چالاك پشتیان پێ دەبەستێت، ئەمانەن:

١- کارکردنی ڕاستەوخۆ بە شتەکان: ئەوە وا دەکات قوتابییان شارەزایی هەستپێکراویان زۆرتر بێت، هەڵبەتە، ئەم جۆرە کارکردنەش یارمەتیان دەدات چەمکی ڕووت لەلایان پەیدا ببێت لە پاشەڕۆژدا.

٢- فێربوون بە پەیڕەوکردن: بێگومان دەبێت چالاکی جەستەیی لەگەڵ چالاکی ئەقڵی لە کارلێکردن لەگەڵ شتەکان تێکەڵ بە یەکدی بکرێن، بۆ شرۆڤەکردنی وروژاندنی ئەم کارلێکردنە.

٣- پاڵنەری ناخەکی: قوتابیی چالاك پاڵنەری بۆ خوێندن لە ناخی خۆی وەردەگرێت، کە گرنگیپێدانی خودی و پرسیارەکانی و پێداویستییەکانی بۆ دۆزینەوە و تاقیکردنەوە و بونیادنانی مەعریفەی نوێ بەڕێوەدەبات.

٤. چارەسەرکردنی کێشە: ئەو شارەزاییانەی قوتابییان تێیدا تێدەپەڕن، بۆ پەرەپێدانی توانایان لەسەر بیرکردنەوەدا زۆر گرینگە، هەروەها کاتێك قوتابییان ڕووبەڕووی کێشەیەکی چاوەڕوان نەکراو دەبنەوە، دەیبەستنەوە بە زانیارییەکانی لە پێشدا فێریان بووینە، بەم شێوەیە فێربوونیان دەوروژێت و یارمەتی چارەسەرکردنی کێشەکەیان دەدات.(الجنابي، ٢٠١٩، ص ٦٢)

## هۆکاری بەکارهێنانی فێربوونی چالاک:

هەندێ هۆکار و کەتواری پرۆسەی فێرکردنی هەن، بەڵگە و ئەگەری پاڵدەرن بۆ ئەوەی فەرێ بێت فێربوونی چالاك بەکاربهێنرێ، لەمانە:

١- فێربوون لە ڕێگای تەلقین، شێوازی فێرکردنی باوە، لە زۆربەی دەزگاکانی فێرکردن، ئەو شێوازی فێربوون وا دەکات قوتابی ئەزبەر بکات و ملکەچ بێت، لەسەر توێژینەوە و بیرکردنەوە و داهێنان یارمەتی نادات.

٢- بەردەوامبوون لە کاروانی پەرەسەندنی جیهانی لە بواری پەروەردە بە گشتی، لە بواری تەکنەلۆژیای نوێ لە سەرچاوەی فێربوون بە تایبەتی، پرسی پەرەسەندن وایکردووە دووبارە ڕوانینەوە لە شێوازەکانی فێربوون پێویست بێت، بۆ بەردەوامبوون لە کاروانی پەرەپێدانی پرۆگرامەکان.

٣- قوتابییان دوای هەموو هەڵویستێکی فێرکردن گومان لە حاڵەتی شپرزەیی و نیگەرانی دەکەن، دەتوانین بە تێکەڵنەبوونی زانیاری نوێ بە شێوەی ڕاستەقینە لەگەڵ بونیای مەعریفییان وەسفبکەین.

٤- پشتبەستنی ڕێگای کلاسیکی لە فێرکردن، پشتی بە چالاکی وانەوتنەوەی گواستنەوەی بابەتی وانەکە بەستووە، ئەوەش ڕۆڵی قوتابی فەرامۆش کردووە.

٥- قوتابی دەکات بە تەوەری پرۆسەی فێرکردن.

٦- شیاوی پێوانەکردنی هەیە. (بدوي، ٢٠١٠، ص ١٦٤)

## ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیجیەتەکانی فێربوونی چالاک:

مامۆستا لە فێربوونی چالاکدا، چەندین ئەرکی هەیە، و ڕۆڵەکانی لەبەر ڕۆشنایی چەندین پەرەسەندنی زانستی و تەکنەلۆژیدا جۆراوجۆرە، لەلایەکی دیکەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی زۆری و لێکۆڵینەوە پەروەردەیی و دەروونییەکانی سەبارەت بە مامۆستا و قوتابییان و پرۆسەی فێربوون و فێرکردن ئەنجامدراون، ئەوانەی گرنگی بە پرۆسەی فێرکردن دەدەن چەندین پێشنیار و ڕاسپاردە و تایبەتمەندی پەیوەست بە ڕۆڵی مامۆستا لە فێربوونی چالاك پێشنیار کردووە. (سعادة وأخرون، ٢٠٠٦،ص ١١٣)، لەگەڵ ئەوەی قوتابی لە فێربوونی چالاك پرسی سەرەکی و بنەڕەتی پرۆسەی فێرکردنە، بەڵام مامۆستا ڕۆڵی گرنگی هەیە، خۆی لەم خاڵانە دەبینێتەوە:

١- بڕیار لە هێڵە پانەکانی بڕیاردراوەکانی خوێندن دەدات و هێڵە گرنگەکان دیاری دەکات.

٢- بەرهەمی ویستراوکە قوتابییان بەدیهێنن دیاری دەکات.

٣- کۆمەڵەکان ڕێکدەخات و کار و ڕۆڵە سەرەکییەکان لە نێوانیان دابەش دەکات.

٤- قوتابییان بۆ بەدەستهێنانی ڕەفتاری ئەرێنی، وەکو کاری بە کۆمەڵ و هەرەوەزی و کێبڕکێی ئەرێنی و دوورکەوتنە لە ڕەفتاری نەرێنی، وەکو خۆپەرستی و گۆشەگیری ئاڕاستەدەکات. (ابو شريخ، ٢٠١٠،ص ٦٦)

٥- هەڵوێستی فێرکردنی خرۆشاندن و وروژێنەر بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە دیزاین دەکات.

٦- یارمەتی قوتابییان دەدات، بۆ سەرکەوتن بەسەر ئاستەنگ و کێشەکان.

٧- بەپێی تێبینییە بەردەوامەکان یان تاقیکردنەوەی پێشەکی یان کۆتایی، بەدواداچوون بۆ چالاکی و کارەکانی قوتابییان دەکات.

٨- لە کاتی گونجاو فیدباك پێشکەش بە قوتابییان دەکات. (الموسوي والشاوي، ٢٠٢٠، ص ١١٤ - ١١٥)

## ڕۆڵی قوتابی لە ستراتیجیەتەکانی فێربوونی چالاک:

تاکو پرۆسەی فێربوونی چالاك بە کارایی و سەرکەوتوویی تەواو بێت، پرسەکە تەنها بەند نییە، بە ڕۆڵی گرنگ و بنەڕەتی مامۆستا لە ڕێگای دەستەبەرکردنی دەرفەتی فێرکردنی زۆر و جۆراوجۆر، بەڵکو پێویستە قوتابی ڕۆڵی گرنگتر و زیندوتر ببینێت، لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بۆ فێرکردنی خۆی بە خودی خۆی لە ژێر سەرپەرشتی مامۆستاکەیدا، قوتابی لە فێربوونی چالاکدا ڕۆڵەکانی جۆراوجۆرە لەمانە:

١- پرسیارکردن.

٢- گریمانکردن.

٣- بەشداریکردن لە گفتوگۆکان.

٤- خوێندنەوەی خودی.

٥- نووسین.

٦- ئەزموونی پراکتیکی. (أبو رياش، ٢٠٠٩، ص ٣٥)

٧- بیرکردنەوەی رامانی ئەرێنی لە رێگای فێربوون و کوالێتی و جۆری ئەو فێربوونە.

٨- لە چارەسەرکردنی کێشەکانی رووبەرووی دەبێتەوە، هزر و شیکردنەوە پەیرەو بکات، بۆئەوەی چارەسەرێکی زیرەکانە بۆ کێشەکانی لە ژیاندا رووبەرووی دەبێتەوە، پێشکەش بکات.

٩- بەدوای سەرچاوەکانی مەعریفی دەگەرێت و، بە کارایی و تواناوە سەرەدەری لەگەڵیاندا دەکات.

١٠- مەعریفە بەرهەمدەهێنێت و بونیاد دەنێت و لە رێگای پەیرەوکردنی بیرکردنەوە پەرەیان پێ دەدات. (سعادة وأخرون، ٢٠٠٦، ص ١٢)

## ستراتیجیەتەکانی فێرکردنی چالاک:

مەبەست لە ستراتیجیەتەکانی فێربوونی چالاك، ئەو رێکارانەیە قوتابی لە ناو کۆمەڵەیەك یان گروپێك، دوای پلانی پێشوەختە پەیرەوی دەکات و مەرجیشە بیرۆکەکانی لەناو ژینگەی مەعریفی قوتابیدا هەن، بەو بیرۆکانەی پێشکەشکراوەن بەسترابنەوە، هەروەها قوتابی بە خودی خۆی درکیان پێ بکات، هەروەها هاودژە مەعریفییەکانی فێرکردن چارەسەر بکات، کە لە رێگای بەشداریکردن و گفتوگۆ و کارلێکردنی ناوپۆل لە کۆمەڵە رێکخراوەکان رووبەرووی دەبێتەوە، هەروەها لە رێگای چالاکی فێرکردنی ئاراستەکراو پشت بە گفتوگۆی ناو پۆل دەبەستێت. (المهدي، ٢٠٠١، ص ٨١)

دەتوانین بڵێین ستراتیجیەتەکانی فێرکردنی چالاك، بریتییە لە کۆمەڵێك شێوازی فێرکردن، کە رێکارە پەیرەوکراوەکان و گونجاوەکان لەگەڵ یەکدی لەخۆدەگرێت، ئەمە وا دەکات قوتابی لە هەڵوێستەکانی فێرکردن لە رێگای ئەنجامدانی توێژینەوە و خوێندنەوە و

نووسین لە بابەتەكان و كاركردن لە كۆمەڵە بچووكەكاندا چالاك بێت، لەگەڵ بەشداریكردن لە كێبڕكێكانی پۆل، هەموو ئەوانە دەرفەتی دۆزینەوەی مەعریفە و بەدەستهێنانی چەمك و ئاڕاستەی زانستی بۆ دەرەخسێنێت.

بەكارهێنانی ستراتیجیەتەكانی فێركردنی چالاك، چەندین لایەنی باش بەشداری لە بەدیهێنانی چەندین ئامانج دەكەن، لەوانە:-

- بەشداری لە بەدەستهێنانی زۆر ئامانجی وانەوتنەوە دەكات، وەكو وەرگرتنی مەعریفەی زانستی بەشێوەی پراكتیكی.
- لەوەگرتنی زۆر كارامەیی دەستی و بیركردنەوەی زانستی و كۆمەڵایەتی و هەندێ كارامەیی ڕێكارەكانی زانست وەكو پێوان و دەرئەنجام و پێشبینیكردن، بەشداریی دەكات.
- یارمەتی زیادبوونی كارلێكردن و گفتوگۆی بونیادنەرانە لە نێوان قوتابییان دەدات.
- یارمەتی بەدیهێنانی هەندێك ئامانجی ویژدانی دەدات، وەكو گەشەپێدانی ئاڕاستەی ئەرێنی ڕووە و بابەتەكە و پشتبەستن بە یەكدی. (ابو الحاج و المصالحة، ٢٠١٦، ص ٥٠ - ٥٢)

فێربوونی چالاك، كۆمەڵێك ستراتیجیەتی نوێ لە خۆدەگرێت، كە لە ڕێگایانەوە ئامانجی دیاریكراو بە كەمترین كات و هەوڵ بەدیدەهێنرێت، سەرەڕای بەدەستهێنانی چەندین ئەنجامی ئەرێنی لە ڕێگای هەوڵ و هەرەوەزی زیاتری نێوان قوتابی و مامۆستا. (عطية، ٢٠١٨، ص ٦٧).

## پۆلێنكردنی ستراتیجیەتەكانی فێربوونی چالاك:

ستراتیجیەتەكانی فێربوونی چالاك بە پێی جوڵەو ئاستی پلەی سەركێشی مامۆستا بۆ بەكارهێنانیان، پۆلێن دەكرێن بۆ:

أ- ستراتیجیەتەكان لەگەڵ پلەی مەترسی كەم، وەكو ستراتیجییەتی ڕاهێنانی جووت و دەبینێتەوە ستراتیجیەت بۆ قسەكردن و نووسین، بۆ ماوەی یەك خولەك لە كاتی فێربوون، هەروەها گفتوگۆی دوو بە دوو بۆ بیرۆكەیەك یان پرسیارێك.

ب- ستراتیجیەتەکان لە ئاستی سەرکێشی کەم: وەکو ڕاسپاردن بە کارکردن لە پرۆژەیەکی تاکە کەسی و بە کۆمەڵی و بەشداری پێکردنی قوتابییان لە ڕاپۆرت نووسین و توێژینەوە و مەشق و ڕاهێنانی مەیدانی.

ج- ستراتیجیەتەکان لە ئاستی سەرکێشی باڵا: وەکو فێربوونی هەروەزی لە کۆمەڵەی بچووك و گەورە، فێربوون لەسەر دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان. (حیدر، ٢٠٠٠، ص ٣)

زۆر سەرچاوەو توێژەران، هەریەکەیان بەگوێرەی هزر و دیدی خۆی، ستراتیجیتەکانی فێربوونی چالاك و وهەرەوەزییان پۆلین کردون، ڕەنگە ئەم پۆلینەی خوارەوە سەر لەبەرترینیان بێت:-



(بدن، ٢٠١٧،ص٣٧)

**هێلکاری ژمارە (١)**

**ستراتیجیتەکانی فێربوونی چالاک وهەرەوەزی**

## دووەم: ستراتیجییەتی مێزگرد

- پێشەکی
- گرنگی و خەسلەتەکانی ستراتیجییەتی مێزگرد
- قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ستراتیجییەتی مێزگرد
- هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ستراتیجییەتی مێزگرد
- ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیجییەتی مێزگرد
- ڕۆڵی قوتابی لە ستراتیجییەتی مێزگرد



## تەوەری دووەم: ستراتیجییەتی مێزگرد

### پێشەکی: -

ســـــتراتیجییەتی مێزگرد، ســــــتراتیجیەتێکی فێرکاری هەرەوەزی چالاکە، کە تیایدا قوتابییانی گروپ، یەك دوای یەك، وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە کە مامۆستا ئاراستەیان دەکات، هەڵبەتە قوتابییان چەند کاغەزێك و یەك پێنووســــیان لایە، کاتێك کە قوتابی یەکەم وەڵام دەنووسێت، کاغەز و پێنووسەکە دەداتە قوتابی دووەم و بەم جۆرە تا هەموو قوتابییانی گروپ، هەریەکەیان وەڵام بەهەمان پێنووس دەنووســـن، بۆ ئەم ئەرکەش کاتێك دیاریدەکرێت و لەدواییدا گفتوگۆ لەســـــەر وەڵامەکان دەکرێت تا دەگەنە پوختەی وەڵامی ڕاست. (زایر وعایز، ٢٠١٤، ص ٦٤)

ئەدەبیاتی پەیوەندار، ئەم ستراتیجیەتە دادەنێن کە نموونەیەکە بۆ فێربوونی هەرەوەزی بەرێگای گروپی بچووك بچووکی ئاســت جودا بۆ جێبەجێکردنی ئەرك کە هەر قوتابییێکی گروپەکە بەهزر و بیری خۆیەوە بەشداری وەڵامدانەوەو گەیشتنە ئەنجام و دەدرنجامەکان دەکات و گفتوگۆش لەبارەیانەوە بەردەوام دەبێت تا دڵنیا دەبن کە هەموو قوتابییانی گروپەکە بیر و هزرەکانی بابەتەکە تێدەگەن (Aruan,2015,p3)

هەروەها ئەم ســــــترایتجییەتە بە چالاکییێکی فێرکاریی دادەنرێ بۆ قوتابییان کە هەر یەکێکیان لە ناو گروپەکەیدا ئەو دەرفەتەی پێدەدرێ کە بە بیرو بۆچوونی خۆی بەشداری جێبەجێکردنی کارنامە و ئەرکەکان بێت و ئازادە لە دەربڕینی هزرەکانی بە نووســـــین لەســـەر ئەو کاغەز یان کاغەزانەی بۆ ئەم مەبەســـتە تەرخانکراون. ئەم ســتتراتیجیەتەش لەگەڵ هەموو بابەتەکانی خویندن و قوتابییانی گشـــت قۆناغەکانی خویندن دەگونجێت (Annisa & Harni, 2020, p 1451)

توێژەر وادەبینێت کە بیرۆکەی ئەم ســــتراتیجیەتە ئەوەیە کە مامۆســـتا پرســـیارێك ئاراســــتەی قوتابییان دەکات و داوا لە قوتابییانی گروپەکان دەکات وەڵام بدەنەوە و

هەریەکەیان بە نووسین هزروبیریان لەسەر ئەو کاغەزە تۆمار بکەن کە بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکراوە.

## گرینگی و خەسلەتەکانی ستراتیجییەتی مێزگرد:

ئەم ستراتیجیتە زۆر خەسلەتی هەیە، گرینگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١. پێشخستنی بیری ڕەخنەیی و گیانی هەرەوەزی لەنێوان قوتابییاندا.

٢. بوونی بەرپرسیاریتی تاکەکەسی کە هەر قوتابێکی گروپ بەرپرسیارە لە بەشداریکردنی و پێشکێکردنی هزرێك بەنووسین.

٣. بوونی پەیوەندی ئەرێنی لەنێوان قوتابییاندا (دانی، ٢٠٢٠، ص ٢٠)

٤. بەفیڕۆنەدانی کاتی وانە و تەواو سوودلێوەرگرتنی بۆ جێبەجێکردنی ئەرك و کارنامەکان.

٥. قوتابی و فیرخواز تەوەری سەرەکی و بنەڕەتین لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا.

٦. هەر قوتابییێکی گروپ دەرفەتی تەواوی هەیە بەبیروبۆچوونەکانی بەشداری وەڵامی پرسیاران بکات.

٧. دابینکردنی گیانی هاوکاری نێوان قوتابییانی گروپ و نێوان قوتابییانی گروپەکان.

٨. کەمکردنەوەی ڕۆتین و هەرای ناوپۆل، چونکە هەر یەکێك خەریکی جێبەجیکردنی ئەرکەکەی دەبێت.

٩. هاندانی قوتابییان بۆ بیرکردنەوە و داهێنان و بەگەڕخستنی شارەزایی و زانیارییە هەڵگیراوەکانی ناوخانە پەیوەندیدارەکانی ناومێشك. (محاسنة والعازمي، ٢٠١٣، ص ٧)

١٠. گەشەپێدانی چاپووکییە زمانییەکان لە ئەنجامی گفتگۆی نێوان قوتابییانی لەبارەی بابەتەوە.

١١. هاوکارییێکی تەواوی نێوان قوتابییان و مامۆستا دەڕەخسێنی.

١٢. ســــەرەنجی قوتـابییـان دەوروژێنێـت و وایان لێـدەکات ئاگایان لە وانە و گفتوگۆکان و جێبەجێکردنی ئەرکەکان بێت.

١٣. ئارەزووی قوتابییان بۆ فێربوون دەوروژێنێت و بەردەوام گەشـەدەسـێنێت

(Poman& pea,2001, p273)

١٤. لەکاتی جیبەجێکردنی ئەم ستراتیجییەتە، سێ ستراتیجییەتی تر بەشدارییان پێدەکرێت و لە چالاکییەکانیدا بەهەند دەزانرێن، ئەمانیش: (هەژاندنی مێشك و فێرکردنی هاوڕێیان و فێربوونی هەرەوەزی)ن.

١٥. وا لە هەموو قوتـابییـان دەکات خەریکی وەڵام بن و وەڵام بـدەنەوە، نەك تەنیـا ئەوەی دەست بەرزدەکاتەوە و دەیەوێت وەڵام بداتەوە.

١٦. پەرە بەم چاپووکییانەی قوتابییان دەدات: تێبینیکردنی، پێشـــبینیکردن، پەیوەندیکردن، دەرەنجام، گریمانە دانان، سوودوەگرتن لە زانیارییەکانی پێشوو.

١٧. لە خەســـــلەتە هەرە گرینگەکانی ئەم ســـــتراتیجییەتە ئەوەیە کە بۆ هەموو بابەتەکانی خوێنــدن و قوتــابییــانی هەموو قۆنــاغەکــانی خوێنــدن و فێربوون دەســــــت دەدات.

(Mcknigh,2010,p159)

## قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ستراتیجییەتی مێزگرد:

جێبەجێکردن و ڕاپەڕانـدنی ئەم ســـــتراتیجیەتە، چوار قۆنـاغی یەك لە دوای یەك بەخۆیەوە دەگرێت، ئەمانەن:

**قۆناغی یەکەم:** -ئاراستەکردنی پرسیارانی وەڵام هەمەجۆر لە لای مامۆستاوە:

لەم قۆناغەدا مامۆســـتا چەند پرســـیارێك، کە ســـەرلەبەر ببن بۆ بابەتی فێرکردن و خوێندن، ئاراسـتەی قوتابییان دەکات کە وەڵامی جۆراوجۆریان هەبێت، بۆ ئەوەی قوتابییان بە جێبەجێکردنی ئەرك و وەڵامدانەوە خەریك بکات.

لە کاتی داڕشتنی پرسیاریش، دەبێ مامۆستا ئەوە ڕەچاو بکات کە پرسیارەکان ڕوون بن، ئالۆز نەبن و دوور بن لە وشەی سەرسام و نامۆ و گونجاو بن لەگەڵ ئاستی قوتابییان و مەبەست و ئامانجی دیار و خوازراویان هەبێت. (امبو سعيدي و الحوسنية، ٢٠١٦، ص٢٤٩).

**قۆناغی دووەم: -** کۆکردنەوەنەوەی وەڵامەکان: لەم قۆناغەدا، قوتابییانی گروپەکان وەڵامی پرسیارەکان بەنووسین پێشکەش دەکەن و بەراورد لەنێوان وەڵامەکان دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی وەڵامە ڕاستەکان و گفتوگۆ لەسەرکردنیان و دەستخۆشیکردن لە خاوەن وەڵامە ڕاستەکان.

هەڵبەتە لەم قۆناغەدا قوتابییان هانی خۆیان دەدەن وەڵامی ڕاست بدۆزنەوە و هەموویان خەریکی تێبینیکردن و تۆمارکردنی زانیارییەکان و پۆلینکردنیان دەبن، بەمەیش قوتابییان باش فێری بابەت دەبن و چاك تێیدەگەن و ئامانجە خوازراوەکانیش وەدەست دەهێن (Febriana,2020, p35)

**قۆناغی سێیەم: -** گفتوگۆکردنی وەڵامە ڕاستەکانی گرۆپەکان لەگەڵ مامۆستادا:-

لەم قۆناغەدا قوتابییانی گرۆپەکان گفتوگۆ لە بارەی وەڵامە ڕاستەکان لەگەڵ مامۆستا دەگەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی قوتابییان لە ڕووی عەقلی و کۆمەلایەتی و کەسایەتیدا پێشبکەون و گەشەببێنن، هەڵبەتە ئەم دانوستاندن و گفتوگۆکردنەش وا دەکات قوتابییان باش لە ناوەڕۆکی بابەتەکە بگەن و چاکتر لە خانەکانی مێشکدا هەلیبگرن، سەربارى ئەوەی کە گفتوگۆکردن و بیر و هزر دەربڕین، لە کەشێکی ئازاد و سەربەست و بێ ڕەخنەی ڕوخێنەر و تێکدەرانە دەبێت و ڕێز لە بۆچوونی یەکتر دەگیرێ. بەمەش قوتابییان چیژ لە فێربوون وەردەگرن و ئامانجە دانراوە خوازراوەکانیش لە ئاستی پێویستدا وەدەستدەهێنرێن (بدير، ٢٠٠٨، ص٨٩).

**قۆناغی چوارم:** هەڵسەنگاندن:

هەرچەندە، لە بنەڕەتدا، ئەم ستراتیجیەتەدا بەم سێ قۆناغدا تێدەپەڕێت، بەڵام توێژەر وا بەپێویست دەزانێ قۆناغی (هەڵسەنگاندن)یشی بخرێتە سەریان، چونکە پرۆسەی هەلسەنگاندن پرۆسەیەکی تەواوکەرو ڕەگەزێکی پرۆسەی فێرکردن و فێربوونە. هەڵبەتە لە قۆناغەش دا قوتابییانی گروپەکان لە نێوان خۆیان و لەگەڵ مامۆستادا وەلامەکان هەڵدەسەنگێنن و باشتریان هەڵدەبژێرن.

## هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ستراتیجییەتی مێزگرد:

جێبەجێکردنی ستراتیجییەتی مێزگرد، بەم هەنگاوانەدا تێدەپەڕێت:-

١. مامۆستا قوتابییان دابەشدەکاتە سەر گروپی بچووك بچووکی ئاست جودا جودا.

٢. داوا دەکات هەر گروپێك کاغەزێك یان زیاتریان هەبێ، لەگەڵ پێنووسێکدا.

٣. مامۆستا، قوتابییان بەهەنگاوەکانی ستراتیجییەتی مێزگرد، باش تێدەگەیەنێت.

٤. مامۆستا پرسیار یان پرسیاران ئاڕاستەی قوتابییانی گروپەکان دەکات کە باشترە هەر پرسیارێ زۆر وەڵام بگرێتە خۆیەوە.

٥. مامۆستا داوا لە قوتابییانی گروپەکان دەکات، یەکە یەکە وەڵام بنووسن و هەریەکەیان هزری خۆی لە بارەی پرسیارەکەوە بنووسێت تا هەموویان تەواو دەبن. (الشمري، ٢٠١١،ص ٧٩)

٦. قوتابییانی گروپەکان لە نێوان خۆیاندا گفتوگۆی ئازادانەی دوور لە ڕەخنەگرتن دەکەن و مێشك هەژاندن و هەرەوەزی و هاوکاری یەکتری ڕەچاو دەکەن.

٧. دەستکردن بە هەلسەنگاندنی بیروهزرەکانی نووسراوی گروپەکان، لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ مامۆستادا، تا دەگەنە وەڵامی ڕاست بۆ هەرپرسیارێك (امبوسعيدي والحسونية، ٢٠١٦، ص٢٤٩).

## ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیجییەتی مێزگردادا:-

مامۆستا ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە سەرخستنی فێرکردن و وانەوتنەوە بەم ستراتیجیەتە کە پێویستە خاوەن زانیاری و شارەزا بێت و شیانی پیشەیی بەئاستی پێویست هەبێت، لەبەر ئەمە، پێویستە:-

١. ئامانجەکان دابڕێژێت و ئەنجامەکانی فێربوون پێشبینی بکات.

٢. پێشوەخت پرسیارەکان ئامادە بکات و کارنامە و ئەرک و کاتی پێویست دیار بکات. (الخفاف، ٢٠١٣، ص ١٠٤).

٣. هۆڵی خوێندن بەگوێرەی ژمارەی قوتابییان ڕێکبخات.

٤. قوتابییان دابەشبکاتە سەر گروپان (سێ قوتابی بن یا زیاتر) بە پێی قەبارەی هۆڵ و ژمارەی قوتابییانی پۆل (محاسنة والعازمي، ٢٠١٣، ص٦).

٥.دیارکردنی بڕیاردەری گروپ.

٦. ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی جێبەجێکردنی وانە و ئەرکەکانی فێرخواز و قوتابییان.

٧. ئامادەکردنی لاپەڕەی تێبینی کە ناوی گروپەکان و پێوەر و پێودانگەکانی تێبینی (وەك پاراستنی هێمنانی، گفتوگۆکردن بە دەنگی نزم، دانوستاندنی گرینگ و کارا و مەبەستدار، وەڵامی ڕاست و، ...... هتد) بەخۆیەوە دەگرێت. (محاسنة والعازمي، ٢٠١٣، ص٦).

٨. دەستخۆشیکردنی قوتابییان و پێشکەشکردنی فیدباك، بەزارەکی یان نازارەکی.

٩. پەرەپێدانی گیانی پرسیارکردن لەلای قوتابییان و بەندنەبوونی تەواو بە ناوەرۆکی پەرتووك و بەکارهێنانی هۆ و ئامرازی هەمەجۆری فێرکردن. (زاير وعايز، ٢٠١١، ص ٢٢٢).

١٠. بیرخستنی قوتابییان بە ڕێکارەکانی فێربوونی هەرەوەزی و پابەندبوون بەچاپوکیەکانی کۆمەلایەتی و تێکەڵبوون و هاوکاری ئەرێنی.

١١. هاندانی قوتابییان کە کارا و چالاکانە بەشداری وەڵامدانەوە و گفتگوگۆکان بکەن. (الخفاف،٢٠١٣، ص ١٠٤).

١٢. ئافەرین و دەستخۆشکردن لەو قوتابییانەی وەڵامی پرسیار بە ڕاستی دەدەنەوە.

١٣. ڕەچاوکردنی جیاوازیی تاکی نێون قوتابییان لە پرسیار و وەڵام و گفتوگۆکاندا. (الحيلة،١٩٩٩، ص ٢٥٦).

١٤. ئاگادار بێت قوتابییێك پشت بە بیر و هزری قوتابییێکی تر نەبەستێت.

١٥. کۆنترۆلی کات و دابەشکردنی کاتی گونجاو بۆ کارنامە و چالاکییەکان بکات (داني،٢٠٢٠،ص٢٠)

## ڕۆڵی قوتابی لە ستراتجییەتی میزگرددا:

لە کاتی ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی قۆناغ و هەنگاوەکانی وانەوتنەوەو فێرکردن بەم ستراتیجییەتە، قوتابی ڕۆڵی گرنیگ دەنوێنێ و لە سەریەتی: -

١. وەڵامی ئەو پرسیارەی ئاراستەی دەکرێت، بداتەوە.

٢. بەشداری ئەندامانی گروپەکەی بکات لە وەڵامدانەوەی ڕاستی پرسیارەکان.(اللهيبي، ٢٠١٩،ص ١٩)

٣. بەشداربوون لە گەڵ هاورێکانی لە بیرهزر وهەست داو بۆچوونی بەرامبەر وەرگرێ و ڕەخنەی تێکدەرانەی لێ نەگرێت و ڕێزی بگرێت.

٤. هزر و بۆچوونی خۆی بەڕوونی و دیار دەرببڕێت و بەو شێوازە بێت کە هەموو قوتابییانی گروپەکەی تێیبگەن.

٥. زانیاری و شارەزاییەکانی پێشووی کارا و چالاك بکات و بەزانیاری و هەلوێستەکانی نوێی فێرکردن ببەستێتەوە. (زایر وعایز، ٢٠١٤، ص ٢٢٤)

٦. باش بیر لە وەڵامی ئەو پرسیارانە بکاتەوە کە ئاڕاستەی دەکرێن.

٧. شیانی خۆی بخاتەگەڕ بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین و باشترین زانیاری.

٨. هەردەم کاراو چالاك و تەوەری خوێندن و فێربوون و ئەرێنی بێت. (العزاوي، ٢٠١٤، ص٢٧)

# بەشی دووەم
# توێژینەوەکانی پێشوو

أ. توێژینەوەی پەیوەندار بەستراتیجییەتی مێزگرد:

١. توێژینەوەی (محاسنة والعازمي، ٢٠١٣)

٢. توێژینەوەی (محمود، ٢٠١٥)

٣. توێژینەوەی (جابر، ٢٠١٨)

٤. توێژینەوەی (اللهيبي، ٢٠١٩)

٥. توێژینەوەی (احمد، ٢٠٢٠)

٦. توێژینەوەی (داني، ٢٠٢٠)

ب. توێژینەوەی پەیوەندار بە ڕێزمانی کوردی:-

١. توێژینەوەی (نبي، ١٩٩٥)

٢. توێژینەوەی (العادلي، ٢٠٠٥)

٣. توێژینەوەی (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨)

٤. توێژنەوەی (سلێمان، ٢٠٠٨)

٥. توێژینەوەی (نبي والخالد، ٢٠١٧)

٦. توێژینەوەی (ئەحمەد، ٢٠٢١)

## أ. تویژینەوەی پەیوەندار بەستراتیجییەتی مێزگرد:

### ١. توێژینەوەی (محاسنة والعازمي، ٢٠١٣)

ئەم توێژینەوەیە لە وڵاتی ئوردن ئەنجام دراوەو ئامانجی زانینی کاریگەریی ستراتیجییەتی مێزگرد بوو لەسەر دەستکەوتی قوتابییانی پۆلی دەیەمی بنەڕەتی لە بابەتی پەروەردەی ئیسلامیدا.

توێژەران پشتیان بە ڕێبازی نیمچە ئەزموونی دوو گروپ بەست، گروپی ئەزموونگەری و گروپی کۆنترۆڵکار.

بەمەبەست قوتابخانەی (عێن غەزال)ی دواناوەندییان هەڵبژارد و لەمیشەوە بەشێوازی هەڕەمەکی دوو هۆبەیان هەڵبژارد و بەهەمان شێواز دابەشیان کردنە سەر دوو گروپ، ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکار کەژمارەی هەریەکەیان (٣٥) قوتابی بوون و هاوسەنگییان لەنێوانیاندا، لە چەند گۆڕاوێکی پەیوەنداردا کرد.

بۆ زانینی ئاستی کاریگەریی ستراتیجییەتی مێزگرد لەسەر دەستکەوتی قوتابییان لە بابەتی پەروەردەی ئیسلامیدا، توێژەر تاقیکردنەوەیەکی (٢٥) بەندی لە جۆری هەڵبژاردن و گوتاریی ئامادەکرد و ڕاست و دروستی و نەگۆڕی بۆ دەرهێنا.

ئەزموون دوو حەفتەی خایاند، دوای تەواوبوونی و دەرهێنانی داتاکان و سەرەدەریکردن لەگەڵیاندا بە تاقیکردنەوەی (T-test)، ئەنجام ئەوەی دیارکرد کە بەکارهێنانی ئەم ستراتیجییەتە لە وتنەوەی بابەتی پەروەردەی ئیسلامیدا، کاراو و کاریگەرە لە بەرزکردنەوەی دەستکەوتی قوتابییان لەم بابەتەدا. (محاسنة والعازمي، ٢٠١٣ص٧٠-٩٨)

## ٢. توێژینەوەی (محمود، ٢٠١٥)

ئەم توێژینەوە لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی دیالا لە عێراقدا ئەنجام دراوە و مەبەستی زانینی کاریگەریی ستراتیجییەتی مێزگرد بوو لەسەر دەستکەوتی قوتابییانی چوارەمی سەرەتای لە تێگەیشتن لە خوێندنەوەدا.

توێژەر پشتی بە دیزایینی گروپی کۆنترۆڵکار بە تاقیکردنەوەی پاشینە بەست، بەشێوازی هەڕەمەکی دوو هۆبەی لە قوتابخانەیەکی سەرەتایی هەڵبژارد و بەهەمان شێواز دابەشیکردنە سەر گروپی ئەزموونگەری و گروپی کۆنترۆڵکار کە ژمارەیان (٣٥) و (٣٥) قوتابی بوون و هاوسەنگی لەنێوان قوتابییانی هەردوو گروپەکە کرد لە (تەمەن کاتی و ئاستی خوێندنی دایك و باوك و نمرەی پێشووی قوتابییان لە بابەتدا).

ئەزموون (١٣) حەفتەی خایاند، دوای تەواوکردنی، داتاکانی دەرهێنان و بە تاقیکردنەوەی (T-test) سەرەدەری ئاماریی لەگەڵدا کرد و ئەنجامەکەشی ئەوەی دیارکرد کە ستراتیجییەتی مێزگرد کاریگەرییێکی بەرچاوی هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابییانی پۆلی چوارەمی سەرەتایی لە تێگەیشتن لە بابەتی خوێندنەوەدا (محمود، ٢٠١٥، ص ص ٧-٤٠)

## ٣. توێژینەوەی (جابر، ٢٠١٨)

ئامانجی ئەم توێژینەوەیەی لە زانکۆی بەغدا ئەنجام دراوە، زانینی کاریگەریی ستراتیجییەتی مێزگرد بوو لە سەر دەستکەوتی قوتابییانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی وێژەی لە بابەتی ڕێزمانی عەرەبیدا.

بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش، توێژەر گریمانەیەکی چنەیی (سفری) دارێشت. توێژەر پشتی بەدیزایینی ئەزمونگەریی نیمچە کۆنترۆڵکار بەست، کە دوو گروپ دەگرێتەخۆیەوە، گروپی ئەزموونگەری و گروپی کۆنترۆڵکار.

توێژەر بەهەڕەمەكی ئامادەیی (ئیبن بەیطار)ی گوڕانی هەلبژادو بەهەمان شێوەش دوو هۆبەی هەڵبژارد و دابەشیكردنە سەر هەردوو گروپی ئەزموونگەری و كۆنترۆڵكار كە ژمارەی هەر یەكەیان (٣٠) قوتابی بوون و هاوسەنگی لە نێوانیاندا لە گۆڕاوەكانی (تەمەن و زیرەكی، نمرەی سالی پار، ئاستی دایك و باوك، شارەزایی پێشوو لە بابەتدا) كرد.

توێژەر پێویستییەكانی توێژینەوەی ئامادەكرد، بەگوێرەی نەخشەی تاقیكردنەوەش، تاقیكردنەویەكی دەستكەوتی (٤٣) بەندی جۆری هەڵبژاردن و تێكبەستنەوەی ئامادەكرد، ڕاست و دروستی و ئاستی بەزەحمەتی و هێزی جیاكەرەوەی بەندەكان و نەگۆڕی دەرهێنا.

دوای تەواوكردنی ئەزموون كە وەرزێكی تەواوی خوێندن بەردەوام بوو، داتاكانی دەرهێنان وبە تاقیكردنەوەی (T-test) بۆ دوو سامپڵی سەربەخۆ سەرەدەری لەگەڵیاندا كرد، ئەنجام دەریخست كە بەكارهێنانی ستراتیجییەتی مێزگرد لە وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی عەرەبی بۆ قوتابییانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی وێژەیی كارایەوەو ئاستی دەستكەوتی قوتابییان بەرز دەكات بە هاوسەنگی و بەراورد لەگەڵ قوتابییانی گروپی كۆنترۆڵكار. (جابر، ٢٠١٨، ص ص ١٤-٩١).

## ٤. توێژینەوەی (اللهيبي، ٢٠١٩)

ئەم توێژینەوەیە لە كۆلێژی پەروەردەی زانكۆی موسڵ ئەنجام دراو ئامانجی زانینی كاریگەریی ستراتیجییەتی مێزگرد بوو لەسەر وەرگرتنی تێگەهی مێژوویی و گەشەسەندنی زیرەكی ویژدانی لەلای قوتابییانی پۆلی دووەمی ناوەنجی.

بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەكانیش، توێژەر چوار گریمانەی چنەیی (سفری)ی دارێشت، توێژەر پشتی بە دیزایینی ئەزموونی گروپانی هاوسەنگ بەست، یەكێكیان ئەزموونگەری و ئەوەی تریان كۆنترۆڵكار.

بەمەبەست دوو قوتابخانەی هەڵبژارد و بەهەڕەمەكیش لە هەریەكێكیان هۆبەیەكی هەڵبژارد، ژمارەی قوتابییانی گروپی ئەزموونگەری و كۆنترۆڵكار (١٢) و (١٤) قوتابی بوون و هاوسەنگی لە نێوانیاندا لە (تەمەن و ئاستی دایك و باوك و نمرەی بابەتی لە ساڵی ڕابوردوودا، زیرەكی، زانیاری پێشوو) كرد.

توێژەر تاقیکردنەوەیەکی (٢٣) بەندی جۆری هەڵبژاردنی ئامادەکرد و ڕاســت و دوســتی وئاســانی و بەزەحمەتی و هێزی جیاکەرەوەی بەندەکان و نەگۆڕی بۆ دەرهێنا.

هەروەها پێوەرێکی بۆ پێوانی زیرەکی ویژدانی ئـامـادەکرد، کە (٤٠) بڕگە بوو و خەســـــلەتەکـانی سایکۆمەتری بۆ دەرهێنان.

ئەزموون، وەرزێکی تەواوی خوێندن بەردەوام بوو، پاش ئەوەی توێژەر داتای دەرهێناو ســــەرەدەری ئاماری بە تاقیکردنەوەی (T-test)ی لەگەڵدا کرد، ئەنجامەکان دیاریان کرد کە ســـــتراتیجیەتی مێزگرد کاریگەر و کارایە لە دەستکەوت و گەشـەپێدانی و یژدانی قوتابییان بەهاوسـەنگی و بەراوردکردن لەگەڵ کاریگەریی ڕێگای ئاساییدا (اللهیبي، ٢٠١٩، ص ص ٦٧-٧٩)

## ٥. توێژینەوەی (احمد، ٢٠٢٠):

ئامانجی ئەم توێژینەوەیەی لەکۆلێژی پەروەردەی (ئیبن ڕوشـد)ی سەربە زانکۆی بەغدا ئەنجامدراوە، زانینی کاریگەریی هەردوو ستراتیجییەتی (کاغەزی یەك خولەك)ی و (مێزگرد) بوو لەسەر دەستکەوت لە ڕێزمانی کوردیدا لە لای قوتابییانی پۆلی چوارەمی بەشـــی زمانی کوردی ئەوانەی زمانی دایکیان زمانی کوردی نییە.

توێژەر دیزایینی گروپە هاوسـەنگەکانی بەکارهێنا، دووگروپی ئەزموونگەری و یەکێکی کۆنترۆڵکار و بەشێوازی هەڕەمەکی سێ هۆبەی پۆلی چوارمی دابەشکردنە سەر سێ گرۆپەکان، ژمارەی هەریەکەیان (٣٣) قوتابی بوون.

هاوسەنگی لە نێوان گرۆپەکان لە (تەمەن و زیرەکی)ئەنجام دا.

توێژەر تاقیکردنەوەیەکی (٤٠)بەندی جۆری هەڵبژاران و تەواوکردنی ئامادەکرد و ڕاست و دروستی و بەزەحمەتی و هێزی جیاکەرەوەی بەندەکان و نەگۆڕی بۆ دەرهێنا.

دوای تەواوکردنی ئەزموون، کە وەرزێکی تەواوی خوێنـدنی خـایاند، داتاکانی دەرهێناو ســــەرەدەری ئاماری بە (شـیکردنەوەی جوداکاریی یەکلایی) لەگەڵدا کرد و ئەنجامی تایبەت بە سـتراتیجیەتی مێزگرد ئەوەی دیـارکرد کە بەکـارهێنانی ئەم ســـــتراتیجیەتە لە وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی کوردی بۆ قوتابییانی

پۆلی چوارەمی بەشـــی زمانی کوردی لەوانەی زمانی دایکیان زمانی کوردی نییە، کارایە و کاریگەرییێکی بەرچاوی هەیە لە بەرزکردنەوەی دەستکەوت لە بابەتەکەدا (احمد، ٢٠٢٠، ص ص ١٧٣-١٩١)

### ٦. توێژینەوەی (داني، ٢٠٢٠)

ئەم توێژینەوەیە لە کۆلێژی زانســـتەکانی پەروەردە و فێرکردنی زانکۆی ئیسـلامی لە (سـوّمەترای باکور) لە ولاتی ئەندەنوسـيا ئەنجام دراوە مەبەسـتی زانینی کاریگەریی ستراتیجییەتی مێزگرد بوو لە سەر باشکردنی چاپووکی ئاخاوتن لە زمانی عەرەبیدا لە لای قوتابییانی پۆلی دوازدەهەم لە قوتابخانەی دواناوەندیی پیشـەیی (تریتیجی باینخکارای مەیدان).

توێژەر ڕێبـازی ئەزموونی بەکـارهێنـا، دیزایینی ڕێکـاری دووگرووپی هەڵبژارد، کە بەهەڕەمەکی لە نێو چوار هۆبەکەی قوتـابخـانەکە هەڵیبـژاردبوون و ژمـارەیـان (٢٤) قوتـابی بوون، هەریەکەیان (١٢) قوتابی.

هاوسـەنگی لە نێوان قوتابییانی گرووپەکان کرد، وەکی (ئاسـتی خوێندنی دایك و باوك، زیرەکی، تەمەن، نمرەی ساڵی رابوردووی بابەت، زانیاری پێشوو)

ئەزموون وەرزی دووەمی خوێندنی خایاند، دوای کۆتایی هاتنیشـی، تاقیکردنەوەی بە نووسـین و زارەکی بەسـەردا جێبەجێکردن، داتاکانی بە ڕێژەی سـەدی هەژمارکردن، ئەنجامەکان دیاریان کرد کە ڕێژەی چاپووکییە لقەکانی ئاخاوتن لە لای ئەو قوتابییانە بەرزترو دروسـتتر بوون کە بەگوێرەی سـتراتیجییەتی مێزگرد بابەتیان وەرگرتبوو (داني، ٢٠٢٠، ص ص ٨-٩٤)

## ب. توێژینەوەی پەیوەندار بە ڕێزمانی کوردی: -

لە بەر ئەوەی توێژەر هیچ توێژینەوەیەکی لە بـارەی کـاریگەریی مێزگرد لەسـەر دەسکەوتی قوتابییان لە بابەتی زمان یان ڕێزمانی کوردیدا بەدەست نەکەوت و ئەم بابەتەش

گرینگە توێژینەوە لە بارەیەوە هەبێ و بکرێ، لەبەر ئەمە توێژەر بە باشی زانی هەندێ لەو توێژینەوانەی لە بارەی دەستکەوتی قوتابییان لە ڕێزمانی کوردیدا نمایشبکات وبەم جۆرەی خوارەوە.

### ١- توێژینەوەی (نبي، ١٩٩٥)

ئەم توێژینەوەیە لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕۆشدی زانکۆی بەغداد ئەنجام دراوە و ئامانجەکەی زانینی کاریگەریی شێوازی هەڵوێستەکانی فێرکاری بوو لەسەر دەستکەوتی قوتابییان لە بابەتی ڕێزمانی کوردی و ئارەزوویان بۆ فێربوونی.

توێژەر پشتی بە دیزایینی ئەزموونی هاوسەنگی دووگروپی بەست، گروپی ئەزموونگەری و گروپی کۆنترۆڵکار، بۆ ئەم مەبەستەش قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە مەخمووری سەر بەپەروەردەی هەولێری هەڵبژارد و بەهەڕەمەکی دوو هۆبەی هەڵبژارد و بەهەمان شێواز دابەشیکردنە سەر دوو گروپ، گروپی ئەزمونگەری و گروپی کۆنترۆڵکار کە ژمارەیان (٣٤) و (٣٥) قوتابی بوون و لەگۆڕاوەکانی (تەمەن و ئاستی دایك و باوك و نمرەی ساڵی پێشووی بابەت وشارەزایی پێشوو)هاوسەنگی کردن.

توێژەر تاقیکردنەوەیەکی دەستکەوتی لە ڕێزمانی کوردی ئامادەکرد کە (٣٥) بەندبوون، هەروەها پێوەرێك بۆ پێوانی ئارەزووی فێربوون و خەسڵەتەکانی سایکۆمەتری بۆ هەردووکیانی دەرهێنا.

دوای تەواوبوونی ئەزموون کە وەرزێکی تەواوی خوێندنی خایاند، توێژەر داتاکانی دەرهێنان و بە تاقیکردنەوەی (T-test) سەرەدەری ئاماری لەگەڵدا کردن، ئەنجامەکان دیاریان خست کە ئەم شێوازی فێرکردنی ڕێزمانی کوردی بۆ قوتابییانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی، کاراو کاریگەرە بۆ ئاست بەرزکردنەوە لە ڕێزمانی و گەشەپێدانی ئارەزوو بۆ فێربوون و خوێندن و خوێندنی ڕێزمان (نبي، ١٩٩٥، ص ٣-٩٣).

## ٢. توێژینەوە (العادلي، ٢٠٠٥):

مەبەســتی ئەم توێژینەوەیە کە لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕۆشــدی زانکۆی بەغداد ئەنجام دراوە، زانینی کایگەری شـێوازی فێربوونی هەرەوەزی بوو لەســەر ئاســت و بیرمانی قوتابییانی پۆلی چوارەمی گشتی لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا.

توێژەر پشـتی بە دیزایینی گروپە هاوســەنگەکان بەسـت، گروپی ئەزمونگەری و گروپی کۆنترۆڵکار.

توێژەر بە مەبەســـت دواناوەنـدییێکی هەڵبژارد و بەشـــیوازی هەڕەمەکی دوو هۆبەی هەڵبژارد و بە هەمان شـێواز دابەشـیکردنە سـەر گروپی ئەزموونگەری و گروپی کۆنترۆڵکار کە ژمارەیان (٢٥) و (٢٥) قوتابی بوون و هاوسەنگی لە نێوانیاندا لە (تەمەن و زیرەکی ئاستی خوێندنی دایك و باوك و وزانیاری پێشوو)دا کرد.

توێژەر تاقیکردنەوەیەکی ئامادەکرد کە (١٠٠) بەندبوون و (٧٠) بەندیان بەنووسین و (٣٠) بەندیان بەزارەکی بوو و خەسلەتەکانی سایکۆمەتری بۆ دەرهێنا.

ئەزموون (١١) حەفتەی خایاند، دوای تەواوبوونی و دەرهێنانی داتاکان و ســەرەدەیکردنی ئـامـاری بە تاقیکردنەوی (T-test) لە گەڵیاندا، ئەنجامەکان دیانخســـت کە ئەم شـــێوازی فێربوونی هەرەوەزی کـاریگەرێکی بەرچـاوی هەیە لە زێـدەکردنی دەســـتکەوتی قوتـابییـان لەبابەتی ڕێزمانی کوردی لە ڕادەی بیرماندا (العادلي، ٢٠٠٥، ص ص ١٩-١٣٨)

## ٣. توێژینەوەی (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨)

ئەم توێژینەوەیە لە زانکۆی کۆیە لە پارێزگای هەولێری هەرێمی کوردســــتانی عیراق ئەنجام دراوە و ئـامـانجی زانینی کاریگەریی بەرنامەیەك بوو بۆ فێرکردنی ڕێزمانی کوردی بە پێی نەخشــەی چەمکەکان لەســەر دەســتکەوتی خوێندنی خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی دا.

توێژەر دیزایینی گروپی هاوســـەنگی بەکارهێنا، دوو گروپ، گروپی ئەزموونگەری و گروپی کۆنترۆڵکار.

توێژەر بەمەبەست قوتابخانەیەکی ئامادەیی هەڵبژارد و بە هەڕەمەکیش دوو هۆبەی لێ هەڵبژارد و بەهەمان شێوازیش دابەشی سەر گروپی ئەزموونکار و گروپی کۆنترۆڵکار کرد، کە ژمارەیان (٤٢) و (٣٧) قوتابی بوون. هاوســـەنگی لە نێوان قوتابییانی گروپەکان لە چەند گۆڕاوێکی پەیوەندداردا کرد.

توێژەر بۆ پێوانی دەستکەوت، تاقیکردنەوەیەکی (٣٥) بەندی ئامادە کردو خەسڵەتەکانی سایکۆمەتری بۆ دەرهێنا.

ئەزموون (٩) حەفتەی خایاند و لە کۆتایید ا توێژەر تاقیکردنەوەی دەستکەوتی بەسەر قوتابییاندا پراکتیزەکرد و داتای دەرهێنان و بە تاقیکردنەوەی (T-test) ســـەرەدەری ئاماری لەگەڵد ا کرد، ئەنجامەکان دیانکرد کە بەکارهێنانی بەرنامەی دارێژراو بەگوێرەی نەخشـــەی چەمکەکان، کاریگەرە لە زێدەکردنی ئاستی قوتابییانی سامپڵی توێژینەوە لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا (عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ل ل ٧- ٦٥)

### ٤. توێژنەوەی (سلێمان، ٢٠٠٨)

ئەم توێژینەوەیە لە زانکۆی دهۆك لە هەرێمی کوردســـــتانی عیراق ئەنجام دراوەو ئامانجی زانینی کاریگەریی فێربوونی هەرەوزی و نەخشـــەی چەمکەکان بوو لەســـەر دەســـتکەوتی قوتابییانی پۆلی یەکەمی ناوەنجی لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا و ڕوکاریان بەرامبەریەوە.

توێژەر دیزایینی گروپی هاوســـەنگی هەڵبژارد، ســـێ گروپ، دووان ئەزموونگەری و سێیەمیان کۆنترۆڵکار.

توێژەر بە مەبەست قوتابخانەیەکی ناوەنجی هەڵبژارد و بەشێوازی هەڕەمەکیش سێ هۆبەی هەڵبژارد و بەهەمان شێواز دابەشیکردنە سەر سێ گروپ، ئەزمونگەری یەکەم و

ئەزمونگەری دووەم و کۆنترۆڵکار و ژمارەیان (٢٨) و (٢٥) و (٢٠) قوتابی بوون، هاوسەنگی لە نێوان قوتابییانی هەرسێ گروپەکە لە چەند گۆڕاوێکی پەیوەندداردا کرد.

توێژەر تاقیکردنەوەیەکی ئامادەکرد کە (٣٢) بەند بوون، جۆری هەڵبژاردن و بۆشایی و تێکبەستنەوە و وەڵامی سنوردار و دروستی و زەحمەتی و هێزی جیاکەرەوەی بەندەکان و نەگۆڕیی بۆ دەرهێنا، هەمان ڕێگاش بۆ پێوەی ڕووکار کە (٣٤) برگە بوو.

دوای تەواو بوونی ئەزموون کە وەرزێکی خوێندنی خایاند و دەرهێنانی داتاکان و سەرەدەریکردنی ئاماری بە تاقیکردنەوەی (ANOVA) ئەنجامەکان دیاریان کرد کە شێوازی هەرەوەرزی و نەخشەی چەمکەکان کارا و کاریگەرن لەبەرزکردنەوەی ئاستی قوتابییان لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا و گەشەپێدانی رووکاریان بەرامبەر خوێندنی ڕێزمانەوە (سلیمان ٢٠٠٨ن، ل ل ١١- ١٣٢)

## ٥. توێژینەوەی (نبي والخالد، ٢٠١٧)

ئامانجی ئەم توێژینەوەی لە هەرێمی کوردستانی عیراق ئەنجامدراوە، زانینی کاریگەریی ستراتیجییەتی (Hill – Climbing) بوو لە سەر دەستکەوتی قوتابییانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا ئەوانەی کە زمانی دایکیان زمانی کوردی نییە.

توێژەران پشتیان بەدیزایینی گروپی هاوسەنگ بەست، بە دوو گروپ، گروپی ئەزموونکەری و گروپی کۆنترۆڵکار کە ژمارەی قوتابییان (٢٨) و (٢٤) قوتابی بوون و هاوسەنگیان لە نێوانیاندا لە چەند گۆڕاوێکی پەیوەندداردا کرد.

بۆ مەبەستی زانینی دەستکەوتی قوتابییان لە بابەتی ڕێزماندا، توێژەران تاقیکردنەوەیەکی (٣٠) بەندی جۆری هەڵبژاردنیان ئامادەکرد، خەسلەتەکانی سایکۆمەتریان بۆ دەرهێنا.

ئەزموون وەرزێکی تەواوی خایاندو دوای پراکتیزەکردنی ئالآف و سەرەدەریکردنی ئاماری بە تاقیکردنەوەی (T-test)، ئەنجامەکان دیاریانکرد کە ستراتیجییەتی ( Hill – Climbing) ئاستی دەستکەوتی قوتابییان لە بابەتی ڕێزماندا بەرزدەکاتەوە بەبەراوردکردنی لەگەڵ ڕیگای ئاسایی وتنەوەی هەمان بابەتی دا (نبي، والخالد، ٢٠١٧، ص ص ١٦٧-١٧٢)

## ٦. توێژینەوەی (ئەحمەد، ٢٠٢١):

ئەم توێژینەوەیە لە زانکۆی دهۆك لە هەرێمی کوردستانی عیراق ئەنجام دراوەو ئامانجی زانینی پێکەوە بەکارهێنانی هەردوو ستراتیجییەتی (Hill-Climbing) و (Concept maps) لەسەر وەرگرتنی چەمکەکانی ڕێزمانی کوردی و گەشەکردنی پاڵدەری عەقڵی لە لای قوتابییانی پۆلی دەیەمی ئامادەییدا.

توێژەر دیزایینی ئەزموونگەری گروپی هاوسەنگی هەڵبژارد. بەمەبەست قوتابخانەیەکی ئامادەیی کچان هەڵبژارد و بەشێوازی هەڕەمەکی دوو هۆبەی لێ هەڵبژاردن و بەهەمان شێوازیش دابەشیکردنە سەر گروپی ئەزموونگەری و گروپی کۆنترۆڵکار کە ژمارەیان (٢٢) و (٢٣) قوتابی بوون.

هاوسەنگی نێوان قوتابییانی دوو گروپەکەی لە تەمەن و زیرەکی و ئاستی دایك وباوکان وپالدەری عەقڵی و زانیاری پێشوودا کرد.

توێژەر تاقیکردنەوەیەکی بۆ پێوانی ئاستی دەستکەوتی وەرگرتنی چەمکەکانی ڕێزمانی کوردی ئامادەکرد کە (٢٢) بەند بوو، بۆ هەر چەمکێك (٣) بەند بوون. دروستی و ئاستی زەحمەتی بەندەکان و هێزی جیاکەرەوەو نەگۆڕی بۆ تاقیکردنەوە دەرهێنا.

هەروەها پێوەرێکی (٤٧) برگەییشی ئامادەکرد بۆ پێوانی پاڵدەری عەقڵی و خەسلەتی سایکۆمەتریشی بۆ دەرهێنا.

ئەزموون وەرزێکی خوێندنی خایاند، لە کۆتایی ئەزموونەدا، توێژەر تاقیکردنەوە و پێوەرەکەی بەسەر قوتابییان پراکتیزەکرد و داتای دەرهێنان و سەرەدەری ئاماری بەتاقیکردنەوەی (T-test) ی لەگەڵدا کرد و ئەنجامەکانیش ئەوەیان دیارکرد کە بەکارهێنانی پێکەوەی هەردوو ستراتیجەتەکە کارا و کارتێکەر بوون لەسەر وەرگرتنی چەمکەکانی ڕێزمانی کوردی و گەشەسەندنی پالدەری عەقلی لای قوتابییان. (ئەحمەد، ٢٠٢١، ل ل ١٩-١٧٠)

## سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو

توێژەر لە زۆر لاوە سوودی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرت ، بەتایبەتی لە: -

- داڕێشتنی ئاریشە و ئامانج و گریمانەی توێژینەوە و گرینگی و زەمینەی تیووری لە هەندێ لە توێژینەوەکاندا.
- هەندێ لەو ڕێکارانەی لەگەڵ سروشتی توێژینەوە دەگونجن.
- هەڵبژاردنی ئاماری گونجاو بۆ سەرەدەریکردن لەگەڵ داتاکانی توێژینەوەدا.
- شیکردنەوەی ئەنجامی توێژینەوەو بەراورد و هاوسەنگیکردنی لەگەڵ ئەنجامەکانی هەندێ توێژینەوە.
- هەندێ لەو سەرچاوانەی پەیوەندییان بە توێژینەوە هەیە.

## خشتەی ژمارە (١)

## هێما دەربارەی توێژینەوەکانی پێشوو

**أ. توێژینەوەی پەیوەندار بەستراتیجییەتی مێزگرد:**

| ژ | ناوی توێژەر و ساڵی توێژینەوە | ئامانجی توێژینەوە | قۆناغی خوێندن | ژمارە و ڕەگەزی سامپڵ | شوێنی جێبەجێکردنی توێژینەوە | ئاماری بەکارهاتوو | ئەنجامەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | محاسنة والعازمي (٢٠١٣) | زانینی کاریگەری ستراتیجییەتی مێزگرد لەسەر دەستکەوتی قوتابییانی پۆلی دەیەمی بنەرەتی لە بابەتی پەروەردەی ئیسلامیدا | پۆلی دەیەمی بنەڕەتی | (٧٠) قوتابی، (٣٥) بۆ گروپی ئەزموونگەری (٣٥) قوتابی بۆ گروپی کۆنترۆڵکار | ئوردن | تاقیکردنەوەی (T-test) | بەکارهێنانی ئەم ستراتیجییەتە لە وتنەوەی بابەتی پەروەردەی ئیسلامیدا کارا و کاریگەرە لە بەرزکردنەوەی دەستکەوتی قوتابییان لەم بابەتەدا. |
| ٢ | محمود (٢٠١٥) | زانینی کاریگەری ستراتیجییەتی مێزگرد لەسەر دەستکەوتی قوتابییانی پۆلی چوارەمی سەرەتایی لە تێگەیشتن لە خوێندنەوەدا | پۆلی چوارەمی سەرەتایی | (٧٠) قوتابی، (٣٥) گروپی ئەزموونگەری (٣٥) قوتابی بۆ گروپی کۆنترۆڵکار | عێراق | تاقیکردنەوەی (T-test) | ستراتیجییەتی مێزگرد کاریگەرە لە بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابییانی پۆلی چوارەمی سەرەتایی لە تێگەیشتن لە بابەتی خوێندنەوەدا |

| ژ | ناوی توێژەر و ساڵی توێژینەوە | ئامانجی توێژینەوە | قۆناغی خوێندن | ژمارە و ڕەگەزی سامپڵ | شوێنی جێبەجێکردنی توێژینەوە | ئاماری بەکارهاتوو | ئەنجامەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | جابر (٢٠١٨) | زانینی کاریگەری ستراتیجییەتی مێزگرد لەسەر دەستکەوتی قوتابییانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی وێژەیی لە بابەتی ڕێزمانی عەرەبییدا . | پۆلی چوارەمی ئامادەیی وێژەیی | (٦٠) قوتابی، (٣٠) قوتابی بۆ گرووپی ئەزموونگەری (٣٠) قوتابی بۆ گرووپی کۆنترۆڵکار | عێراق | تاقیکردنەوەی (T-test) | بەکارهێنانی ستراتیجییەتی مێزگرد لە وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی عەرەبی کارایە و ئاستی دەستکەوتی قوتابییان بەرز دەکات |
| ٤ | االلهیبي (٢٠١٩) | زانینی کاریگەری ستراتیجییەتی مێزگرد لەسەر وەرگرتنی تێگەهی فێربوونی و گەشەسەندنی زیرەکی ویجدانی لەلای قوتابییانی پۆلی دووەمی ناوەنجی. | پۆلی دووەمی ناوەنجی. | (٢٦) قوتابی، (١٢) قوتابی بۆ گرووپی ئەزموونگەری (١٤) بۆ گرووپی کۆنترۆڵکار | عێراق | تاقیکردنەوەی (T-test) | ستراتیجییەتی مێزگرد کاریگەر و کارایە لەدەستکەوت و گەشەپێدانی و یجدانیی قوتابییان بەهاوسەنگی و بەراوردکردن لەگەڵ کاریگەریی ڕێگای ئاساییدا |
| ٥ | احمد (٢٠٢٠) | زانینی کاریگەری هەردوو ستراتیجییەتی (کاغەزی یەک خولەک) و (مێزگرد) لەسەر دەستکەوتی ڕێزمانی کوردیدا لەلای قوتابییانی پۆلی چوارەمی بەشی زمانی کوردی ئەوانەی زمانی دایکیان زمانی کوردی نییە. | قوتابییانی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد پۆلی چوارەمی بەشی زمانی کوردی | (٩٩) قوتابی، (٣٣) قوتابی بۆ گرووپی ئەزمونگەریی یەکەم (٣٣) بۆ گرووپی ئەزمونگەری دووەم و (٣٣) بۆ گرووپی کۆنترۆڵکار | عێراق | تاقیکردنەوەی (T-test) | بەکارهێنانی ئەم ستراتیجیەتە کارایە و کاریگەرییەکی بەرچاوی لە بەرزکردنەوەی دەستکەوت لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا هەیە |
| ٦ | داني (٢٠٢٠) | زانینی کاریگەری ستراتیجییەتی مێزگرد لەسەر باشکردنی چاپووکی ئاخاوتن لە زمانی عەرەبیدا لە لای قوتابییانی پۆلی دوازدەیەم | قوتابییانی پۆلی دوازدەیەم | (٢٤) قوتابی، (١٢) قوتابی بۆ هەریەکەیان | ئەندنۆنیسیا | تاقیکردنەوەی (T-test) | ڕێژەی چاپووکییە لەکانی ئاخاوتن لە لای ئەو قوتابییانە بەرزتر و دروستتر بوون، کە بە گوێرەی ستراتیجییەتی مێزگرد بابەتیان وەردەگرت |

**ب. توێژینەوەی پەیوەندار بە ڕێزمانی کوردی**

| ژ | ناوی توێژەر و ساڵی توێژینەوە | ئامانجی توێژینەوە | قۆناغی خوێندن | ژمارە و ڕەگەزی سامپڵ | شوێنی جێبەجێکردنی توێژینەوە | ئاماری بەکارهاتوو | ئەنجامەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ( نبي، ١٩٩٥) | زانینی کاریگەری شێوازی هەڵوێستەکانی فێرکاری لەسەر دەستکەوتی قوتابییان لە بابەتی ڕێزمانی کوردی و ئارەزووویان بۆ فێربوون | قوتابییانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی | (٦٩) قوتابی، (٣٤) قوتابی بۆ گرووپی ئەزموونگەری (٣٥) بۆ گرووپی کۆنترۆڵکار | عێراق | تاقیکردنەوەی (T-test) | ئەم شێوازەی فێرکردنی ڕێزمانی کوردی بۆ قوتابییانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی کارا و کاریگەرە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستیان لە ڕێزمان و گەشەپێدانی ئارەزوو بۆ فێربوون و خوێندنی ڕێزمان |
| ٢ | العادلي (٢٠٠٥) | زانینی کاریگەری شێوازی فێربوونی هەرەوەزی لەسەر ئاست و بیرمانی قوتابییانی پۆلی چوارەمی گشتی لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا | قوتابییانی پۆلی چوارەمی سەرەتایی | (٥٠) قوتابی، (٢٥) قوتابی بۆ گرووپی ئەزموونگەری (٢٥) بۆ گرووپی کۆنترۆڵکار | عێراق | تاقیکردنەوەی (T-test) | شێوازی فیربوونی هەرەوەزی کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لە زیدەکردنی دەستکەوتی قوتابییان لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا و ڕادەی بیرمان |
| ٣ | عەبدوڵڵا (٢٠٠٨) | زانینی کاریگەری بەرنامەیەک بۆ فێرکردنی ڕێزمانی کوردی بە پێی نەخشەی چەمکەکان لەسەر دەستکەوتی خوێندنی خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەییدا | قوتابییانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی | (٤٢) قوتابی بۆ گرووپی ئەزموونگەری (٣٧) قوتابی بۆ گرووپی کۆنترۆڵکار | هەرێمی کوردستان - عێراق | تاقیکردنەوەی (T-test) | بەکارهێنانی بەرنامەی دارێژراو بە گوێرەی نەخشەی چەمکەکان کاریگەرە لە زیدەکردنی ئاستی قوتابییانی سامپڵی توێژینەوە لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | سلێمان (٢٠٠٨) | زانینی کاریگەری فێربوونی هەرەوەزی و نەخشەی چەمکەکان بوو لە سەر دەستکەوتی قوتابییانی پۆلی یەکەمی ناوەنجی لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا وروکاریان بەرامبەریەوە | قوتابییانی پۆلی یەکەمی ناوەنجی | (٢٨) (٢٥) (٢٢) قوتابی بۆ گرووپی ئەزموونگەری و گرووپی کۆنترۆڵکار | هەرێمی کوردستان - عێراق | تاقیکردنەوەی (Anova) | شێوازی هەڵوێستەکانی فێرکاری ئاستی دەستکەوتی قوتابایان لە ڕێزمانی کوردیدا |
| ٥ | نبي والخالد (٢٠١٧) | زانینی کاریگەری ستراتیجییەتی (Hill–climbing) لەسەر دەستکەوتی قوتابییانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا ئەوانەی کە زمانی دایکیان کوردی نییە. | پۆلی دەیەمی ئامادەیی | (٢٨) قوتابی بۆ گرووپی ئەزموونگەری (٢٤) قوتابی بۆ گرووپی کۆنترۆڵکار | هەرێمی کوردستان - عێراق | تاقیکردنەوەی (T-test) | ئەنجامەکان دیاریان کرد، کە شێوازی هەڵویستەکانی فێرکاری ئاستی دەستکەوتی قوتابییان لە بابەتی ڕێزمانیدا بەرزدەکاتەوە بە بەراودکردنی لەگەڵ ڕێگای ئاسایی وتنەوەی هەمان بابەتدا |
| ٦ | ئەحمەد (٢٠٢١) | زانستی پێکەوە بەکارهێنانی هەردوو ستراتیجییەتی (Hill–Climbing) و (Maps concept) لەسەر وەرگرتنی چەمکەکانی ڕێزمانی کوردی و گەشەکردنی پالدەی عەقلی لەلای قوتابییانی پۆلی دەیەمی ئامادەییدا | پۆلی دەیەمی ئامادەییدا | (٢٢) قوتابی بۆگرووپی ئەزموونگەری (٢٣) قوتابی بۆ گرووپی کۆنترۆڵکاردەییدا | هەرێمی کوردستان - عێراق | تاقیکردنەوەی (T-test) | بەکارهێنانی پێکەوەی هەردوو ستراتیجیەتەکە کارا و کارتێکەر بوون لەسەر وەرگرتنی چەمکەکانی ڕێزمانی کوردی و گەشەسەندنی پالنەری عەقلی لای قوتابییان. |

# بەشی سێیەم

# ڕێباز و ڕێکارەکانی توێژینەوە

یەکەم: ڕێبازی توێژینەوە

دووەم: دیزاینی ئەزموونی

سێیەم: کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوە

أ. کۆمەڵی توێژینەوە

ب. سامپڵی توێژینەوە

چوارەم: هاوسەنگی نێوان قوتابییانی گروپەکان

پێنجەم: کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوە نەئەزموونییەکان

شەشەم: پێداویستییەکانی توێژینەوە

حەوتەم: ئالاڤی توێژینەوە

هەشتەم: جێبەجێکردنی ئەزموون

نۆیەم: پراکتیزەکردنی تاقیکردنەوە و ڕاستکردنەوەی

أ- پراکتیزەکردنی تاقیکردنەوە

ب- ڕاستکردنەوەی تاقیکردنەوە و نمرەدانان

دەیەم: ئاماری بەکارهاتوو

# ڕێباز و ڕێکارەکانی توێژینەوە

ئەم بەشـــە بریتی دەبێ لەو ڕێکارانەی توێژەر دەیانگرێتە بەر، وەك ڕێبای توێژینەوە و دیزاینی ئەزموونی و دیارکردنی کۆمەڵی توێژینەوە و هەڵبژاردنی ســـامپڵ و کردارەکانی هاوســـەنگی کردن لەنێوان قوتابییانی هەردوو گرووپی توێژینەوە، ســـەرەڕای چۆنیەتی ئامادەکردنی پێویســـتییەکانی توێژینەوە و تاقیکردنەوەی دەســـتکەوت و جێبەجێکردنی ئەزموون و پراکتیزەکردنی تاقیکردنەوە و ئاماری گونجاوی بەکارهاتوو.

بەم شێوەیەی خوارەوە

## یەکەم: ڕێبازی توێژینەوە

توێژەر، بۆ وەدەســـتهێنانی ئامانج و گریمانەی توێژینەوە، پشـــتی بە ڕێبازی ئەزموونی بەســـت، هەڵبەتە هەڵبژاردنی ڕێبازی گونجاو بۆ توێژینەوە بەندە بە ســـروشـــت و ئامانجی توێژینەوە و کۆمەڵی سامپڵەکەی.

## دووەم: دیزایینی ئەزموونی

هەنگـاوی دوای دانـانی گریمـانە لە توێژینەوەی ئەزموونیـدا، هەڵبژاردنی دیزایینی ئەزموونیی گونجـاوە بۆ تـاقیکردنەوەی ئەو گریمـانـانەی دانراون. دیزایینی ئەزموونیش: هێڵکاریی و بەرنامەی کارە بۆچۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەزموون. (داود و انور، ١٩٩٠، ص٢٣).

دیزایینەکانی گرووپە هاوســـەنگەکان، ئەو دیزایینانەی کە ڕێگا بە ئەزموون دەدات، دوو گرووپ یـان زیـاتر تـاقیبکاتەوە، بە گوێرەی ئـامـانج و گریمـانەی توێژینەوە، جا گرووپێکی ئەزموونی و یەکێکی کۆنترۆڵکار بێ، یا دوو گرووپی ئەزموونی و یەکێکی کۆنترۆڵکار، یان دوو گرووپی کۆنترۆڵکار و یەکێکی ئەزموونی (عطیة، ٢٠٠٩، ص١٩٢).

توێژەر بە گوێرەی ئامانج و گریمانی توێژینەوەکەی، پشتی بەو دیزایینە بەست کە پێی دەوترێت دیزایینی ئەزموونگەری، گروپی هاوسەنگ بە تاقیکردنەوەی پاشی (فان دالین، ٢٠٠٧، ٤٠٢-٤٠٣)، کە لە دوو گروپ پێکدێت، یەکێکیان ئەزموونگەری و ئەوەیتر کۆنترۆڵکار، بابەت لە گروپی ئەزموونگەریدا بەپێی ستراتیجییەتی (مێزگرد) و لە گروپی کۆنترۆڵکار بە ڕێگەی ئاسایی دەخوێندرێ، هەروەك لە هێڵکاریی ژمارە (٢) دا دیارە

| گروپ | گۆڕاوی سەربەخۆ (کارتێکەر) | گۆڕاوی سەربەو (کارتێکراو) | ئالاڤ (ئامراز) |
|---|---|---|---|
| ئەزموونگەری | ستراتیجییەتی مێزگرد | دەستکەوت لە بابەتی ڕێزماندا | تاقیکردنەوەی کۆتایی دەستکەوت |
| کۆنترۆڵکار | —— | | |

**هێڵکاریی ژمارە (٢)**

**دیزایینی ئەزموونیی توێژینەوە**

## سێیەم: کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوە

### أ-کۆمەڵی توێژینەوە

کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە قوتابخانەکانی ئامادەیی و دواناوەندیی بەیانیانی کچان لە پارێزگای بەغداد بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢)، کە دابەشکراون بەسەر شەش بەڕێوەبەرایەتیی گشتی، سێیانیان لە بەری ڕەسافە و سێیانیان لە بەری کەرخ.

توێژەر بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی بەغداد/ ڕەسافەی یەکەمی هەڵبژارد، چونکە نزیکە لە شوێنی نیشتەجێبوونی.

توێژەی سەری لە بەشی ئاماری بەڕێوەبەرایەتییەکەدا (پاشکۆی ١)، دیار بوو قوتابخانەکان دابەش کراون بەسەر چوار کەرت، ئەمانەن:کەرتی ئەعزەمییە، کەرتی سەنتەری ڕەسافە، کەرتی باکووری بەغداد، کەرتی گەل(الشعب).

توێژەر، بە مەبەست، كەرتی (سەنتەری ڕەسافە) ی هەڵبژارد، چونكە نزیكە لە شوێنی نیشتەجێبوونی، كەرتەكەش هەشت قوتابخانەی ئامادەیی و دواناوەندیی بەیانیانی كچان دەگرێتەخۆیەوە، هەروەك لە خشتەی ژمارە (٢) دا دیارە:

**خشتەی ژمارە (٢)**

**قوتابخانە ئامادەیی و دواناوەندییەكانی سەر بە كەرتی (سەنتەری ڕەسافە) لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی**

| ژ | ناوی قوتابخانە | ژمارەی هۆبە | شوێنی قوتابخانە | جۆری خوێندن | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | (زیندەوەری) احیائي | (پراكتیكی) (تطبیقي) | وێژەیی (ادبي) | |
| ١ | دواناوەندیی ڕەشیدی كچان | ٣ | شەقامی فەلەستین | ٣٧ | ١٦ | ٣٧ | ٩٠ |
| ٢ | ئامادەیی سەنتەری كچان | ٢ | شۆرجە | ٣٨ | ١٤ | ٥٣ | ١٠٥ |
| ٣ | دواناوەندیی زەهرای كچان | ٣ | شەقامی فەلەستین | ١٠٠ | - | ٥٠ | ١٥٠ |
| ٤ | ئامادەیی قەناتی كچان | ٤ | شەقامی فەلەستین | ١٢٨ | ٣٥ | ٤٢ | ٢٠٥ |
| ٥ | دواناوەندیی طیبەی كچان | ٣ | شێخ عومەر | ٤٣ | - | ٤٠ | ٨٢ |
| ٦ | دواناوەندیی ئیسرای كچان/ ئێواران* | ٤ | شەقامی فەلەستین | — | — | — | — |
| ٧ | دواناوەندیی ئەمەلی ژیرانی كچان (متميزات) ** | ٣ | شەقامی فەلەستین | — | — | — | — |
| ٨ | دواناوەندیی (متفوقات) ی كچان** | ٢ | شەقامی فەلەستین | — | — | — | — |

* توێژەر ئەم دواناوەندییەی دوورخستەوە، چونكە ئێوارانە.

** توێژەر ئەم دوو ناوەندییەی دوورخستنەوە، چونكە دواناوەندی خوێندنی ئاسایی نین

## ب-سامپڵی توێژینەوە

سامپڵ بەشێكی بچووكی ئەو كۆمەڵەیە، كە لێیەوە بە هەندێ ڕێكارەوە هەڵدەبژێردرێ، كە هەمان خەسـلەتی هەیە و نوێنەرایەتی دەكات و ئەنجامەكانی بەسـەردا دەگەشـتێندرێ. (نبي و حاجي، ٢٠٢٢، ص٨١)

لە پێویســـتییەكانی توێژینەوە، هەڵبژاردنی قوتابخانەیەكی ئامادەیی یان دواناوەندییە لەنێوان قوتابخانەكانی ئامادەیی یان دواناوەندیی پەیانیانی كچان لەم بەڕیوەبەرایەتییە كە قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی تێدا ببن و ژمارەی پۆلیش لە دوو پۆل كەمتر نەبێت.

توێژەر بە شـێوەیەكی مەبسـتدار ئامادەیی (قەنات)ی كچانی هەڵبژارد، كاتێ سـەردانی قوتابخانەكەی كرد (پاشـكۆی ٢)، دیار بوو ژمارەی قوتابییانی (٢٠٥) قوتابین و بەسـەر (٣) جۆری خوێندن دابەشكراون، هەروەك لە خشتەی ژمارە (٣) دا دیارە:

**خشتەی ژمارە (٣)**

**جۆری خوێندن و ژمارەی پۆل و قوتابییانی ئامادەیی سەنتەری (قەنات)ی كچان**

| جۆری خوێندن | ژمارەی پۆل | هۆبە | ژمارەی قوتابییان | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| پراكتیكی (تطبيقي) | ١ | - | ٣٥ | ٣٥ |
| وێژەیی (ادبي) | ١ | - | ٤٢ | ٤٢ |
| زیندەوەری (احيائي) | ٤ | أ | ٣٥ | ١٢٨ |
| | | ب | ٣٣ | |
| | | ج | ٢٩ | |
| | | د | ٣١ | |
| | | | | 205 |

توێژەر بە شـــێوەی هەڕەمەكی ســـادە لە خوێندنی جۆری (زیندەوەری)، دوو هۆبەی هەڵبژارد، كە (أ) و (ب) بوون و ژمارەیـان (٣٥)، (٣٣) قوتـابی بوون و بە هەمـان شـــێوە

دابەشـــیکردنە ســـەر هەردوو گرووپی توێژینەوە، هۆبەی (أ) بووە گرووپی ئەزموونگەری و هۆبەی (ب) بووە گرووپی کۆنترۆڵکار، هەروەك لە خشتەی ژمارە (٤) دا دیارە

**خشتەی ژمارە (٤)**

**سامپڵی توێژینەوە**

| هۆبەی خوێندن | گرووپ | ژمارەی قوتابییان | ژمارەی قوتابییانی دوورخراو* | ژمارەی کۆتایی قوتابییان |
|---|---|---|---|---|
| أ | ئەزموونگەری | ٣٥ | ٥ | ٣٠ |
| ب | کۆنترۆڵکار | ٣٣ | ٣ | ٣٠ |
| کۆ | | ٦٨ | ٨ | ٦٠ |

## چوارەم: هاوسەنگی نێوان قوتابییانی گرووپەکان

هەرچەندە گرووپەکانی توێژینەوە بە هەڕەمەکی دابەشـــکراون کە جۆرە هاوســـەنگیێك پێك دیێنێت، بەڵام توێژەر بە گرنگی زانی کە هاوســـەنگی لە نێوانیاندا لە هەندێ گۆڕاودا بکات، کە لەوانەیە کار لەسە گۆڕاوی کارتێکراو بکەن، گۆڕاوەکانیش ئەمانەن:

### ١. تەمەنی قوتابییان بەمانگ:

توێژەر تەمەنی قوتابییانی لە دۆسیەی قوتابییان لە قوتابخانە و لە خۆیانەوە وەرگرت وئینجا بەمانگ تا ٢٠٢١/١١/١ (کاتی دەســـتپێکردنی ئەزموون) تەمەنی هەریەکەیانی دەرهێنا (پاشـــکۆی ٣) و پاشـــان ناوەندە ژمێری تەمەنی قوتابییانی هەردوو گرووپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکاری دەرهێنا کە (197.13)، (198.73) مانگ بوو.

بۆ زانینی دەلالەتی جیـاوازی نێوان هەردوو نـاوەنـدەژمێر، توێژەر تـاقیکردنەوەی تایی (T-test) بۆ دوو سامپڵی سەربەخۆی ژمارە یەکسانی بەکارهێنا (ابراهيم، ٢٠٠٠، ص ٣٦٠).

* لەبەر ئەوەی زمانی کوردییان باش دەزانی بۆ مەبەســـتی توێژینەوە، لەڕووی ئامارییەوە دوورخرانەوە.

لە ئەنجامدا دیار بوو کە جیاوازی ماناداری ئاماری لە نێوانیاندا نییە، چونکە نرخی تایی دەرهێنراو (0.95) کەمترە لە نرخە خشتەییەکەی (2.002) لە ئاستی دەلالەتی (0.05) و نمرەی ئازاد (58) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەردوو گروپەکان لە گۆڕاوی تەمەندا هاوسەنگن، وەك لە خشتەی ژمارە (٥)دا هاتووە.

**خشتەی ژمارە (٥)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری تەمەنی قوتابییانی هەردوو گروپ**

| گروپ | ژمارە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | نرخی (T-test) دەرهێنراو | نرخی (T-test) خشتەیی | دەلالەت لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونگەری | 30 | 197.13 | 4.876 | 58 | 0.95 | 2.002 | جیاوازی ماناداری نییە |
| کۆنترۆڵکار | 30 | 198.73 | 7.794 | | | | |

<u>٢. زانیاری پێشووی قوتابییان لە سەر بابەتەکانی لە ئەزموونداا دەخوێندرێن:</u>

بەمەبەستی زانینی زانیاری پێشووی قوتابییانی هەردوو گروپی توێژینەوە لەسەر ئەو بابەتانەی کە لە ئەزموونداا دەخوێندرێن، توێژەر تاقیکردنەوەیەکی لە جۆری (هەڵبژاردن) و (تێکبەستنەوە) ئامادەکرد کەپێکهاتبوو لە (15) برگە (پاشکۆی ٤) و پاش جێبەجێکردن و ڕاستکردنەوەی، ناوەندە ژمێری نمرەی قوتابییانی گروپی ئەزموونگەری و گروپی کۆنترۆڵکاری دەرهێنا کە (5.47)، (5.03) بوو. (پاشکۆی ژمارە ٥)

بۆ زانینی دەلالەتی جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندەژمێر، توێژەر تاقیکردنەوەی تایی (T-test) بۆ دوو سامپڵی سەربەخۆی ژمارە یەکسانی بەکارهێنا و لە ئەنجامدا دیار بوو کە جیاوازی ماناداری ئاماری لە نێوانیاندا نییە، چونکە نرخی تایی دەرهێنراو (1.1) کەمترە لە نرخە خشتەییەکەی (2.002) لە ئاستی دەلالەتی (0.05) بە نمرەی ئازاد (58) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە قوتابییانی هەردوو گروپ لە زانیاری پێشینەی ئەو بابەتانەی کە کاتی ئەزموونداا دەخوێندرێن، هاوسەنگن خشتەی ژمارە (٦)

**خشتەی ژمارە (٦)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری زانیاری پێشینەی قوتابییانی هەردوو کروپ لەسەر بابەتەکانی لە ئەزمووندا دەخوێندرێن**

| گرووپ | ژمارە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | نرخی (T-test) | | دەلالەت لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ئەزمونگەری | 30 | 5.47 | 1.332 | 58 | 1.1 | 2.002 | جیاوازی مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکار | 30 | 5.03 | 1.586 | | | | |

## ٣. ئاستی خوێندنی باوکانی قوتابییان:

توێژەر ئـاسـتـی خوێـنـدنی باوکانی قوتابییانی هەردوو گروپ لە قوتابییان خۆیان لە دۆسیەی قوتابییانی قوتابخانە بەدەست هێنا، پاشان (کای دووجا)ی لەگەڵ داتاکان بەکارهێنا (عودة والخليلي، ٢٠٠٠، ص ٢٨٤)، لەئەنجـامـدا دیـار بوو کە نرخی (دووجـا) ی دەرهێنراو (2.10) کەمترە لە نرخی خشـتـەیی (7.82) لە ئاسـتـی دەلالەتی ((0.05)) بەپلەی ئازاد (3) واتە جیاوازی مانادارى ئاماری نییە لە نێوان قوتابییانی هەردوو گروپ لە ئاستی خوێندنی بـاوکـانیـانـدا. ئەمەش وا دەگەیەنێت کە قوتـابییـانی هەردوو گروپ لە گۆڕاوی ئـاسـتـی خوێندنی باوکدا هاوسەنگن. خشتەکانی ژمارە (٧) و (٨) ئەمە ڕوون دەکەنەوە.

**خشتەی ژمارە (٧)**

**ئاستی خوێندنی باوکانی قوتابییانی هەردوو گروپ**

| گرووپ | ئاستی دەستکەوتی خوێندن | | | | | | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دەخوێنێت | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگا | کۆلێژ وە سەرەوە | |
| ئەزمونگەری | 2 | 3 | 9 | 7 | 4 | 5 | 30 |
| کۆنترۆڵکار | 3 | 4 | 5 | 10 | 2 | 6 | 30 |

دوای لێکدانی خانەکان* کەپێویســتە ژمارەی نێو هەر خانەیەك لە (٥) پێنج کەمتر نەبێت بۆ ئەوەی ئەنجامی کای دووجایی وردتر بێت (نبی وحاجی، ٢٠٢٢، ص٣١٤)، ئەنجام بەم جۆرە بوو.

**خشتەی ژمارە (٨)**

**نرخی (کای دووجا) بۆ دەلالەتی جیاوازی لە نێوان قوتابییانی هەردوو گروپ لە ئاستی خوێندنی باوکانیاندا**

| گروپ | سەرەتایی دەخوێنێت وەدەنووسێت | ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگا و سەروە | سەرجەم | نرخی (نرخی کا٢) دەرهێنراو | خشتەیی | دەلالەت لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونگەری | 5 | 9 | 7 | 9 | 30 | 2.10 | 7.82 | جیاوازی مانادارى نییە |
| کۆنترۆڵکار | 7 | 5 | 10 | 8 | 30 | | | |

## ٤. ئاستی خوێندنی دایکانی قوتابییان

توێژەر ئاســـتی خوێندنی دایکانی قوتابییانی هەردوو گروپ لە قوتابییان خۆیان و لە دۆسیەی قوتابییانی قوتابخانە بەدەست هێنا، پاشان (کای دووجا) ی لەگەڵ داتاکان بەکارهێنا، لەئەنجامدا دیار بوو کە نرخی (دووجا) ی دەرهێنراو (1.28) کەمترە لە نرخی خشـــتەیی (7.82) لە ئاستی دەلالەتی ((0.05)) بەپلەی ئازاد (3) واتە جیاوازی مانادارى ئاماری نییە لە نێوان قوتابییانی هەردوو گروپ لە ئاســـتی خوێندنی دایکانیاندا. ئەمەش وا دەگەیەنێت کە قوتابییانی هەردوو گروپ لە گۆڕاوی ئاستی خوێندنی دایك دا هاوسەنگن. خشتەکانی ژمارە (٩) و (١٠) ئەمە ڕوون دەکەنەوە.

** بۆ ئەوەی ژمارە لە هەر خانەیکدا ببێتە (٥) وبەسەرەوە، ئەم خانانە لێکدران:

- دەخوێنێت وسەرەتایی
- پەیمانگاوبەسەرەوە

### خشتەی ژمارەی (٩)

### ئاستی خوێندنی دایکانی قوتابییانی هەردوو گروپ

| گروپ | ئاستی دەستکەوتی خوێندن | | | | | | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دەخوێنێت | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگا | کولێژ و بەسەرەوە | |
| ئەزمونگەری | 1 | 4 | 10 | 5 | 4 | 6 | 30 |
| کۆنترۆڵکار | 2 | 6 | 8 | 4 | 3 | 7 | 30 |

دوای لێکدانی خانەکان*، ئەنجام بەم جۆرە بوو.

### خشتەی ژمارەی (١٠)

### نرخی (کای دووجا) بۆ دەلالەتی جیاوازی لەنێوان قوتابییانی هەردوو گروپ لە ئاستی خوێندنی دایکانیاندا

| گروپ | سەرەتایی دەخوێنێت و دەنووسێت | ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگا و سەرەوە | سەرجەم | نرخی (نرخی کا٢) | | دەلالەت لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ئەزمونگەری | 5 | 10 | 9 | 6 | 30 | 1.28 | 8.82 | جیاوازی ماناداری نییە |
| کۆنترۆڵکار | 8 | 8 | 7 | 7 | 30 | | | |

* بۆ ئەوەی ژمارە لە هەر خانەیکدا ببێتە (٥) وبەسەرەوە، ئەم خانانە لێکدران:
- دەخوێنێت و دەنووسێت و سەرەتایی
- ئامادەیی و پەیمانگا

## ٥. زیرەکی:

توێژەر تـاقیکردنەوەی (ڕاڤن- Raven) بۆ (مـاڵەکـانی یەك دوای یەك)* ئەوەی کە بۆ ژینگەی عیراقی تەقنینکراوە (الدباغ واخرون، ١٩٨٣، ص ٢١-٣١) بە قوتابییانی هەردوو گروپی ئەزمونگەری وکۆنترۆڵکار کرد، پـاشــــان نـاوەنـدەژمێری دەرهێنـا کە (33.53)،(32.03) بوو (پاشکۆی ژمارە 6)

بۆ زانینی دەلالەتی جیـاوازی نێوان هەردوو نـاوەنـدەژمێرەکە، توێژەر تـاقیکردنەوەی تایی (T-test) بۆ دوو ســامپڵی ســەربەخۆی ژمارە یەکســانی بەکارهێنا و لە ئەنجامدا دیار بوو کە جیاوازی ماناداری ئاماری لە نێوان دوو ناوەندەژمێرەکەدا نییە، چونکە نرخی تایی دەرهێنراو (0.79) کەمترە لە نرخە خشــتەییەکەی (2.002) لە ئاســتی دەلالەتی (0.05) بە نمرەی ئازاد (58) ئەمەش مـانـای ئەوەیە کە قوتابییانی هەردوو گروپ لە گۆڕاوی زیرەکیدا هاوســـەنگن. خشتەی ژمارە (11)

**خشتەی ژمارە (11)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری قوتابییانی هەردوو گروپ لە زیرەکیدا**

| گروپ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | نرخی (T-test) دەرهێنراو | نرخی (T-test) خشتەیی | دەلالەت لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونگەری | 5.47 | 33.53 | 58 | 0.79 | 2.002 | جیاوازی ماناداری نییە |
| کۆنترۆڵکار | 5.03 | 32.03 | | | | |

## ٦. نمرەی بابەتی زمانی کوردی بۆ ساڵی پار (٢٠٢٠-٢٠٢١)

* نمرەی تاقیکردنەوە لە نێوان (0ـ60) دایە

توێژەر نمرەی کۆتایی قوتابییانی هەردوو گروپ لە بابەتی (خوێندنەوەی کوردی نویٚ) کە بەدەستیان هێنابوو لە ساڵی پێشوو (٢٠٢٠-٢٠٢١) لە کارگێری قوتابخانەدا وەرگرت، پاشان ناوەندەژمێری هەردوو گروپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکاری دەرهێنا کە (72.53)، (69.67) بوو، (پاشکۆی ژمارە 7) بۆ زانینی ماناداریی (دەلالەتی) جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندەژمێر، توێژەر تاقیکردنەوەی تایی (T-test) بۆ دوو سامپڵی سەربەخۆ بەکارهێنا ولە ئەنجامدا دیاربوو کە جیاوازی ماناداری ئاماری لە نێوانیاندا نییە چونکە نرخی تایی دەرهێنراو کە (1.6) یە کەمترە لە نرخی خشتەیی کە (2.002) یە لە ئاستی (0.05) بە پلەی ئازاد (58) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە قوتابییانی هەردوو گروپ هاوسەنگن لە نمرەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نویٚ- ساڵی ڕابردوو، وەك لە خشتەی ژمارەی (12) دادیارە:

**خشتەی ژمارە (12)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری قوتابییانی هەردوو گروپ لە بابەتی خوێندنەوەی نوێی کوردی ساڵی پاردا**

| گروپ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | نرخی (T-test) دەرهێنراو | نرخی (T-test) خشتەیی | دەلالەتە لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونگەری | 72.53 | 8.157 | 58 | 1.6 | 2.002 | جیاوازی ماناداری نییە |
| کۆنترۆڵکار | 69.67 | 5.384 | | | | |

## پێنجەم: کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوە نەئەزموونییەکان:

دەبیٚ ڕاست و دروستی ناوەوە ودەرەکی ئەزموون دابینبکرێت، ئەگەر نا کاردەکاتە سەر وردی ئەنجامەکان و ڕادەی گەشتاندنی (البطش وابو زینة، ٢٠٠٧، ص٢٣٦)

لەبەر ئەمە و بۆ مەبەستی بیٚ لایەنکردنی کارتێکردنی هەندیٚ فاکتەر لەم بارەوە، توێژەر ئەم کردارانەی کرد:

## أ. دروستی ناوەکی:

دروستی ناوەکی بەدیدێت کاتێك توێژەر تا دەتوانێت کۆنترۆڵی ئەو فاکتەرە دەرەکیانە دەکات لە ئەزموونەدا، بۆ ئەوەی کارنەکەنە سەر گۆڕاوی کارتێکراو (سەربەو) جگە لە کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ. (الرفوع، ٢٠١٦، ص ١٨)

توێژەر هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەم فاکتەرانەی خوارەوەی دا:

١. جیاوازی هەڵبژاردنی قوتابییانی سامپڵی توێژینەوە:

کردارەکانی هەڵبژاردنی هەڕەمەکی و هاوسەنگی نێوان قوتابییانی هەردوو گروپی توێژینەوە لە هەندێ گۆڕاوی پەیوەندارادا تا ڕادەیەك کارتێکردنی ئەم فاکتەرەی بێ لایەن کرد.

٢. بارودۆخی ئەزموون و ڕووداو:

لەماوەی جێبەجێکردنی ئەزموونەدا هیچ ڕووداوێکی لەناکاو ونەخوازراو نەهاتە کایەوە کە ئاستەنگ بخاتە بەردەم ڕێکاری بەرێوەچوونی ئەزموونەکە، بۆیە دەتوانین بڵێین کە کارگەری ئەم کردارە بێ لایەن بوو.

٣. گەشەبوون:

گەشەکردن کە مەبەست گەشەی بایۆلۆجی ودەروونی وعەقڵییە کە ڕەنگە بەسەر تاکەکان ببێت لەماوەی ئەزموونەدا (ملحم، ٢٠٠٥، ص ٣٩٨)، دەتوانرێ بووترێت کە کاریگەریی نەبوو، چونکە هەر جۆرە گەشەیەك ببێت بۆ قوتابییانی هەردوو گروپەکە تا ڕادەیەکی زۆر وەك یەك وایە.

٤. دابڕان و وازهێنان:

لەماوەی ئەزموونەدا هیچ تاکێکی هەردوو گروپی توێژینەوە خوێندنیان جێنەهێشتووە و نەگواسترانەتەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر، تەنها ئامادەنەبوونی تاکە تاکەی قوتابییان نەبێ لە ماوەی ئەزموونەدا تا ڕادەیەکی زۆریش یەکسان بوو لە نێوان هەردوو گروپدا.

٥. ئامرازی پێوان:

کارتێکردنی ئەم فاکتەرە بێ لایەن بوو، چونکە هەمان ئامرازی پێوان و لە هەمان کات ودەمدا بۆ قوتابییانی هەردوو گروپ بەکارهێنرا.

**ب. دروستی دەرەکی:**

مەبەستت لێی ڕادەی توانینی گشتاندنی ئەنجامەکانی توێژینەوەیە بەسەر هەلوێستی وەك یەك یا لێك نزیك، هەندی فاکتەری دەرەکی هەن رەنگە کاربکەنە سەر ڕادەی گشتاندنی ئەنجام کە دەبی کۆنترۆل بکرێن و کارتێکردنیان تا دەتوانرێ بێ لایەن بکرێت. (ابراهیم وابوزید، ٢٠٠٧، ص ٢٥٥-٢٥٦)

بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر هەولی بێ لایەنکردنی ئەم فاکتەرانەی دا:

١. تیکەلبوونی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ لەگەڵ لایەنبوونی هەڵبژاردن:

توێژەر لە ڕێگەی هەڵبژاردنی هەڕەمەکی لە دابەشکردنی قوتابییانی هەردوو گروپی توێژینەوەو هاوسەنگی کردنیان لە هەندیك گۆڕاوی پەیوەندیدار، توانی کاتێکردنی ئەم فاکتەرە بێ لایەن بکات.

٢. کاریگەریی کردارەکانی ئەزموونی:

توێژەر هەولی دا کارتێکردنی ئەم گۆڕاوە بەسەر ڕێکاری بەڕێوەچوونی ئەزموونەدا سنووردار بکات، ئەمانیش:

أ. کاریگەریی هوثورن (Hawthorne) و نهێنی ئەزموون:

کارلێکی هوثورن ئەوەیە کاتێ کە قوتابییانی ئەزموونگەری بزانن ئەم کارە ئەزموونە و بۆ توێژینەوەیە، ڕەنگە بەجۆش و بەرۆشەوە سەرەدەری لەگەڵدا بکەن، کە ئەمەش پێدەچێت کاربکاتە سەر وردی ئەنجامەکان، لە بەرئەمە توێژەر لەگەڵ بەڕێوەبەر و مامۆستای بابەت ڕێککەوت نهێنی ئەزموومەکە بپارێزن و توێژەر وەك مامۆستایەکی نوێی بابەتی ئەدەبی کوردی بناسێنن.

ب. توێژەر خۆی وانەکانی لە هەروو گرووپی توێژینەوە گوتەوە

پ. بابەتی توێژینەوە

ئەو بابەتانەی کە بۆ ئەزموون دەستنیشانکرابوون هەمان بابەت بوون کەبۆ هەردوو گرووپی توێژینەوە دەوترینەوە.

ت. ماوەی ئەزموون:

ماوەی ئەزموون بۆ هەردوو گرووپی توێژینەوە لە بەرواری (٢٠٢١/١١/٣) دەستپێکرد و تا (٢٠٢٢/١/٢٠) بەردەوام بوو.

ج.دابەشکردنی وانەی خوێندن:

توێژەر لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانە لەسەر خشتەی هەفتانە و کات و ڕۆژی وانەگوتنەوە بۆ هەردوو گرووپی توێژینەوە ڕێککەوت، هەروەك لە خشتەی ژمارە (13)دا دیارە:

**خشتەی ژمارە** (13)

**دابەشکردنی وانەی هەفتانەی گروپەکانی توێژینەوە**

| ڕۆژ | گروپ | کات |
|---|---|---|
| چوارشەممە | ئەزموونی | 8.45 |
| پێنجشەممە | کۆنترۆلکار | 8.45 |

## شەشەم: پێداویستییەکانی توێژینەوە

### ١. دەستنیشانکردنی بابەتی ڕێزمان

توێژەر بابەتەکانی ڕێزمانی زمانی کوردی ئەوانەی لە ماوەی ئەزمووندا دەخوێنرێن دەستنیشان کرد کە (٩) بابەت بوون هەروەك لە خشتەی ژمارە (14)دا دیارە:

خشتەی ژمارە (14)

بابەتە ڕێزمانییەکانی لە ماوەی ئەزموونددا دەخوێنرێن و ژمارەی لاپەڕەکانیان

| ژ | بابەت | ژمارەی لاپەرەکان |
|---|---|---|
| 1 | جێناوی کەسی جودا (سەربەخۆ) | 83- 89 |
| 2 | جێناوی کەسی لکاو (أ) و (ب) | 97-90 |
| 3 | ناوی تاك وناوی کۆ | 101-98 |
| 4 | ناوی ناسراو وناوی نەناسراو | 105-102 |
| 5 | ئامرازی پرس | 108-106 |
| 6 | کرداری ڕابوردوو | 113-109 |
| 7 | کرداری ڕانەبوردوو | 117-114 |
| 8 | کرداری داخوازی | 120-118 |
| 9 | ئاوەڵکردار | 125-121 |

## ٢.هەڵێنجان و دارشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان:

دەستنیشان کردنی ئامانجە ڕەفتەرییەکان، کردارێکی گرینگ وپێویستە لە پرۆسەی فێرکردن وفێربووندا، چونکە جۆری ئەو ڕەفتارە دیار دەکات کەدەبێ قوتابی دوای فێربوون، ئەدای بکات کە دەپێورێ یان سەرنج دەدرێ.

پێوانی ئامانجەکان و چەندی و چۆنی پێوانی، پێوەرە بۆ دیارکردنی ئاستی بەجێهێنان و سەرکەتنی پرۆسەو ڕێکارەکانی فێرکردن و فێربوون (الجابري، ٢٠١١، ص ١٨٩).

توێژەر دەستیکرد بە هەڵێنجان و دارشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان بەپێی هەر سێ ئاستی پۆلێنکردنی (بلۆم BLOOM) لە بواری مەعریفیدا، ژمارەیان گەیشتە (٦٥) ئامانج، کە (٢٢) ئامانج بۆ ئاستی (بیرهاتن) و (٢٤) ئامانج بۆ ئاستی (تێگەیشتن) و (١٩) ئامانج بۆ ئاستی (پراکتیك).

بەمەبەستی دڵنیابوون لە هەڵێنجان و دارشتنی ئامانجەکان و دروستی پۆلێنکردنیان بەسەر ئاستەکان، توێژەر لیستی ئامانج و ناوەڕۆکی بابەتەکەی دایە لیژنەیەکی حوکمدەران لە بواری زمانی کوردی و پەروەردە و دەروونزانی (پاشکۆی ژمارە (٨)) پاش بەکارهێنانی هاوکێشەی (جی کۆپەر- J.COOPER) (الوكيل والمفتي، ٢٠١٤، ص ٢٢٦)، بەسەر ڕای حوکمدەران بەرامبەر هەر ئامانجێك لەو ئامانجانە و پشتبەستن بە ڕێژەی ڕازیبوونی (٨٠٪ وپتر) ی ئەوان لەسەر هەر ئامانجیك، ژمارەی ئامانجەکان بەشێوەی کۆتایی گەیشتە (٥٩) ئامانج لەمانیش (٢٠) ئامانج بۆ ئاستی (بیرهاتن) و (٢٢) ئامانج بۆ ئاستی (تێگەیشتن) و (١٧) ئامانج بۆ ئاستی (پراکتیك) و (٦) ئامانجیش لادران کە ڕێژەی ڕازیبوون لە سەریان کەمتر بوو لە ڕێژەی سەرەوە (پاشکۆی ژمارە ٨) هەروەها ئەو تێبینیانەشی ڕەچاوکرد کە تایبەت بوون بەلایەنی زمان و دارشتن.

## ٣- ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە:

پلاندانان ڕێکارێکی گرینگی کارایی و سەرکەوتنی مامۆستایە لە بەدەستهێنانی ئەرك و پەیامەکەی، چونکە هونەری وانەوتنەوە پرۆسەیەکی ڕێکخراو و پلان بۆ دارێژراوە بۆ گەیشتنە ئامانجەکان بە ئاستی خوازراو، نەك ڕێکارو پرۆسەی هەڕەمەکییە. پلانی وانەوتنەوەش، زنجیرە کردارو چالاکین مامۆستا دایاندەڕێژێت و لەسەریان دەڕوات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە ڕەفتارییە خوازراوەکان (حمادي، ٢٠١٤، ص٣٧)

لە پێداویستیەکانی جێبەجێکردنی ئەزموون، ئامادەکرنی پلانی وانەوتنەوەیە، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر ئەدەبیاتی لەم بارەیە و پلانی وەك ئەم بابەتەی هەندێ توێژینەوەی پێشووی خوێندنەوە و سوودی لێ وەرگرتن، پاشان (٩) پلانی بەگوێرەی ستراتیجییەتی مێزگرد بۆ گروپی ئەزموونگەری و هەمان ژمارەش بە گوێرەی ڕێگای ئاسایی بەکارهێنراو بۆ گروپی کۆنترۆڵکار ئامادەکردن*، بۆ هەر یەکێکیان پلانێکی دایە لێژنەیەکی حوکمدەر

---

* بۆ دانانی پلان بەم ڕێگایە، ڕای ئەم مامۆستایانەی زمانی کوردی وەرگیرا:

- بەڕێز مامۆستا (ئەمەل عەبدولجەببار ئەمین)/ قوتابخانەی دواناوەندی قەناتی کچان لە ڕەسافەی یەکەم
- بەڕێزمامۆستا (پەروین فەرحان ئەسعد)/ قوتابخانەی دواناوەندی ڕومیلەی کچان لە ڕەسافەی سێیەم
- بەڕێز مامۆستا (خانزادە ئۆشانا نیسان) لە دواناوەندی فەزیلەی کچان، هەروەها مامۆستا (حسین قاسم خەلەف) لە ڕەسافەی سێیەم

لە بواری زمانی کوردی وپەروەردە (پاشکۆی ژمارە 9) بۆ ئەوەی سەرنج و بۆچوونی خۆیان دەرببڕن، دوای گەڕاندنەوەی پلانەکان توێژەر ڕابۆچوونی ئەوانەی سەرنجیان دابوون وەرگرت (پاشکۆکانی ژمارە 10-11)

## حەفتەم: ئالاْقی توێژینەوە:

ئالاْقی یان ئامرازی توێژینەوە، تاقیکردنی دەستکەوتە لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا.

### تاقیکردنەوەی دەستکەوت:

تاقیکردنەوەی دەستکەوت، ئامرازێکە بۆ پێوانی زانیاری و تێگەیشتن و پراکتیزە و کارامە لە بابەتی خوێندن یامەشقکردن و ڕاهێنان یان کۆمەڵە بابەتێك، ئامانجیش لە دیزاینکردنی تاقیکردنەوەکانی دەستکەوت، پێوانی ڕادە و ئاستی تێگەیشتنی قوتابییانە لە هەندێ زانیاری و کارامەییەکانی تایبەت بە بابەتێکی خوێندن لە کاتی دیاریکراودا یان کۆتایی ماوەیەکی دەستنیشانکراوی فێرکردندا. (مجید وياسين، ٢٠١٢، ٢٥).

لە پێویستییەکانی ئەم توێژینەوەیە، ئامادەکردنی تاقیکردنەوەیێکی دەستکەوتە لەو (٩) بابەتە ڕێزمانییانەی لە ماوەی ئەزمووندا دەخوێنرێن، بەگوێرەی ئەو ئامانجە ڕەفتارییانەی بۆیان هەڵێنجراون، بۆ ئەوەی بۆ زانینی ئاستی دەستکەوتی کۆتایی قوتابییانی ئەزموون بەکاربهێنرێت.

بۆ ئامادەکردنی تاقیکردنەوەش، توێژەر ئەم هەنگاوانەی گرتنەبەر:

أ. دەستنیشانکردنی ئامانجی تاقیکردنەوە:

ئامانجی تاقیکردنەوەی دەستکەوت لەم توێژینەوەیەدا، پێوانی ئاستی وەدەستهێنانی قوتابییانی سامپڵی توێژینەوەیە لە ئامانجە ڕەفتارییەکانی بابەتەکانی ڕێزمانی کوردی ئەوانەی لە ماوەی ئەزموونەدا دەخوێنرێت.

ب. دەستنیشانکردنی ئاستەکانی مەعریفی کە تاقیکردنەوە دەیانپێویێت:

ئەم تاقیکردنەوە هەرسێ ئاستەکانی پۆلینکردنی بلۆم لە بواری مەعریفیدا (بیرهاتن، تێگەیشتن، پراکتیك) دەپیویێت کە لەگەڵ سروشتی ناوەڕۆکی بابەتەکانی ڕێزمانی دەگونجن.

پ. هەڵێنجان و دارشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان:

توێژەر بە گوێرەی سێ ئاستە مەعریفییە دیارکراوەکان، لە کاتی دانانی پلانی وانەوتنەوە بۆ هەر (٩) بابەتەکان، کۆی (٥٩) ئامانجی هەڵێنجان و دارێژتن (پاشکۆی ژمارە ٨)

ت. ئامادەکردنی نەخشەی تاقیکردنەوە:

نەخشەی تاقیکردنەوە بریتییە لە هێڵکارییێکی دوو ڕێگەیی کە تیایدا ژمارەی بەند / پرسیار لە هەر خانەیەك بەپێی ناوەڕۆك و ئامانج دیاردەبێ. (الحريري، ٢٠٠٧، ص٧٩) ئامادەکردنی نەخشەی تاقیکردنەوەش ڕێکارێکی گرنگە لە دانانی پرسیاری تاقیکردنەوەی دەستکەوت، چونکە گرنگی ناوەڕۆك و گرنگی ئامانجە ڕەفتارییەکان ڕەچاو دەکات، کە ئەمەش وا دەکات دەستەواژەکانی تاقیکردنەوەش بەپێی گرنگی ئەم دوو لایەنە دابەش بکرێن. (الكبيسي، ٢٠٠٧، ص ١٤١).

توێژەر نەخشەی تاقیکردنەوەی بە پێی ئەم ڕێکارانەی خوارەوە دانا:

١. دەستنیشانکردنی بەندەکانی تاقیکردنەوە کە (٣٠) بەند بوون و دەکەنە ڕێژەی (٥١٪)ی کۆی ئامانجە ڕەفتارییەکانی بابەتەکان.
٢. دەستنیشانکردنی کێشی ڕێژەیی هەر ئاستێ لە ئاستەکانی ئامانجەکانی (بیرهاتن، تێگەیشتن، پراکتیك) دا
٣. دەستنیشانکردنی کۆی ژمارەی بەندەکانی هەر ئاست و بابەت لە بابەتەکانی ڕێزمانی کوردی کە لە ئەزموونەدا دەخوێنرێن.
٤. دەستنیشانکردنی ژمارەی بەندەکانی هەر شانەیەك لە نەخشەی تاقیکردندا.

توێژەر بۆ دیارکردنی کێشی ڕێژەیی ئەم ڕێکارانەی گرتە بەر:

کێشی ڕێژەیی هەر ئاستێکی ئامانجەکان = (ژمارەی ئامانجە ڕەفتارییەکان لە هەر ئاستێکدا ÷ ژمارەی گشتیی ئامانجەکان) × ١٠٠

کێشی ڕێژەیی هەر بابەتێک = (ژمارەی ئامانج لە هەر بابەتێکدا ÷ ژمارەی گشتیی ئامانجەکان) × ١٠٠

ژمارەی بەندەکان لە ژمارەی هەر شانەیەکدا = گشتی بەندەکان × کێشی ڕێژەیی هەر بایەتێك × کێشی ڕێژەیی هەر ئاستێك (العزاوي، ٢٠٠٧، ص ٦٦-٦٧)

ناوەڕۆکی ناو خشتەی (15) نەخشەی تاقیکردنی دیاردەکات.

**خشتەی ژمارەی (15)**

**نەخشەی تاقیکردنی دەستکەوتی خوێندن**

| ت | ئامانجەکان / ناوەڕۆک | | ژمارەی ئامانجەکان | بیرهاتن | تێگەیشتن | پراکتیک | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ٢٠ | ٢٢ | ١٧ | ٥٩ |
| | | | کێشی ڕێژەیی | 33.9٪ | 37.3٪ | 28.8٪ | 100٪ |
| | بابەت | ژمارەی ئامانج | کێشی ڕێژەیی | ژمارەی بڕگەکانی تاقیکردنەوە | | | |
| ١ | جێناوی کەسی جودا(سەربەخۆ) | 6 | 10.2٪ | 1 | 1 | 1 | 3 |
| ٢ | جێناوی کەسی لکاو (أ) و (ب) | 12 | 20.3٪ | 2 | 2 | 1 | 5 |
| ٣ | ناوی تاک وناوی کۆ | 6 | 10.2٪ | 1 | 1 | 1 | 3 |
| ٤ | ناوی ناسراو وناوی نەناسراو | 6 | 10.2٪ | 1 | 1 | 1 | 3 |
| ٥ | ئامرازی پرس | 4 | 6.8٪ | 1 | 1 | 1 | 3 |
| ٦ | کرداری ڕابوردوو | 8 | 13.5٪ | 1 | 2 | 1 | 4 |
| ٧ | کرداری ڕانەبوردوو | 5 | 8.5٪ | 1 | 1 | 1 | 3 |
| ٨ | کرداری داخوازی | 5 | 8.5٪ | 1 | 1 | 1 | 3 |
| ٩ | ئاوەڵکردار | 7 | 11.8٪ | 1 | 1 | 1 | 3 |
| سەرجەم | | 59 | 100٪ | 10 | 11 | 9 | 30 |

## بەندەکانی تاقیکردنەوە:

بەپێی ڕێکارەکانی پێشــوو، توێژەر تاقیکردنەوەیەکی ئامادەکرد لە دوو جۆر پرســـیار پێکهاتبوو، پرســیاری یەکەم جۆری هەڵبژاردن کە (٢٥) بەند بوون، پرســیاری دووەمیش لە جۆری پێکەوەگرێدان (تێکبەســتنەوە) کە (٥) بەند بوون، کۆی ژمارەی بەندەکان (٣٠) بەند بوون، توێژەر خەسلەتە سایکۆمەترییەکانی تاقیکردنەوەکەی بەم جۆرەی خوارەوە دەرهێنا:

### *دروستی تاقیکردنەوە:

مەبەست لە دروستی تاقیکردنەوە ئەوەیە کە ئەو شیان یان ڕووکار یان ئامادەیی یان خەسڵەتە بپێوێ کە بۆی دانراوە (موسی، ٢٠٠٧، ص ٢٧٠). واتە تاقیکردنەوە دروستە ئەگەر تەنیا ئەو شتەی کە بۆ پێوانی دانراوە بیپێوێ نەك شتێکی تر (ملحم، ٢٠٠٥، ص ٢٧٠).

بۆ مەبەســتی دەرهێنانی دروســتی تاقیکردنەوەکە، توێژەر ناوەرۆك و لیســتی ئامانجە ڕەفتـارییەکـانی هـاوپێچی دەقی تـاقیکردنەوە کرد و دایە لیژنەیەکی حوکمـدەران لە بواری زمان و پەروەردە و دەروونناســـی (پاشـــکۆی ژمارە ١٥) بۆ حوکمدان لەســـەر بەندەکان و خستنەڕووی هەر سەرنجێك یان دەستکارییەك بە گرنگ دەزانن.

پـاش گەڕانـدنەوەی تـاقیکردنەوەکە و بەکـارهێنـانی هـاوکێشـــەی (جی کۆپەر - J.COOPER) و پشـــتبەســـتن بە ڕێژەی ڕازیبوونی (٨٠٪) و زیاتری حوکمدەران بۆ هەر بەندێك، پاش ئەوەی ڕێژەی ڕازیبوون لەســـەر هەر بەندێ لە بەندەکانی تاقیکردنەوەکەی دەرهێنـا، دیـاربوو هەموو بەنـدەکـان ئەم ڕێژە و پتریـان وەرگرت و پەســـەنـدکران، ئەو تێبینیانەشی ڕەچاوکردن کە تایبەت بوون بەزمان و داڕشتن.

بەم جۆرە دروستی ڕواڵەتیی تاقیکردنەوە دابینکرا.

هەروەها توێژەر دروســـتیی نـاوەڕۆکیشـــی دابینکرد کـاتێك تاقیکردنەوەکەی بەپێی دیزایینی تـاقیکردنەوە دانا وئـاســـتی گرانی وهێزی جیاکەرەوەی بەندەکان وکارایی بژاردە هەڵەکانی دەرهێنان.

### * شیکردنەوەی ئاماری بەندەکانی تاقیکردنەوە:

مەبەست لە شیکردنەوەی بەندەکانی تاقیکردنەوە، دڵنیابوونە لە شیاویی هەر بەندێکی تاقیکردنەوە و لابردنی یاباشکردنی هەر بەندێکی نەشیاو. ((Scanell ,1975,211

بەمەبەستی زانینی ئاستی گرانی وسانایی بەندەکانی تاقیکردنەوە و هێزی جیاکەرەوەو ڕوونی داڕشـتن وڕێنمـایی وەڵامـدانەوەی تـاقیکردنەوەو کـاتی پێویسـت، توێژەر تـاقیکردنەوەکەی لەسـەر سـامپڵی پەیپێبرد ئەنجامدا، کە بەشـێوەیەکی هەرەمەکی هەڵبژاردن لە (دواناوەندی زەهرای کچان) ی سـەر بەکەرتی سـەنتەری ڕەسـافە، ژمارەیان (١٠٠) قوتابی بوو کەهەمان بابەتەکانی تاقیکردنەوەیان خوێندبوو، دوای ڕاسـتکردنەوەی وەڵامەکان و ڕیزکردنیان یەك لە دوای یەك لە بەرزترین نمرەوە بۆ نزمترین نمرە، توێژەر ڕێژەی (٢٧٪) ی سـەرەوە (کە نمرە بەرزەکان) ن و ڕێژەی (٢٧٪) ی خوارەوە (کە نمرە نزمەکان) ن هەڵبژارد کە کۆیان دەکاتە (٥٤) نمرەی قوتابی.

### * ئاستی زەحمەتی:

مەبەسـت لە ئاسـتی زەحمەتی بەندەکان، ڕێژەی ئەو قوتابانەیە کە وەڵامی بەندی تاقیکردنەوە بە هەڵە دەدەنەوە (عودة، ٢٠٠٢، ص٢٩٠) بۆ دەرهێنانی ئاسـتی زەحمەتی هەر بەندێك لە بەندەکانی تاقیکردنەوەی توێژەر هاوکێشـە ئاسـتی گرانی بەکارهێنا ودەرکەوت کە ئاسـتی بەندەکانی جۆری هەڵبژاردن دەکەوێتە نێوان (0.67—0.37) وئاسـتی زەحمەتی پرسـیاری جۆری تێکبەسـتنەوە دەکەوێتە نێوان (0.37-0.55)، پاشـکۆی ژمارە (12) بەمەش ئاسـتی گرانی هەموو بەندەکان پەسـەندن، چونکە ئەگەر ئاسـتی گرانی بەند کەوتە نێوان (0.80 0.20 -) بە پەسەند دەزانرێت. (الزوبعي و اخرون، ١٩٨١، ص ٧٧).

### * هێزی جیکەرەوەی بەندەکان:

مەبەسـت لە هێزی جیاکەرەوە، توانای بەندەکانە لە سـەر جیاکردنەوە لە نێوان قوتابییانی خاوەن شـیانی بەرزو قوتابییانی خاوەن شـیانی نزم لەو شـت یان خەسـلەتەی تاقیکردنەوە دەیپیوێت. (أبو فودة ونجاتي، ٢٠١٢، ص ١٠٥).

واتە بەندی تاقیكردنەوە توانای جیاكردنەوەی نێوان ئاستەكانی سەروو و خوارووی تاقیپێكراوەكانی هەبێ لەو شتەی كە تاقیكردنەوەكە دەپیێوێت (Stanly & Kenneth, 1970, p450).

پاش ئەوەی توێژەر هێزی جیاكەرەوەی بەندەكانی تاقیكردنەوەی دەرهێنا، ئەنجامەكان بۆ پرسیاری جۆری هەڵبژاردن لە نێوان (0.34-0.55) وبۆ پرسیاری جۆری تێگەیشتن لە نێوان (0.40-0.50) دا بوو (پاشكۆی ژمارە 13) بەمەش هێزی جیاكەرەوەی هەموو بەندەكان پەسەندن، چونكە هێزی جیاكەرەوە ئەگەر (0.30) و بەسەرەوە بوو پەسەندە (النبهان، ٢٠٠٤، ص ١٩٧).

*** كارایی بژاردە هەڵەكان:-**

مەبەست لە كارایی بژاردە هەڵەكان لە تاقیكردنەوەی جۆری هەڵبژاردندا ئەوە كەسەرنجی قوتابییانی هەردوو گروپی سەرەوە و خوارەوە، كە وەڵامی ڕاست نازانن، بۆ خۆی ڕابكێشێت، كاتێك ژمارەیان لە گروپی خوارەوە زۆرتر بوو لە هی گروپی سەرەوە، ئەوا بژاردەكە كارایە (العزاوي، ٢٠٠٧، ص ٨٣).

هەرچەندە هێزی جیاكەرەوە وەك ئەوەش دائەنرێ كە پێوەرێكە بۆ دەرخستنی توانای جیاكەرەوەی بەند، بەڵام لە تاقیكردنەوەی جۆری هەڵبژاردندا بەندە تەنیا بە بژاردەی ڕاست، لەبەر ئەوەی كە دەبێ هەر بژاردەیەكی هەڵە توانای سەرنجراكێشانی هەبێ و تەواو دەورەكەی خۆی لەم ڕووەوە هەبێ، لەبەر ئەمە دەبێ ژمارەی قوتابییانی گروپی خوارەوە كە بژاردە، هەڵەكەیان هەڵبژاردووە زیاتر بێ لە هی سەروو، ئەگەر بە پێچەوانە ڕوویدا ئەوە دەبێ لاببرێ یان دەستكاری بكرێ (دوران، ١٩٨٥، ص ١٢٧-١٢٦)، دەبێ ڕێژەی جیاوازیشیان لە (٠٥٪) كەمتر نەبێ (عودة، ١٩٩٩، ص ٢٩١).

بۆ ئەم مەبەستە، توێژەر دەستیكرد بە ژماردنی ژمارەی قوتابییان لە هەردوو گروپی سەرەوە و خوارەوە كە بژاردەی هەڵەیان هەڵبژاردبوو لە هەر بەندێك لە بەندەكانی تاقیكردنەوە، دەركەوت كە ژمارەی قوتابییانی گروپی خوارەوە زیاترە لە ژمارەی گروپی

سەرەوە و جیاوازیشیان زۆرتر لە (٠٥٪) ە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هەر بژاردەیەکی هەڵە لە بەندەکانی تاقیکردنەوە سەرنج ڕاکێشەر و کارایە. (پاشکۆی ژمارە 14)

## نەگۆڕی تاقیکردنەوە:

مەبەست لە نەگۆڕی تاقیکردنەوە ئەوەیە کە لە کاتی دووبارەبوونی دا بەسەر هەمان کەسان لە هەمان بارودۆخ یان لەو نزیك، هەمان ئەنجام یان ئەنجامی لەو نزیك بدات، بە واتایەکی تر تاقیکردنەوە ڕێکی یان گونجانی ناوەوەی هەبێ (Anastasi&Urbian, 1997, p84).

بۆ دەرهێنانی نەگۆڕی تاقیکردنەوە (بەندەکانی هەڵبژاردن) توێژەر هاوکێشەی (کیودر ڕیتشاردسون -K.R.20) ی بەکارهێنا کە هاوکێشەیەکی باشە بۆ دەرهێنانی نەگۆڕی ئەو تاقیکردنەوانەی کە (١) یەك نمرە بۆ وەڵامی ڕاست و (٠) بۆ وەڵامی هەڵە دەدرێ (کوافحة، ٢٠٠٥، ص ٩١)، دوای پراکتیزەکردنی هاوکێشەکە بەسەر نمرەکانی سامپڵی پەیپێرد کە (٥٤) نمرەن، نرخی نەگۆڕی دەرکەوت (0.81)، کە نرخێکی پەسەندە بۆ ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە.

بۆ دەرهێنانی نەگۆڕی تاقیکردنەوە (بەندەکانی پرسیاری جۆری تێکبەستنەوە) توێژەر هاوکێشەی (ئەلفا- کرونباخ – (a)، coefficient) ی بەکارهێنا کە گونجاوە بۆ ئەو تاقیکردنەوانە یان ئەو پێوەرانەی کە هێزدارن، بۆ نموونە وەك ئەوانەی کە هێزیان لە نێوان (١-٥) نمرە دایە (علام، ٢٠٠٦، ص ١٠٠). پاش پراکتیزەکردنی هاوکێشەکە بەسەر (٥٤) نمرەکەی سامپڵی پەیپێبرد، دەرکەوت کە نرخی نەگۆڕی (0.83) کە نرخێکی پەسەند بۆ تاقیکردنەوەکانی ناو پۆل.

بەم جۆرە تاقیکردنەوەکە شێوەی کۆتایی وەرگرت کە لە (٣٠) دەستەواژە/ بەند پێك دێت و نمرەشی لە نێوان (0-42) نمرە دایە (پاشکۆی ژمارە ١٠)

لە خشتەی ژمارە (١٦) شدا ژمارەی بەندەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت بەپێی هەر سێ ئاست دیارن.

خشتەی ژمارەی (16)

ئاستەکانی ئامانجەکان و بەندەکانی دەیانپێوون

| ئاست | | بەندەکانی تاقیکردنەوە | کۆ |
|---|---|---|---|
| بیرهاتن | پ ١ | 4، 8، 11، 16، 18، 20، 21، 23، 24 | 10 |
| | پ٢ | 3 | |
| تێگەیشتن | پ١ | 1، 2، 6، 9، 10، 13، 22،25 | 12 |
| | پ٢ | 1، 2، 4، 5 | |
| پراکتیک | پ١ | 3، 5، 7، 12، 14، 15، 17، 19 | 8 |
| | | کۆ | 30 |

## هەشتەم: جێبەجێکردنی ئەزموون:

دوای ئەوەی توێژەر هەموو پێداویستیەکانی ئەزموونی ئامادەکرد، دەستی بەجێهێنانی کرد لە بەرواری چوار شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١١/٣)، بەپێی هەنگاوەکانی ستراتیجییەتی مێزگرد و پلانەکانی خوێندن وانەی بە قوتابییانی گروپی ئەزموونگەری گوتەوە و بەپێی هەنگاوەکانی ڕێگای ئاسایی بەکارهێنراو و پلانەکانی خوێندنی وانەی بە قوتابییانی گروپی کۆنترۆڵکار گوتەوە، لە هەفتەش یەك (١) وانە بۆ هەیەکێکیان ئەزموونەکەش تا بەرواری پێنجشەممەی ڕێکەوتی (٢٠٢١/١/٢٠) بەردەوام بوو.

## نۆیەم:- پراکتیزەکردنی تاقیکردنەوە و ڕاستکردنەوەی

أ. پراکتیزەکردنی تاقیکردنەوە: -

پێش کاتی تاقیکردنەوە بەهەفتەیەك توێژەر قوتابییانی بە ڕۆژو بەرواری تاقیکردنەوە ئاگادارکرد، وە لە دەمژمێری وانەی دووەمی ڕۆژی پێنج شەممەی ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١/٢٠) و لەیەك کاتدا بەسەر هەردوو گروپی توێژینەوە، بەهاوکاری مامۆستای بابەت لە قوتابخانەدا، پراکتیزەکرد.

ب. ڕاستکردنەوەی تاقیکردنەوە و نمرەدانان:

توێژەر وەڵامی قوتابییان لەم تاقیکردنەوەیەدا ڕاستکردەوە و نمرەیدانان بە پشتبەستن بەو نموونەیەی کە ئامادەی کردبوو (پاشـــکۆی ژمارە ١٦)، بۆ هەر وەڵامێکی ڕاســـت (یەك) نمرە وبۆ هەر وەڵامێك کە هەڵە بێت یـان بەجێهێڵدراوە یاخود زیاتر لە وەڵامێکی هەبێت (ســـفر) دانرا بۆ بڕگەکـانی هەڵبژاردن و بەپێی ئەو نمرانەش کە بۆ بڕگەکـانی جۆری تێکبەستنەوە دانراون.

بەم جۆرەش نزمترین نمرەی هەر یەك لە قوتابییان (سـفر) دەبێ و بڵندترین نمرەش (٤٢). دەبێ ئەنجامەکانیش هەروەك لە (پاشکۆی ژمارە 17) دا دیارە

## دەیەم ئاماری بەکارهاتوو:-

### ١. تاقیکردنەوەی (تایی – T-test) بۆ دوو سامپڵی سەربەخۆی ژمارە یەکسان:

**بۆ دەرهێنانی هاوسەنگی نێوان هەردوو گروپ لە هەندێ گۆڕاو و سەلماندنی گریمانی توێژینەوە بەکارهێنرا.**

$$ت = \frac{س_١ - س_٢}{\sqrt{\frac{ع_١^٢ + ع_٢^٢}{ن - ١}}}$$

**کە:**

**س ١: ناوەندە ژمێری گروپی یەکەم**

**س٢: ناوەندە ژمێری گروپی دووەم**

**ع٢:جیاوازی (تەباین) ی گروپی یەکەم**

**ع٢: جیاوازی (تەباین) ی گروپی دووەم**

**ن: ژمارەی تاکەکانی سامپڵ (ابراهیم، ٢٠٠٠، ص ٣٦٠)**

## ٢. کای دووجا (کا٢)

بۆ دەرهێنانی هاوسەنگی لە نێوان هەردوو گرووپی توێژینەوە لە گۆڕاوی ئاستی خوێندنی دایکان وباوکانی قوتابییان بەکارهێنرا.

$$کا^{٢} = مجـ \frac{(ت ل - ت ق)^{٢}}{ت ق}$$

کە:

مجـ = سەرجەم (کۆ)

ت ل = دووبارەبوونەوەی بینراو

ت ق = دووبارە بوونەوەی پێشبینیکراو (عودة والخليلي، ٢٠٠٠، ص ٢٤٨)

## ٣. هاوکێشەی جی کۆپەر (J.COOPER):

بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی ڕێککەوتنی حوکمدەران لەسەر هەندێك لە پێداویستیەکانی ئامرازی لێکۆڵینەوە بەکارهێنرا:

$$\text{ڕێژەی ڕێککەوتن} = \frac{\text{ژمارەی چەند جار ڕێککەوتن}}{\text{ژمارەی چەند جار ڕێککەوتن} + \text{ژمارەی چەند جار ڕێکنەکەوتن}}$$

(الوكيل والمفتي، ٢٠١٤، ص٢٢٦)

### ٤. هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ – (a) ، Coefficent:

بۆ دۆزینەوەی نەگۆڕی پرسیاری تێکبەستنەوەی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن بەکارهێنرا.

$$a = \frac{\text{ن}}{\text{ن} - ١} \left\{ \frac{\text{مجـ ع}^{٢}\text{ هـ}}{\text{ع}^{٢}\text{ ك}} \right\}$$

کە:

ن: ژمارەی گشتی بڕگەکان

مجـ ع ٢ هـ: کۆی جیاوزی نمرەکانی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکان

ع٢ك: جیاوازی نمرەی گشتی لە هەر پێوەرێك یان تاقیکردنەوەیەك

(علام، ٢٠٠٦، ص ١٠٠)

### ٥. هاوکێشەی گرانی:

بۆ دەرهێنـانی ئـاســـتی گرانی بەندەکان لە تاقیکردنەوەی دەســـتکەوتی خوێندندا بەکارهێنرا:

أ. بۆ بەندەکانی هەڵبژاردن:

$$\text{هاوکێشەی گرانی} = \frac{\text{ژمارەی ئەو تاکانەی کە وەڵامەکانیان ڕاستە لە بەندێک}}{\text{ژمارەی گشتیی ئەو تاکانەی کە وەڵامیان داوە لە هەردوو گروپ}}$$

(علام، ٢٠٠٠، ص ٢٦٩)

ب. بۆ بەندەکانی تێکبەستنەوە

$$\text{هاوکێشەی گرانی} = \frac{\text{م ع} + \text{م د}}{\text{ن} (\text{د})}$$

کە:

م ع: کۆی وەڵامی ڕاست لە گروپی سەروو

م.د: کۆی وەڵامی ڕاست لە گروپی خوارەوە

د: نمرەی بەند

(الصمادي والدرابيع، ٢٠٠٤، ص ١٥٦)

## ٦. هاوكێشەی جیاکەرەوە:

بۆ دۆزینەوەی هێزی جیاکەرەوەی بەندەکانی تاقیکرنەوەی دەستکەوتی خوێندن بەکارهێنرا:

أ. بۆ بەندەکانی هەڵبژاردن

هاوكێشەی جیاکەرەوە

$$\text{هاوكێشەی جیاکەرەوە} = \frac{\text{م ع} - \text{م د}}{\frac{١}{٢}\ \text{ن}}$$

کە:

م.ع: کۆی وەڵامە ڕاستەکان لە کۆمەڵەی سەرەوە

م.د: کۆی وەڵامە ڕاستەکانی کۆمەڵەی خوارەوە

$\frac{١}{٢}$ ن : نیوەی کۆی ژمارەی تاکەکان لە هەریەك لە کۆمەڵەکانی سەرەووە خوارەوە.

(عودة، ١٩٩٩، ص ٢٩١)

ب. بۆ بەندەکانی تێکبەستنەوە

$$\text{هاوکێشەی جیاکەرەوە} = \frac{\text{م ع} - \text{م د}}{\frac{1}{2}\ \text{ن}\ (\text{د})}$$

کە:

(د): نمرەی بەند (علام، ٢٠٠٧، ص ٢٥٤)

## ٧. کارایی بژاردەی هەڵە:

بۆ دەرخستنی کارایی بژاردەکانی هەڵە لە پرسیاری (هەڵبژاردن) دا بەکارهێنرا:

$$\text{ت م} = \frac{\text{ن ع م} - \text{ن د م}}{\text{ن}}$$

کە:

ت م: کارایی بژاردەی هەڵە

ن ع م: ژمارەی ئەو قوتابییانەی کە بژاردەی هەڵەیان هەڵبژاردووە لە کۆمەڵی سەرەوەدا

ن د م: ژمارەی ئەو قوتابییانەی کە بژاردەی هەڵەیان هەڵبژاردووە لە کۆمەڵی خوارەوەدا.

ن: ژمارەی قوتابییان.

(الظاهر واخرون، ١٩٩٩، ص ٩١)

## ٨. هاوکێشەی کیودر – ڕیتشاردسون (KR.20)

بۆ دۆزینەوەی نەگۆڕی تاقیکردنەوەی دەستکەوت (بەندی تاقیکردنەوەی هەڵبژاردن) بەکارهێنرا.

$$\text{ر س} = \frac{\text{ن}}{\text{ن} - ١} \times \left\{ ١ - \frac{\text{مجـ ص} \times \text{س}}{\text{ع}^{٢}} \right\}$$

کە:

ن: ژمارەی بەندەکانی تاقیکردنەوە

ع ٢: جیاوازی (تەباین) (دووجای لادانی پێوەری)

رس: ڕێژەی وەڵامدانەوەی هەڵە لەسەر بەندی تاقیکردنەوە

س: ڕێژەی وەڵامدانەوەی ڕاست لەسەر بەندی تاقیکردنەوە

(الكبيسي، ٢٠٠٧، ص ٢٠٥-٢٠٦)

### ٩. هاوکێشەی دووجایی ئیتا ($n^2$)

بۆ دەرهێنانی ڕادەی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی کارتێکراو.

$$n^2 = \frac{t^2}{t^2 + df}$$

( عفانة، ٢٠٠٠، ص٢٤)

### ١٠. هاوکێشەی قەبارەی کارتێکردن (d)

بۆ زانینی قەبارەی کارتێکردن گۆڕاوی سەربەخۆ بەسەر گۆڕاوی کاتێکراو

$$d = \frac{2\sqrt{n^2}}{\sqrt{1 - n^2}}$$

(ابو حطب وصادق ، ٢٠١٠، ص ٤٤١)

# بەشی چوارەم

# ئەنجام و گفتوگۆکردن لەبارەیەوە و سەرئەنجام و ڕاسپاردە

- ئەنجام و گفتوگۆکردن لەبارەیەوە
- سەرئەنجام
- ڕاسپاردە
- پێشنیار

## ئەنجام و گفتوگۆکردن لە بارەیەوە:

توێژەر لەم بەشـــەدا ئەنجامی گریمانەی توێژینەوە دەخاتەڕوو و پاشـــان گفتوگۆی لە بارەیەوە دەکات و ئینجا دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان نمایش دەکات.

## یەکەم:- خستنەڕووی ئەنجام

## گریمانەی توێژینەوە:-

جیاوازی مانادارى ئامارى نییە لە ئاسـتى (0.05) لە دەسـتکەوتى قوتابییان لە بابەتى ڕێزمـانى کوردیدا لە نێوان نـاوەنـدە نمرەى قوتـابییـانى گرووپى ئەزموونگەرى کە بـابەتیان بەپێى سـتراتیجییەتى مێزگرد وەرگرتووە وناوەندەنمرەى قوتابییانى گرووپى کۆنتـرۆڵکار کە هەمان بابەتیان بە ڕێگاى ئاسایى وەرگرتووە.

بۆ ســـەلماندنى دروســـتى ئەم گریمانە، توێژەر ناوەندەژمێر و لادانى پێوەرى نمرەى دەسـکەوتى قوتابییانى هەردوو گرووپى توێژینەوە لە بابەتى ڕێزماندا دەرهێنا، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ناوەندەنمرەى قوتابییانى گرووپى ئەزموونى (33.833) نمرەیە و ناوەندەنمرەى قوتابییانى گرووپى کۆنترۆڵکاریش (28.667) نمرەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازى لەنێوان نـاوەنـدەژمێرى هەردوو گرووپـان هەیە، بۆ زانینى دەلالەتى ئـامارییى ئەم جیاوازییە، توێژەر تاقیکردنەوەى تایى (T-test) بۆ دوو سـامپڵى سەربەخۆى ژمارە یەکسانى بەکارهێنا، لە ئەنجامدا دەرکەوت نرخى تایى دەرهێنراو کە (3.9)یە زیاترە لە نـرخە خشتەییەکەى کە (2.002) یە لە ئاســـتى (0.05) نمرەى ئازاد (58)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازى مـانـادارى ئـامـارى لەنێوان نـاوەندەنمرەى قوتابییانى گرووپى ئەزموونگەرى و ناوەندەنمرەى قوتابییانى گرووپى کۆنترۆڵکار هەیە و لە بەرژەوەندى گرووپى ئەزموونگەریدایە.

بەگوێرەى ئەم ئەنجامەش، گریمانەى چنەیى (سـفرى) ڕەت دەگرێتەوە و گریمانەى لە برێتى (بەدیل) پەسەند دەکرێت، لە خشتەى (١٦)دا ناوەرۆکى ئەم چەندە دیارە.

**خشتەی ژمارە (16)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەنمرەی دەستکەوتی قوتابییانی هەردوو گروپ لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا**

| گروپ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | نرخی (T-test) | | دەلالەت لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ئەزمونگەری | 33.83 | 4. 526 | 58 | 3.9 | 2.002 | مانادارە |
| کۆنترۆلکار | 28.67 | 5.647 | | | | |

لە ئەنجامی خشتەی سەرەوەدا دیار دەبێت کە بەکارهێنانی ستراتیجییەتی مێزگرد لە وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی کوردی بۆ قوتابییانی گروپی ئەزموونی کە زمانی کوردی زمانی دایکیان نییە و نازانن قســەی پێوە بکەن و زمانی دووەمە بۆ ئەوان، کارا و کاریگەر و کارلێکە لە بەرزکردنەوەی ئاســتی دەســتکەوتیان لەم بابەتەدا بە بەراوردکردنی و هاوسەنگیکردنی لەگەڵ قوتابییانی گروپی کۆنترۆڵکار کە هەمان خەسلەتی ئەوانیان هەیە و بابەتەکەیان بەڕێگای ئاسایی بەکارهاتوو وەرگرتووە.

لەبەر ئەوەی بوونی واتادارییی ئاماری بۆ جیاوازی لە نێوان ناوەندەنمرەی قوتابییانی گروپێك یان زیاتر، بۆ دیارکردنی وردی گرنگی ئەم جیاوازییە بەس نییە، چونکە هەندێ کارو ڕێکاری تری پێویســت هەن، دەبێ بەرچاو بگیرێن، وەك قەبارەی جیاوازییەکە و ئەو بڕیارانەی لە ئەنجامی ئەم جیاوازییە دەدرێن. واتە ســەرباری واتاداری ئاماری، پێویســتە نرخی کردەیی بەهەند وەربگیرێن، لەبەر ئەمە گرینگە قەبارەی کاریگەری (قەبارەی جیاوازی) هەژمار بکرێت کاتی نرخی (تایی – T-test)، واتاداری ئاماری دەبێــت، چونکە پێوەرەکانی قەبارەی کاریگەری بە قەبارەی ســامپڵان کاریگەری نابن، ســەرباری ئەوەی کە

قەبارەی کاریگەری، بڕی کاریگەریی گۆڕاوەکانی سەربەخۆ (کارتێکەر) لە گۆڕاوەکانی کارتێکراو دیار دەکەن، بەڵام واتاداری ئاماری، ئەم چەندە دیار ناکات، لەبەر ئەمە دەرهێنانی قەبارەی کاریگەری، بۆ ماناداری ئاماری ڕووی تەواوکەرە(الدردیر، ٢٠٠٦، ص ٧٦-٧٧).

لەبەر ئەمە، توێژەر نرخی (قەبارەی کاریگەری) بەگوێرەی هاوکێشەی (دووجایبا ئیتا-Eta- Squard)، (ابو حطب وصادق، ٢٠١٠، ص ٤٣٩-٤٤٠)، (الدردیر، ٢٠٠٦، ص٧٧) هەژمارکرد.

هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەوە دەدەن کە چەند نرخی قەبارەی کاریگەری بەرز ببێت و چەند (موجەب) بێت، مانای ئەوە دەگەیەنێ کە کارتێکردنی گۆڕاوی سەربەخۆ کاریگەرتر و کاراتر بووە، لەگەڵ ئەمەشدا، هیچ بنەمایەکی دەستنیشانکراو بۆ بڕیاردان لەسەر قەبارەی کاریگەریی نییە، بەڵام جۆرە ڕێکەوتنێکی گشتی لەسەر ئەوە هەیە ئەگەر نرخی قەبارەی کاریگەری لە (0.20) زیاتر بوو، مانای ئەوە دەدات کە گۆڕاوی سەربەخۆ کاریگەرییێکی لەسەر گۆڕاوی کارتێکراو هەبووە، بەڵام نەك زۆر، کەچی قەبارەی کاریگەری کە نرخەکەی لە (0.80) و بەسەرەوە ببێت، مانای ئەوە دەدات کە گۆڕاوە سەربەخۆکە کاریگەرییێکی بەهێز و کاراو دیاری هەبووە. (الشربینی، ٢٠٠٧، ص ٤٩١).

لەگەڵ ئەمەشدا، هەندی ئاستی پیڤەریی هەن بۆ مانادانی نرخی هەریەکە لە ($n^2$) و (d) کە وەك پلە یان پێوەر دادەنرێن بۆ بەراوردکردنی نرخی ئەوەی دەرهێنراوە لەگەڵ نرخەکانی پێوەریی، بۆ زانینی قەربارەی کاریگەری و ئاستەکانی پێوەر، هەروەك لە خشتەی (١٧)دا دیارە.

**خشتەی ژمارە (17)**

**ئاستە پێوەرییەکانی ($n^2$) و (d)**

| ئالاڤ (ئامراز) ی بەرکاهاتوو | قەربارەی کاریگەری | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بچووک (کەم) | ناوەنجی | گەورە/مەزن (زۆر) | زۆر گەورە (زۆر مەزن) |
| $n^2$ | 0.01 | 0.06 | 0.14 | 0.20 |
| d | 0.2 | 0.5 | 0.8 | 1.1 |

(ابو جبارة، ٢٠١٣، ص ١٠٦)، (فرمان، ٢٠١٤، ص ١٢٠)

بۆ هەژماردکردن و دیارکردنی قەربارەی کاریگەریی ستراتیجییەتی مێزگرد، توێژەر نرخی دووجایی (($n^2$ (عفانة، ٢٠٠٠، ص٢٤) ی دەرهێنا کە (0.208) بوو، پاشی هاوکێشەی قەبارەی کاریگەریی (d) بەسەر پراکتیزە کرد (ابو حطب وصادق، ٢٠١٠، ص ٤٤١) دەرکەوت (1.025) بوو؛ لە کاتی هاوسەنگی و بەراوردکردنی ئەم دوو نرخانە لەگەڵ نرخەکانی ئاستەکانی پێوەری (پێوەری ($n^2$) و (d)ی دانراو لە خشتەی پێشوودا، دیار بوو کە قەبارەی کاریگەریی (زۆر گەورەیە) هەروەك لە خشتەی (١٨) دا دیارە.

**خشتەی ژمارەی (18)**

**نرخی (t) ی دەرهێنراو و ($n^2$) و (d) و قەباری کاریگەری**

| نرخی (T) | نرخی ($n^2$) | نرخی (d) | قەربارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|
| 3.9 | 0.208 | 1.025 | زۆر گەورەیە |

| 21 | م.د.علاء عبد الخالق المندلاوی | مامۆستا | ڕێگاكانی وانەوتنەوەی زمانی عەرەبی | كۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕۆشد بۆ زانستە مرۆڤایەتیەكان زانكۆی بەغداد | | * | * | |
| 22 | م. نسرین عبد الله محمد | مامۆستا | ڕێگاكانی وانەوتنەوەی زمانی كوردی | كۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی زانكۆی دهۆك | * | * | * | * |
| 23 | م.ی. زوزان حسن احمد | مامۆستای یاریدەدەر | ڕێگاكانی وانەوتنەوەی زمانی كوردی | كۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانكۆی دهۆك | * | * | * | * |
| 24 | م.ی. عبد الستار حمید محمد | مامۆستای یاریدەدەر | ڕێگاكانی وانەوتنەوەی زمانی كوردی | كۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی زانكۆی دهۆك | * | * | * | * |
| 25 | م.ی لولاف احمد عبد الله | مامۆستاس یاریدەدەر | ڕێگاكانی وانەوتنەوەی زمانی كوردی | كۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی زانكۆی دهۆك | * | * | * | * |
| 26 | م.ی. محمد عمر محمد | مامۆستای یاریدەدەر | ڕێگاكانی وانەوتنەوەی زمانی كوردی | پەروەردەی هەولێر | * | * | * | * |

**پاشکۆی ژمارە(١٠)**

## پلانی نموونەیی بۆ وتنەوەی بابەتی دەمەکانی کردار(کرداری ڕابوردوو) بەپێی ستراتیجییەتی مێزگرد بۆ فێرخوازانی گروپی ئەزموونگەری

پۆل: پێنجەم    بابەت:دەمەکانی کردار(کرداری ڕابوردوو)

هۆبە: ب    ڕێکەوت: یەکشەممە ٢٠٢٢/١/١٦

---

### یەکەم ئامانجی فێرکردن:

### أ. ئامانجی تایبەتی:

١. قوتابی، بابەتە بڕیاردراوەکانی ڕێزمان، تێبگات و ڕاست پراکتیکیان بکات.
٢. قوتابی، حەز لە فێربوونی زمان و ڕێزمانی کوردی بکات.

### ب. ئامانجی ڕەوشتی:

دوای تەواوبوونی وانە و چالاکییەکانی، قوتابی:

١. چەمکی کرداری ڕابوردوو بزانێت
٢. جۆرەکانی کرداری ڕابوردوو بژمێرێت.
٣. چەمکی هەر جۆرێ لە جورەکانی کرداری ڕابوردوو بزانێت
٤. چۆنێتی دروستکردنی هەر جۆرێ لە جۆرەکانی کرداری ڕابوردوو بەنموونە دیاربکات
٥. بشێت کرداری ڕابوردوو بکاتە هەر جۆرێ لە جۆرەکانی کردارە ڕابوردووەکە
٦. بشێت جۆرەکانی کاری ڕابوردوو لە ڕستان و تێکستاندا دەربهێنیت
٧. هەر جۆرێ لە جۆرەکانی کرداری ڕابوردوو لە باری ئەرێنی بکاتە باری نەرێنی
٨. جیاوازی بکات لە نێوان جۆرەکانی کرداری ڕابوردوو

## هۆیەکانی فێرکردن

- پێنووسی ڕەنگاوڕەنگ
- بۆرد (تەختەی نووسین)
- پەرتووکی قوتابخانە

پێش دەستپێکردنی هەنگاوەکانی ستراتیجییەتی مێزگرد.

١- دابەشکردنی قوتابییەکان بۆ چەند گرووپێك بەشێویەکی بازنەیی.

٢- هەر گرووپێك لە (١٠) قوتابی پێکدێت و بەسەر (٣) گروپ دابەش دەکرێن.

٣- ژمارەیەك لە (١)ەوە تا (٣) بۆ ناسینی هەر گرووپێك دیاری دەکرێت.

٤ – مامۆستا لاپەرەیەك و یەك پێنووسی بەسەر هەر گرووپێك دابەش دەکات.

## هەنگاوەکانی وانەوتنەوە

١. پێشەکی (التمهید) (٥خولەك)

مامۆستا (توێژەر) سوپاسی پابەندیی و ئامادەبوونی بەردەوامی فێرخوازان دەکات، سەرنجیان ڕادەکێشێت بۆ وانەی ئەمڕۆ لە ڕێگای پەیوەستکردنی زانیارییەکانی وانەی پێشوو بە وانەی ئەمڕۆ (دەمەکانی کردار- کرداری ڕابوردوو) و بوواردان بە فێرخوازان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی وانەی ڕابردوو (ئامرازی پرس) و ئاراستەکردنی چەند پرسیارێك بۆ خوێندکاران لەسەر ئەو بابەتە وەك ئەم پرسیارانە:

توێژەر: لە وانەی ڕابردوو باسی چیمان کرد، کێ لە بیری ماوە؟

فێرخواز: ئامرازی پرس

مامۆستا (توێژەر): ئافەرین، دەست خۆش

توێژەر: کێ دەتوانێت ئامرازەکانی پرسم بۆ بژمێرێت؟

فێرخواز: کێ، چی، چۆن، کەی، کوێ، چەند، کام، کوا، ئایا.

مامۆستا (توێژەر): ئافەرین، دەست خۆش

مامۆستا (توێژەر): کێ دەتوانێت ڕستەیەکم بۆ بهێنێت کە ئامرازی پرس بۆ شوێنێك پرسیاری پێ دەکرێت؟

فێرخواز: لە کوێ بوویت؟

مامۆستا (توێژەر): کێ دەتوانێت ڕستەیەکم بۆ بهێنێت کە ئامرازی پرسی تێدا بێت لەبارەی ژمارە و ئەندازە؟

فێرخواز: چەند پارێزگا لە عێراقدا هەیە؟

مامۆستا (توێژەر): کێ دەتوانێت ڕستەیەکم بۆ بهێنێت کە ئامرازی پرس بۆ کاتێك پرسیاری پێ دەکرێت.

فێرخواز: کەی هەنجیر پێدەگات؟

مامۆستا (توێژەر): کێ دەتوانێت ڕستەیەکم بۆ بهێنێت کە ئامرازی پرس بۆ چۆنێتی و هەواڵ پرسیاری پێ دەکرێت.

فێرخواز: چۆن هاتیت؟

مامۆستا (توێژەر):ئافەرین دەست خۆش

پاشان مامۆستا (توێژەر) دەڵێت: کردار بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن کە (ناو، جێناو، کردار، ئاوەڵکردار، ئاوەڵناو) لەخۆدەگرێتەوە، لە زمانی کوردیدا کردار دابەش دەکرێت بۆ (کرداری ڕابوردوو، کرداری ڕانەبوردوو، کرداری داخوازی).

وانەی ئەمڕۆمان (کرداری ڕابوردوو)ە، ناوی بابەتەکە لە ناوەڕاستی بۆردەکە بە ڕوونی و گەورەیی دەنووسرێت.

٢. خستنەڕووی بابەت:

پاش دابەشکردنی فێرخوازان بەسەر چەند گرووپێکی ناهاوتا (غیر متجانس) بەشێوەیەکی بازنەیی و ئاگادار دەکرێنەوە لەوەی کە دەبێ هەر فێرخوازێك وەڵامی خۆی بنووسێت.

لێكۆڵەر چەند پرسیارێك ئاڕاستەی فێرخوازان دەكات و كاغەزی وەڵامدانەوە بە پێچەوانەی میلی كاتژمێر لەسەریان دەسووڕێتەوە لە ماوەی (١١ خولەك).

پاشان ئەم پرسیارانە ئاڕاستەیان دەكات:-

پ ١ / كرداری ڕابوردوو چییە؟
پ ٢ / چەند جۆری هەیە؟
پ ٣ / چەند نموونەیەكم بۆ بنووسن

٣. كۆكردنەوەی وەڵامەكان (٣) خولەك

لێكۆڵەر: فێرخوازە خۆشەویستەكان كاتەكە تەواو بوو، تكایە كۆتایی بە وەڵامەكانتان بێنن، بۆ ئەوەی كاغەزی وەڵامدانەوە وەربگرمەوە. لەپێناو جیاكردنەوەی گروپەكان و پێداهەڵدان و ستایشی ئەو گروپانە كە زیاترین وەڵامی ڕاستیان هەیە، هەروەها هاندانی گروپەكانی تر بۆ هاوكاری لەنێوانیان.

٥. گفتوگۆ و وەڵامدانەوەی هەر گروپێك لەگەڵ مامۆستای بابەتەكە (٢٢ خولەك) دەبێت.

لێكۆڵەر: ئێستا، خۆشەویستان تكایە پاش وەرگرتنی كاتی پێویست بۆ گفتوگۆ و وتووێژ لەنێوان ئەندامانی هەر گروپێك بە جیا، سەیری ئەو وەڵامانە بكەن كە پێی گەیشتوون و لەسەر بۆردەكە نووسراوە.

گرووپی یەكەم: -

لێكۆڵەر:

پ ١ / كرداری ڕابوردوو چییە؟

فێرخواز:- كردارێكە دراوەتە پاڵ كەسێك یان شتێك كە لە كاتی ڕابوردوودا ڕووی داوە و بەسەر چووە.

فێرخوازێكی تر: ئەو كارەیە كە ڕوودانەكەی دەكەوێتە پێش ئاخاوتنەوە واتا ڕوودانی كارەكە بەسەر چووە و ڕوویداوە

فێرخوازێكی تر: لە زمانی كوردیدا كرداری ڕابوردوو بە لابرنی (ن) چاوگ دروست دەكرێت.

**لێکۆڵەر:** ئافەرین دەستتان خۆش بێت، وەڵامی هەموتان ڕاست و دروستە.

**پ٢/کرداری ڕابوردوو چەند جۆری هەیە**

**فێرخواز:-** ١. کرداری رابوردووی نزیك (سادە): بریتییە کردارێك سادە و لە کاتی نزیکدا پێشان دەدات کە لە پێش ئاخاوتن رووی داوەو کاریگەرییەکەی نەماوەو هیچ پێشگر وپاشگریشی وەرنەگرتووە.

چاوگ – ن = ڕابوردووی نزیك

**فێرخوازێکی تر:** - کرداری رابوردووی تەواو بریتییە کردارێکە پێش قسەکەر ڕووی داوە، بەڵام کاریگەرییەکەی تا کاتێکی ئاخاوتن بەردەوامە ونەزۆر دوورو نەزۆر نزیك.

ڕابوردووی نزیك + پاشگری (ووە/ وە) = رابوردووی تەواو

**فێرخوازێکی تر:-** کرداری رابوردووی دوور: ئەو کردارەیە کە ڕوودانی کاتێك لە ڕابوردووی دووردا نیشان دەدات.

ڕابوردووی نزیك + بوو = ڕابوردووی دوور

**فێرخوازێکی تر** کرداری رابوردووی بەردەوام: ئەو کردارەیە کە ڕوودان وبەردەوامی کاتێك لە ڕابوردوودا نیشان دەدات.

دە(ئە) + ڕابوردووی نزیك = ڕابوردووی بەردەوام

**لێکۆڵەر:** ئافەرین دەستتان خۆش بێت، وەڵامی فێرخوازی یەکەم و دووەم و سێیەم وچوارەم زۆر ڕاست و دروستە.

**پ ٣/ چەند نموونەیەکم بۆ بنووسن**

**فێرخواز:-**

خواردن – ن = خوارد

منداڵەکە سێوەکەی **خوارد**

**فێرخوازێکی تر:**

ڕابوردووی نزیك + پاشگری (ووە/ وە) = ڕابوردووی تەواو

كردن – ن = كرد

ئاسنگەرەكە پەنجەرەكەی چاك كردووە.

فێرخوازێكی تر:

ڕابوردووی نزیك + بوو = ڕابوردووی دوور

كە من چووم ئەو نووستبوو. چوون – ن = چوو

فێرخوازێكی تر:

دە(ئە) + ڕابوردووی نزیك = ڕابوردووی بەردەوام

بەرێز لە چێشتخانەكەدا كەبابی دەخوارد

لێكۆڵەر: ئافەرین دەستتان خۆش بێت وەڵامی هەمووتان ڕاست و دروستە.

گروپی دووەم:

لێكۆڵەر:

پ ١ / كرداری ڕابوردوو چییە؟

فێرخواز:- كردارێكە دراوەتە پاڵ كەسێك یان شتێك كە لە كاتی ڕابوردوودا ڕووی داوە و بەسەر چووە.

فێرخوازێكی تر: ئەو كارەیە كە ڕووداوەكەی دەكەوێتە پێش ئاخاوتنەوە

فێرخوازێكی تر: لە زمانی كوردیدا فرمانی ڕابوردوو بە لابرنی (ن) چاوگ دروست دەكرێت.

لێكۆڵەر: ئافەرین دەستتان خۆش بێت، وەڵامی هەموتان ڕاست و دروستە.

پ ٣ / كرداری ڕابوردوو چەند جۆری هەیە؟

فێرخواز:- ١. كردارى رابوردووى نزيك (سادە): بريتييە كردارێك سادە و لە كاتى نزيكدا پێشان دەدات كە لە پێش ئاخاوتن رووى داوەو كاريگەرييەكەى نەماوەو هيچ پێشگر وپاشگريشى وەرنەگرتووە.

چاوگ – ن = ڕابوردووى نزيك

فێرخوازێكى تر: - كردارى رابوردووى تەواو بريتييە كردارێكە پێش قسەكەر ڕووى داوە، بەڵام كاريگەرييەكەى تا كاتێكى ئاخاوتن بەردەوامە ونەزۆر دوورو نەزۆر نزيك.

ڕابوردووى نزيك + پاشگرى (ووە/ وە) = ڕابوردووى تەواو

فێرخوازێكى تر:- كردارى رابوردووى دوور: ئەو كردارەيە كە ڕوودانى كاتێك لە ڕابوردووى دووردا نيشان دەدات.

ڕابوردووى نزيك + بوو = ڕابوردووى دوور

فێرخوازێكى تر كردارى رابوردووى بەردەوام: ئەو كردارەيە كە ڕوودان وبەردەوامى كاتێك لە ڕابوردوودا نيشان دەدات.

دە(ئە) + ڕابوردووى نزيك = ڕابوردووى بەردەوام

لێكۆڵەر: ئافەرين دەستتان خۆش بێت، وەڵامى فێرخوازى يەكەم و دووەم و سێيەم وچوارەم زۆر ڕاست و دروستە.

پ ٤ / چەند نموونەيەكم بۆ بنووسن

فێرخواز:-

بردن – ن = برد

فێرخوازێكى تر:

ڕابوردووى نزيك + پاشگرى (ووە/ وە) = ڕابوردووى تەواو

فرۆشت + ووە= فرۆشتووە

برژا + ووە + برژاوە.

فێرخوازێکی تر:

ڕابوردووی نزیك + بوو = ڕابوردووی دوور

کەوت + بوو = کەوتبوو

خەوت + بوو= خەوتبوو

فێرخوازێکی تر:

دە(ئە) + ڕابوردووی نزیك = ڕابوردووی بەردەوام

دە + کەوت = دەکەوت

دە + فرۆشت = دەفرۆشت

لێکۆڵەر: ئافەرین دەستتان خۆش بێت وەڵامی هەمووتان ڕاست و دروستە.

گروپی سێیەم:

لێکۆڵەر:

پ ١ / کرداری ڕابوردوو چییە؟

فێرخواز:- کردارێکە دراوەتە پاڵ کەسێك یان شتێك کە لە کاتی ڕابوردوودا ڕووی داوە و بەسەر چووە.

فێرخوازێكی تر: له زمانی كوردیدا فرمانی ڕابوردوو به لابرنی (ن) چاوگ دروست دەكرێت.

لێكۆڵەر: ئافەرین دەستتان خۆش بێت، وەڵامی هەردووكتان ڕاست و دروستە.

پ ٢ / كرداری ڕابوردوو چەند جۆری هەیە؟

فێرخواز:- ١. كرداری رابوردووی نزیك (سادە): بریتییە كردارێك سادە و لە كاتی نزیكدا پێشان دەدات

چاوگ – ن = ڕابوردووی نزیك

فێرخوازێكی تر: - كرداری رابوردووی تەواو بریتییە كردارێكە پێش قسەكەر ڕووی داوە، بەڵام كاریگەرییەكەی تا كاتێكی ئاخاوتن بەردەوامە ونەزۆر دووورو نەزۆر نزیك.

ڕابوردووی نزیك + پاشگری (ووە/ وە) = ڕابوردووی تەواو

فێرخوازێكی تر:- كرداری رابوردووی دوور: ئەو كردارەیە كە ڕوودانی كاتێك لە ڕابوردووی دووردا نیشان دەدات.

ڕابوردووی نزیك + بوو = ڕابوردووی دوور

فێرخوازێكی تر كرداری رابوردووی بەردەوام: ئەو كردارەیە كە ڕوودان وبەردەوامی كاتێك لە ڕابوردوودا نیشان دەدات.

دە(ئە) + ڕابوردووی نزیك = ڕابوردووی بەردەوام

لێكۆڵەر: ئافەرین دەستتان خۆش بێت وەڵامی هەمووتان ڕاست و دروستە.

٦. هەڵسەنگاندن (٣ خولەك)

لەو شتانەی کە هەنگاوی پیشتر خرانە ڕوو چەند پرسیارێك ئاڕاستەی فێرخوازان کراوە بۆ دڵنیابوون لە ئاستی تێگەیشتن و وەرگرتنی زانیارییەکان و بەدیهێنانی ئامانجە ڕەوشتییەکان.

پ ١ / کرداری ڕابوردوو چییە؟

پ ٢ / کرداری ڕابوردوو چەند جۆری هەیە؟

پ ٣ / چەند نموونەیەکم بۆ بنووسن

**<u>ئەرکی ماڵەوە</u>**

ئەوەی بۆ لەبەرکردنە لە ژیانەکەی و بەشێك لە هۆنراوەکەی وەك ئەرکی ماڵەوە دەدرێت بە فێرخوازان بۆ وانەی داهاتوو.



**ستراتیجییەتی مێزگرد (ستراتيجية الطاولة المستديرة)**

**پاشكۆی ژمارە (١١)**

**نموونەی پلانێكی وانەوتنەوە بە پێی ڕێگای ئاسایی**

**پلانی نموونەیی بۆ وتنەوەی بابەتی دەمەكانی كردار**

**(كرداری ڕابوردوو) بەپێی ڕێگای ئاسایی (چاولێكەری) بۆ فێرخوازانی گروپی كۆنترۆڵكراو**

پۆل: پێنجەم　　　بابەت:دەمەكانی كردار(كرداری ڕابوردوو)

هۆبە: أ　　　ڕێكەوت: یەكشەممە ٢٠٢٢/١/١٦

## یەكەم ئامانجی فێركردن:

### أ. ئامانجی تایبەتی:

١. قوتابی، بابەتە بڕیادراوەكانی ڕێزمان، تێبگات و ڕاست پراكتیكیان بكات.
٢. قوتابی، حەز لە فێربوونی زمان و ڕێزمانی كوردی بكات.

### ب. ئامانجی ڕەوشتی:

دوای تەواوبوونی وانە و چالاكییەكانی، قوتابی:

١. چەمكی كرداری ڕابوردوو بزانێت
٢. جۆرەكانی كرداری ڕابوردوو بژمێرێت.
٣. چەمكی هەر جۆرێ لە جورەكانی كرداری ڕابوردوو بزانێت
٤. چۆنێتی دروستكردنی هەر جۆرێ لە جۆرەكانی كرداری ڕابوردوو بەنموونە دیاربكات
٥. پشێت كرداری ڕابوردوو بكاتە هەر جۆرێ لە جۆرەكانی كردارە ڕابوردووەكە
٦. پشێت جۆرەكانی كاری ڕابوردوو لە ڕستان و تێكستاندا دەربهێنیت
٧. هەر جۆرێ لە جۆرەكانی كردارە ڕابوردوو لە باری ئەرێنی بكاتە باری نەرێنی
٨. جیاوازی بكات لە نێوان جۆرەكانی كرداری ڕابوردوو

## هۆیەكانی فێركردن

- پێنووسی ڕەنگاوڕەنگ
- بۆرد (تەختەی نووسین)
- پەرتووكی قوتابخانە (خوێندنەوە و ئەدەبی كوردی)

## هەنگاوەكانی وانەوتنەوە

١. پێشەكی (٥خولەك)

مامۆستا (توێژەر) سوپاسی پابەندیی و ئامادەبوونی بەردەوامی فێرخوازان دەكات، سەرنجیان ڕادەكێشێت بۆ وانەی ئەمڕۆ لە ڕێگای پەیوەستكردنی زانیارییەكانی وانەی پێشوو بە وانەی ئەمڕۆ (دەمەكانی كردار- كرداری ڕابوردوو) و بوادران بە فێرخوازان بۆ گفتوگۆكردن لەسەر بابەتی وانەی ڕابردوو (ئامرازی پرس) و ئاراستەكردنی چەند پرسیارێك بۆ خوێندكاران لەسەر ئەو بابەتە وەك ئەم پرسیارانە:

توێژەر: لە وانەی ڕابردوو باسی چیمان كرد، كێ لە بیری ماوە؟

فێرخواز: ئامرازی پرس

مامۆستا (توێژەر): ئافەرین، دەست خۆش

توێژەر: كێ دەتوانێت ئامرازەكانی پرسم بۆ بژمێرێت؟

فێرخواز: كێ، چی، چۆن، كەی، كوێ، چەند، كام، كوا، ئایا.

مامۆستا (توێژەر): ئافەرین، دەست خۆش

مامۆستا (توێژەر): كێ دەتوانێت ڕستەیەكم بۆ بهێنێت كە ئامرازی پرس بۆ شوێنێك پرسیاری پێ دەكرێت؟

فێرخواز: لە كوێ بوویت؟

مامۆستا (توێژەر): کێ دەتوانێت ڕستەیەکم بۆ بهێنێت کە ئامرازی پرسی تێدا بێت لەبارەی ژمارە و ئەندازە؟

فێرخواز: چەند پارێزگا لە عێراقدا هەیە؟

مامۆستا (توێژەر): کێ دەتوانێت ڕستەیەکم بۆ بهێنێت کە ئامرازی پرس بۆ کاتێك پرسیاری پێ دەکرێت.

فێرخواز: کەی هەنجیر پێدەگات؟

مامۆستا (توێژەر): کێ دەتوانێت ڕستەیەکم بۆ بهێنێت کە ئامرازی پرس بۆ چۆنێتی و هەواڵ پرسیاری پێ دەکرێت.

فێرخواز: چۆن هاتیت؟

مامۆستا (توێژەر): ئافەرین دەست خۆش

پاشان مامۆستا (توێژەر) دەڵێت: کردار بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن کە (ناو، جێناو، کردار، ئاوەڵکردار، ئاوەڵناو) لەخۆدەگرێتەوە، لە زمانی کوردیدا کردار دابەش دەکرێت بۆ (کرداری ڕابوردوو، کرداری ڕانەبوردوو، کرداری داخوازی).
وانەی ئەمڕۆمان (کرداری ڕابوردوو)ە، ناوی بابەتەکە لە ناوەڕاستی بۆردەکە بە ڕوونی و گەورەیی دەنووسرێت.

هەنگاوی دووەم: خستنەڕوو (٢٥) خولەك

مامۆستا (توێژەر) ڕستەکانی نێو کتێبەکە و چەند ڕستەیەکی دەرەکی بە ڕوونی لەسەر تەختەکە دەنووسێت، پاشان هێڵ بە ژێر سەرجەم کردارە ڕابوردووەکاندا دەکێشێت، ئەمانە هەموو لە لایەکی تەختەکە، لایەکەی دیکەی تەختەکە بە بەتاڵی جێ دەهێڵێت بۆ بەکارهێنانی لە کاتی شیکردنەوەی وانەکەدا.

- کامەران ئەسپەکەی فرۆشت.
- کامەران ئەسپەکەی فرۆشتووە.

- كامەران ئەسپەكەی فرۆشتبوو.
- كامەران ئەسپەكەی دەفرۆشت.

دوای ئەوە مامۆستا داوا لە فێرخوازان دەكات ئەو ڕستانە بە بێدەنگی بخوێننەوە، هەروەها ورد ببنەوە لەو وشانەی كە هێڵ بە ژێریاندا كێشراوە، دەبینین هەریەك لەو وشانە كردارێك یان كردەوەیەك نیشان دەدات و هەموویان كرداری ڕابوردوو دەنوێنن.

دوای ئەوە مامۆستا دەڵێت ئەگەر بڕوانینە ڕستەی یەكەم دەبینین وشەی (فرۆشت) كردارێكی نیشان داوە كە لە ڕابوردوویەكی نزیكدا ڕوویداوە، كە بەتەنها بە لابردنی (ن) چاوگ دروست بووە. یاساكەشی بەم شێوەیە:

چاوگ – ن = ڕابوردووی نزیك

چوون – ن = چوو

خواردن – ن = خوارد

پاشان مامۆستا سەرنجی فێرخوازان بۆ ڕستەی دووەم ڕادەكێشیت و دەڵێت: لە ڕستەی دووەمدا دەبینین كرداری ڕابوردووی (فرۆشتووە) ئاماژە بۆ بەتەواوتی ڕوودانی كارێك دەكات كە نە زۆر دوورە و نە زۆر نزیكە، بۆیە دەبێتە كرداری ڕابوردووی تەواو. یاساكەشی بەم شێوەیە:

ڕابوردووی نزیك + پاشگری (ووە/ وە) = ڕابوردووی تەواو

بڕژا + وە = بڕژاوە

نووسی + وە = نووسیوە

بەڵام ئەوەی جێی بایەخە كە هەر (ڕابوردووی نزیكێك) بە (ت، د) كۆتایی هاتبوو ئەوا (ووە) لەگەڵ بەكار دەهێنین وەك:

فرۆشت + ووە = فرۆشتووە

برد + ووە = بردووە

دواتر مامۆستا ڕوو دەكاتە فێرخوازان و دەڵێت: لە ڕستەی سێیەمدا كرداری ڕابوردووی (فرۆشتبوو) ئاماژە بۆ ڕوودانی كارەكە لە ڕابورددوویەكی دووردا دەكات. یاساكەی بەم شێوەیە:

ڕابوردووی نزیك + بوو = ڕابوردووی دوور

كەوت + بوو = كەوتبوو

خەوت + بوو = خەوتبوو

شكا + بوو= شكا بوو.

مامۆستا ئاماژە بۆ ئەوەش دەكات كە لە ڕستەی چوارەمدا (دەفرۆشت) جۆرێكی تری ڕابوردوومان بۆ دەردەخات كە ڕابوردووی (بەردەوام)ە، كە ڕوودان و بەردەوامی كارێك لە كاتی رابوردوودا نیشان دەدات، یاساكەشی بەم شێوەیە:

دە (ئە) + ڕابوردووی نزیك = ڕابوردووی بەردەوام

دە + چوو = دەچوو

دە + فرۆشت = دەفرۆشت

دە + كەوت = دەكەوت

## هەنگاوی سێیەم: هەڵێنجانی ڕێساكان(استنتاج القاعدة) (٥) خولەك

دوای ئەوەی لە هەنگاوی دووەم بە وردی باسی (كرداری ڕابوردوو و جۆرەكانی) كرا لێرەدا دەتوانین ڕێسا یاخود دەستوورێكی بۆ دانێین بە هاوكاری فێرخوازان، كە لە نموونەكانەوە هەڵێنجراون.

كرداری ڕابوردوو: كردارێكە دراوەتە پاڵ كەسێك یان شتێك كە لە كاتی ڕابوردوودا ڕووی داوە و بەسەر چووە و كرداری ڕابوردوو چوار جۆرە:

١. كرداری ڕابوردووی نزیك (سادە): بریتییە كردارێكی سادە و لە كاتی نزیكدا پێشان دەدات كە لە پێش ئاخاوتن رووی داوە و كاریگەرییەكەی نەماوە و هیچ پێشگر و پاشگریشی وەرنەگرتووە.

چاوگ – ن = ڕابوردووی نزیك

٢. كرداری ڕابوردووی تەواو بریتییە كردارێكە پێش قسەكەر ڕووی داوە، بەڵام كاریگەرییەكەی تا كاتی ئاخاوتن بەردەوامە و نەزۆر دوورو نەزۆر نزیكە.

ڕابوردووی نزیك + پاشگری (ووە/ وە) = ڕابوردووی تەواو

٣. كرداری ڕابوردووی دوور: ئەو كردارەیە كە ڕوودانی كاتێك لە ڕابوردووی دووردا نیشان دەدات.

ڕابوردووی نزیك + بوو = ڕابوردووی دوور

٤. كرداری رابوردووی بەردەوام: ئەو كردارەیە كە ڕوودان وبەردەوامی كاتێك لە ڕابوردوودا نیشان دەدات.

دە (ئە) + ڕابوردووی نزیك = ڕابوردووی بەردەوام

هەنگاوی چوارەم: وردەكارییەكانی ڕێسا - تفاصيل القاعدة:

پاش نووسینی ڕێسا و ناساندنی كرداری ڕابوردوو و جۆرەكانی، مامۆستا چەند نموونەیەكی تر لەسەر بۆردەكە دەنووسێت بۆ زیاتر ڕوونكردنەوەی كرداری ڕابوردوو و جۆرەكانی، وەك:

١. منداڵەكە سێوەكەی خوارد

٢. ئاسنگەرەكە پەنجەرەكەی چاك كردەوە.

٣. كە من چووم، ئەو نووستبوو.

٤. من شاری خانەقینم بینیوە.

٥. گوڵان لە چێشتخانەكەدا كەبابی دەخوارد

مامۆستا لەگەڵ فێرخوازان گفتوگۆ لەسەر هەر یەك لەم كردارە ڕابوردووانە و جۆری هەر یەكێك دیاری دەكات، بە بەشداری زۆربەی فێرخوازان.

مامۆستا (توێژەر): كرداری ڕابوردوو چییە؟

فێرخواز: كردارێكە دراوەتە پاڵ كەسێك یان شتێك كە لە كاتی ڕابوردوودا ڕووی داوە و بەسەر چووە.

مامۆستا (توێژەر): نموونەیەكم دەوێ لەسەر كرداری ڕابوردوو

فێرخواز: كامەران ئەسپەكەی فرۆشت

مامۆستا (توێژەر):ئافەرین دەست خۆش

مامۆستا (توێژەر): فەرمانی ڕابردوو چەند جۆرە

فێرخواز: كرداری ڕابوردوو چوار جۆرە

مامۆستا (توێژەر): كێ جۆرەكانی كرداری ڕابوردووم بۆ بژمێرێت؟

فێرخواز: كرداری ڕابوردوو نزیك (سادە)

كرداری ڕابوردووی تەواو

كرداری ڕابوردووی دوور

كرداری ڕابوردووی بەردەوام

مامۆستا (توێژەر): ئافەرین، دەست خۆش

مامۆستا (توێژەر): نموونەیەك بۆ هەر یەك لەم جۆرانەم بۆ بهێنە

فێرخواز: كرداری ڕابردوو نزیك(سادە)، وەكو: چوو، برد

فێرخوازێکی تر: کرداری ڕابوردووی تەواو، وەکو: برژاوە، نووسیوە، فرۆشتووە، ڕۆشتووە

فێرخوازێکی تر: کرداری ڕابوردووی دوور، وەکو: کەوتبوو، خەوتبوو، شکابوو

فێرخوازێکی تر کرداری ڕابوردووی بەردەوام، وەکو: دەچوو، دەفرۆشت، دەکەوت

مامۆستا (توێژەر): ئافەرین، دەستتان خۆش

هەڵسەنگاندن (٥) خولەك

مامۆستا چەند پرسیارێك ئاراستەی فێرخوازان دەکات بۆ زانینی ڕادەی تێگەیشتن و بەدەستهێنانی ئامانجە ڕەوشتییەکان لە ڕێگای وەڵامی فێرخوازەکانەوە لەو پرسیارانە:

- کرداری ڕابوردوو چییە؟
- جۆرەکانی کرداری ڕابوردوو چین؟
- ڕستەیەك بهێنەوە کرداری ڕابوردووی تەواوی تێدا بێت.
- ئەم کردارە ڕابوردووانە بخە ڕستەوە (هێنابوو، فرۆشتووە، دەکەوت).
- جیاوازی چییە لەنێوان ڕابوردووی دوور و نزیك لەم کردارانە: (نووسی – نووسیبوو)، (چوو – چووبوو).

ئامانج لەم پرسیارانەش چەسپاندن و جێبەجێکردنی ئەو زانیارییانەی فێرخواز وەریگرتووە و بەدەستهێنانی لێهاتوویی زمانەوانییە.

هەنگاوی پێنجەم: ئەرکی ماڵەوە (٢) خولەک

مامۆستا داوا لە فێرخوازان دەکات ڕاهێنانەکانی بابەتی (کرداری ڕابوردوو) حەل بکەن و لە تیانووسی خۆیان ئەرکی ماڵەوە بنووسن.

## پاشکۆی ژمارە (١٢)

## ئاستی زەحمەتی بەندەکانی تاقیکردنەوە

<table dir="rtl">
<tr><th>ژمارەی پرسیار</th><th>ژمارەی بەند</th><th>ئاستی زەحمەتی</th><th>ژمارەی پرسیار</th><th>ژمارەی بەند</th><th>ئاستی زەحمەتی</th></tr>
<tr><td rowspan="25">پرسیاری یەکەم</td><td>1</td><td>0.40</td><td rowspan="25">پرسیاری دووەم</td><td rowspan="4">1</td><td rowspan="4">0.37</td></tr>
<tr><td>2</td><td>0.52</td></tr>
<tr><td>3</td><td>0.60</td></tr>
<tr><td>4</td><td>0.65</td></tr>
<tr><td>5</td><td>0.60</td><td rowspan="3">2</td><td rowspan="3">0.53</td></tr>
<tr><td>6</td><td>0.67</td></tr>
<tr><td>7</td><td>0.60</td></tr>
<tr><td>8</td><td>0.37</td><td rowspan="5">3</td><td rowspan="5">0.52</td></tr>
<tr><td>9</td><td>0.66</td></tr>
<tr><td>10</td><td>0.53</td></tr>
<tr><td>11</td><td>0.55</td></tr>
<tr><td>12</td><td>0.66</td></tr>
<tr><td>13</td><td>0.51</td><td rowspan="5">4</td><td rowspan="5">0.45</td></tr>
<tr><td>14</td><td>0.60</td></tr>
<tr><td>15</td><td>0.50</td></tr>
<tr><td>16</td><td>0.51</td></tr>
<tr><td>17</td><td>0.68</td></tr>
<tr><td>18</td><td>0.60</td><td rowspan="8">5</td><td rowspan="8">0.55</td></tr>
<tr><td>19</td><td>0.50</td></tr>
<tr><td>20</td><td>0.37</td></tr>
<tr><td>21</td><td>0.57</td></tr>
<tr><td>22</td><td>0.67</td></tr>
<tr><td>23</td><td>0.45</td></tr>
<tr><td>24</td><td>0.50</td></tr>
<tr><td>25</td><td>0.50</td></tr>
</table>

## پاشکۆی ژمارە (١٣)

## هێزی جیاکەرەوەی بەندەکانی تاقیکردنەوە

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی بەند | هێزی جیاکەرەوە |
|---|---|---|
| پرسیاری یەکەم | 1 | 0.35 |
| | 2 | 0.40 |
| | 3 | 0.35 |
| | 4 | 0.40 |
| | 5 | 0.45 |
| | 6 | 0.39 |
| | 7 | 0.55 |
| | 8 | 0.40 |
| | 9 | 0.40 |
| | 10 | 0.35 |
| | 11 | 0.45 |
| | 12 | 0.34 |
| | 13 | 0.47 |
| | 14 | 0.35 |
| | 15 | 0.50 |
| | 16 | 0.35 |
| | 17 | 0.51 |
| | 18 | 0.40 |
| | 19 | 0.45 |
| | 20 | 0.40 |
| | 21 | 0.35 |
| | 22 | 0.35 |
| | 23 | 0.50 |
| | 24 | 0.35 |
| | 25 | 0.34 |

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی بەند | هێزی جیاکەرەوە |
|---|---|---|
| پرسیاری دووەم | 1 | 0.40 |
| | 2 | 0.35 |
| | 3 | 0.40 |
| | 4 | 0.50 |
| | 5 | 0.45 |

## پاشکۆی ژمارە (١٤)

## کارایی بژاردەکانی هەڵە

| ژمارەی پرسیار ژمارەی بەند | کارایی بژاردەکانی هەڵە | | | |
|---|---|---|---|---|
| | أ | ب | پ | ت |
| 1 | √ | 0.20- | 0.15- | 0.05 |
| 2 | 0.10- | 0.05 | 0.20- | √ |
| 3 | 0.15- | √ | 0.05- | 0.15- |
| 4 | √ | 0.15- | 0.20- | 0.05- |
| 5 | 0.10- | 0.15- | √ | 0.15- |
| 6 | 0.10- | √ | 0.05- | 0.20- |
| 7 | 0.20- | 0.15- | √ | 0.15- |
| 8 | √ | 0.15- | 0.10- | 0.05- |
| 9 | 0.10- | 0.15- | 0.05- | √ |
| 10 | 0.20- | 0.15- | √ | 0.05- |
| 11 | 0.15- | 0.20- | 0.05- | √ |
| 12 | √ | 0.10- | 0.20- | 0.20- |
| 13 | 0. 5- | 0.20- | √ | 0.10- |
| 14 | 0.20- | √ | 0.5- | 0.15- |
| 15 | 0.10- | 0. 5- | 0.10- | √ |
| 16 | 0.5- | 0.20 | √ | 0.10- |
| 17 | 0.10- | √ | 0.20- | 0.15- |
| 18 | 0.20- | 0.05- | √ | 0.15- |
| 19 | √ | 0.10- | 0.15- | 0.5- |
| 20 | 0.05 | √ | 0.5- | 0.20- |
| 21 | √ | 0.05- | 0.10- | 0.5- |
| 22 | 0.15- | √ | 0.10- | 0.5- |
| 23 | 0.05- | 0.10- | 0.20- | √ |
| 24 | 0.10- | 0.05- | 0.10- | √ |
| 25 | 0.20- | 0.10- | √ | 0.15- |

## پاشكۆی ژمارە(١٥)

## تاقیكردنەوەی دەستكەوتی خوێندن

**زانكـــــۆی بەغــــــــــداد**
**كۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان**
**بەشی زمانی كـــــــوردی**
**خوێندنی باڵا / ماستەر/ڕێگاكانی وانەوتنەوەی زمانی كوردی**

**م/ڕای پسپۆران دەربارەی تاقیكردنەوەی دەستكەوتی خوێندن**

**مامۆستا.................................................)ی بەڕێز**
**سڵاو وڕێز......**

توێژەر دەیەوێت توێژینەوەیەك بە ناوی ((كاریگەریی ستراتیجییەتی مێزگرد لەسەر دەستكەوتی بابەتی خوێندنەوە و ئەدەبی كوردی لای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی)) ئەنجام بدات، یەكێك لە پێویستیەكانی ئەم توێژینەوەیە، ئامادەكردنی تاقیكردنەوەی دەستكەوتی خوێندنە لە ناوەڕۆكی ئەو بابەتە ڕێزمانییانەی لە ماوەی ئەزموونەدا واترواونەتەوە، كە كۆیۆ برگەكان (٣٠) برگەن و دابەشكراونەتە سەر (٢) دوو جۆر پرسیار، لەبەر ئەوەی بەڕێزتان شارەزایی زانستیتان لەم بوارەدا هەیە، توێژەر پرسیارەكانی ئەم تاقیكردنەوە دەخاتە بەردەستتان بۆ ئەوەی سوود لە تێبینییەكانی بەڕێزتان وەربگرێت و پشت ڕاست بێت لە ڕێك و پێكی دانانی برگەكان و دروستی پێوانی ئەو ئامانجە ڕەفتاریەی بۆی دانراوە و هەر تێبینییەك بەڕێزتان بە پێویستی دەزانن.

لەگەڵ ڕێزدا. .......

قوتابی ماستەر
ڕووناك غازی محەمەد

سەرپەرشت
پ. عەلی داوود جوامیر

# تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن

**قوتابی خۆشەویست:**

**لەبەر دەستی تۆی بەڕێز (٢) دوو جۆر پرسیارن، یەکەمیان جۆری هەڵبژاردنە و (٢٥) بەندن و جۆری دووەمیان تێکبەستنەوەیە و (٥) بەندن.**

**هەموو بەندەکان بەوردی بخوێنەوە وەڵامیان بدەوە.**

**هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم**

**مامۆستای بابەت**

**ڕووناک غازی موحەممەد**

| | | |
|---|---|---|
| پ ١ | پیتی بژاردەی ڕاست بخە ناو بازنەیەك لە گشت بەندەکانی خوارەوەدا | |
| ١- | ئێمە دڵسۆزین بۆ نیشتمان<br>(ئێمە): | |
| | أ- جێناوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ | ب-جێناوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ |
| | پ-جێناوە بۆ کەسی دووەمی کۆ | ت-جێناوە بۆ کەسی سێیەمی تاك |
| ٢- | <u>برادەری</u> باش هەڵبژێرە<br>ئەوەی هێڵی لە ژێرە: | |
| | أ- ناوی ناسراوە | ب-ئاوەڵکردار |
| | پ-ناوی کۆیە | ت-ناوی تاکە |
| ٣- | ئەو ڕستەی ئامرازی (پرس)ی تێدایە، ڕستەی: | |
| | أ- نەسرین چوو بۆ هەولێر؟ | ب- کەی ئازاد دەچێت بۆ شەقلاوە؟ |
| | پ-نەوزاد، وانەکەت نووسی؟ | ت- جوان هات بۆ لاتان؟ |
| ٤- | من ناچم بۆ بازار:<br>نیشانەی (نا)، بەکاردێت بۆ مەبەستی: | |
| | أ- نەرێ کردن | ب- داخوازی کردن |
| | پ- ئەری کردن | ت- داخوازی ونەرێ کردن |
| ٥- | کرداری داخوازی لە یەکێك لەم ڕستانەدا هەیە: | |
| | أ- نەوزاد <u>ڕۆیشتبوو</u> | ب-نزار نان <u>دەخوات</u> |
| | پ- ئازاد، وانەکە <u>بنووسە</u> | ت- نەسرین <u>چووە</u> بازاڕ |
| ٦- | نەسرین باش بخوێنە<br>(بخوێنە)، کرداری: | |
| | أ- ڕابوردووە | ب- کرداری ڕانەبوردووە |
| | پ- داخوازی یە | ت- کرداری ڕابوردووی دوورە |

| | | |
|---|---|---|
| ٧- | (قەیسی)، ناوێکی نەناسراو، دەبێتە ناوی ناسراو بەزێدەکردنی: | |
| | أ- کە | ب- ەکە |
| | پ- یەکە | ت- ۆکە |
| ٨- | سبەی دەچم بۆ قوتابخانە.<br>ئەوەی هێڵی لە ژێرە: | |
| | أ-ئاوەڵکرداری کاتە | ب- کرداری ڕابوردووە |
| | پ- کرداری ڕانەبوورووە | ت- ئاوەڵکرداری شوێنە |
| ٩- | ئازاد چوو بۆ هەلێر<br>(چوو): | |
| | أ- کرداری ڕانەبوورووە | ب-ئاوەڵکردارە |
| | پ- کرداری داخوازی یە | ت- کرداری ڕابوردووە |
| ١٠- | کام قوتابی زیرەکە؟<br>وشەی هێڵی لە ژێرە، ئامرازی پرسە بۆ: | |
| | أ- شوێن، پرسیاری پێ دەکرێ | ب- شتێك، پرسیاری پێ دەکرێ |
| | پ- دەستنیشانکردنی نێوان دووکەس یان دووشت یان زیاتر پرسیاری پێ دەکرێ | ت- چۆنێتی، پرسیاری پێ دەکرێ |
| ١١- | وانەکە مەنووسە<br>نیشانەی(مە)، بەکاردێت بۆ نەرێ کردنی کرداری: | |
| | أ- ڕابوردوو | ب- ڕانەبوردوو |
| | پ- ڕابوردووی نزیك | ت- داخوازی |
| ١٢- | کرداری ڕابوردووی دوور، ئەوە وەك لە ڕستەی: | |
| | أ- کامەران ئەسپەکەی فرۆشتبوو | ب- کامەران ئەسپەکەی فرۆشت |
| | پ- کامران ئەسپەکەی فرۆشتووە | ت- کامەران ئەسپەکەی دەفرۆشت |

١٣- ئازاد لە ژێر دارەکە خەوتووە:
وشەی هێڵی لە ژێرە:

| | |
|---|---|
| أ- کرداری ڕابوردووە | ب- ئاوەڵکرداری کارە |
| پ- ئاوەڵکرداری شوێنە | ت- کردژی داخوازییە |

١٤- ڕستەی جێناوی کەسی دووەمی تاکی تێدایە، ڕستەی:

| | |
|---|---|
| أ- من زیرەکم | ب- تۆ زیرەکی |
| پ- ئەو زیرەکە | ت- ئێمە زیرەکن |

١٥- وشەی جێناوی لکاوی تێدایە بۆ کەسی یەکەمی کۆ، وشەی:

| | |
|---|---|
| أ- دەچیت | ب- دەچم |
| پ - دەچن | ت - دەچین |

١٦- ئەو جێناوە لکاوەی بۆ کەسی سێیەمی کۆ (کۆمەڵی أ) بەکاردێت، جێناوی:

| | |
|---|---|
| أ- مان | ب- تان |
| پ- یان | ت- ین |

١٧- ناوی (قوتابی)، کۆدەکرێت بەزێدەکردنی:

| | |
|---|---|
| أ- ان | ب- یان |
| پ- ن | ت- ین |

١٨- هەنارەکە ترشە.
هەنارەکە:

| | |
|---|---|
| أ- ناوێکی نەناسراوە | ب- ئاوەڵکرداری کاتە |
| پ- ناوێکی ناسراوە | ت- ئاوەڵکرداری شوێنە |

١٩- کردارێکی یەکێك لەم ڕستانە، کردارێکی ڕابوردووە:

| | |
|---|---|
| أ- سبەی دەچم بۆ هەولێر | ب- نەسرین نانی خوارد |
| پ- ئازاد لە تاقیکردنەوە دەرچوو | ت- قوتابییان ئاهەنگیان گێڕا |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠- | جێناوی جودا کە بۆ کەسی سێیەمی کۆ بەکاردێت، جێناوی: | |
| | أ- (ئێمە)یە | ب- (ئەوان)ە |
| | پ-(ئێوە)یە | ت- (ئەو)ە |
| ٢١- | ئەو جێناوە لکاوەی بۆ کەسی دووەمی تاك (کۆمەڵی ب) بەکاردێت، جێناوی: | |
| | أ- یت | ب- ێت |
| | پ- م | ت- ات |
| ٢٢- | بەیانی دەچم بۆ سلێمانی.<br>ئەو کردارەی هێڵی لە ژێرە، کرداری: | |
| | أ- ڕابوردووە | ب- ڕانەبوردووە |
| | پ- داخوازییە | ت- ڕابوردووی بەردەوامی |
| ٢٣- | ئازاد چوو بۆ شار.<br>شار: | |
| | أ- ناوێکی کۆیە | ب- ناوێکی تاکی ناسراوە |
| | پ- ناوێکی ناسراوە | ت- ناوێکی تاکە |
| ٢٤- | منداڵەکە سێوەکەی دەخوارد.<br>کرداری هێڵی لە ژێرە، کردارێکی ڕابوردووی: | |
| | أ- تەواوە | ب - نزیکە |
| | پ- دوورە | ت- بەردەوامە |
| ٢٥- | وشەی هێڵی لە ژێرە لەیەکێك لەم ڕستانەدا، ئاوەڵکرداری شوێنە: | |
| | أ- شەو زوو بخەوە | ب- باوکی ئازاد ڕۆیشتووە |
| | پ- بولبول لەسەر دارەکە هەلنیشتووە | ت- دوێنێ بەفر باری |

پرسیاری دووەم

**هێڵی بکێشە لە نێوان هەر وشەیەک لە وشەکانی ستوونی (أ) بە وشەیەکی گونجاو لە وشەکانی ستوونی (ب) لەم بەنانەی خوارەوە:**

.١

| (أ)<br>کەس | (ب)<br>نیشانەی کۆ |
|---|---|
| یەکەم | -یان |
| دووەم | -مان |
| سێیەم | - تان |
| | -ین |

.٢

| (أ)<br>ناوی نەناسراو | (ب)<br>ناوی ناسراوکردنی |
|---|---|
| پەموو | -کە |
| پەردە | -یەکە |
| کانی | - ەکە |
| | -ۆکە |

.٣

| (أ)<br>ئامرازی پرس | (ب)<br>بەکارهێنانی |
|---|---|
| چەند | بۆ شوێن یەکاردێت |
| کەی | بۆ کەس بەکاردێت |
| کوێ | بۆ کات بەکاردێت |
| کێ | بۆ ژمارەبەکاردێت |
| | بۆ چەمکی رستە بەکاردێت |

.٤

| (أ)<br>جۆری کرداری ڕابوردوو | (ب)<br>نموونە |
|---|---|
| نزك | چوو بوو |
| تەواو | چوو |
| دوور | دەچوو |
| بەردەوام | چووە |
| | بچوو |

.٥

| (أ)<br>کەس | (ب)<br>نیشانەی تاك |
|---|---|
| یەکەم | -یت |
| دووەم | -ێت/ات |
| سێیەم | - م |
| | -یە |

## پاشکۆی ژمارە(١٦)

## کلیلی ڕاستکردنەوە وەڵامی قوتابییان لەسەر بەندەکانی تاقیکردنەوە

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی بەند | پیتی وەڵامی راست | ژمارەی پرسیار | ژمارەی بەند | تێکبەستنەوەی دروست |
|---|---|---|---|---|---|
| پرسیاری یەکەم | ١ | أ | پرسیاری دووەم | ١ | یەکەم ← مان |
| | ٢ | ت | | ٢ | دووەم ← تان |
| | ٣ | ب | | | سێیەم ← یان |
| | ٤ | أ | | | |
| | ٥ | پ | | | پەموو ← ەکە |
| | ٦ | ب | | | پەردە ← کە |
| | ٧ | پ | | | کانی ← یەکە |
| | ٨ | أ | | ٣ | چەند ← ژمارە |
| | ٩ | ت | | | کەی ← کات |
| | ١٠ | پ | | | کوێ ← شوێن |
| | ١١ | ت | | | کێ ← کەس |
| | ١٢ | أ | | | |
| | ١٣ | پ | | ٤ | نزیک ← چوو |
| | ١٤ | ب | | | تەواو ← چووە |
| | ١٥ | ت | | | دوور ← چووبوو |
| | ١٦ | پ | | | بەردەوام ← دەچوو |
| | ١٧ | ب | | | |
| | ١٨ | پ | | ٥ | یەکەم ← م |
| | ١٩ | أ | | | دووەم ← یت |
| | ٢٠ | ب | | | سێیەم ← ێت/ات |
| | ٢١ | أ | | | |
| | ٢٢ | ب | | | |
| | ٢٣ | ت | | | |
| | ٢٤ | ت | | | |
| | ٢٥ | پ | | | |

## پاشکۆی ژمارە(١٧)

### نمرەی قوتابییانی هەردوو گرووپی توێژینەوە لە تاقیکردنەوەی کۆتایی دەستکەوت لە بابەتی ڕێزماندا

| ت | گرووپی ئەزموونگەری | | گرووپی کۆنترۆڵکار |
|---|---|---|---|
| ١. | 31 | ١. | 25 |
| ٢. | 21 | ٢. | 30 |
| ٣. | 33 | ٣. | 28 |
| ٤. | 34 | ٤. | 31 |
| ٥. | 31 | ٥. | 40 |
| ٦. | 32 | ٦. | 19 |
| ٧. | 33 | ٧. | 32 |
| ٨. | 32 | ٨. | 30 |
| ٩. | 36 | ٩. | 27 |
| ١٠. | 35 | ١٠. | 29 |
| ١١. | 26 | ١١. | 30 |
| ١٢. | 32 | ١٢. | 22 |
| ١٣. | 31 | ١٣. | 30 |
| ١٤. | 35 | ١٤. | 25 |
| ١٥. | 40 | ١٥. | 17 |
| ١٦. | 32 | ١٦. | 34 |
| ١٧. | 34 | ١٧. | 41 |
| ١٨. | 31 | ١٨. | 19 |
| ١٩. | 38 | ١٩. | 27 |
| ٢٠. | 34 | ٢٠. | 23 |
| ٢١. | 42 | ٢١. | 30 |
| ٢٢. | 32 | ٢٢. | 32 |
| ٢٣. | 34 | ٢٣. | 29 |
| ٢٤. | 31 | ٢٤. | 40 |
| ٢٥. | 43 | ٢٥. | 30 |
| ٢٦. | 42 | ٢٦. | 29 |
| ٢٧. | 37 | ٢٧. | 28 |
| ٢٨. | 35 | ٢٨. | 30 |
| ٢٩. | 31 | ٢٩. | 25 |
| ٣٠. | 37 | ٣٠. | 28 |

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة بغداد
كلية التربية ابن رشد للعلوم الإنسانية
قسم اللغة الكردية/ الدراسات العليا - الماجستير

# اثر استراتيجية الطاولة المستديرة في تحصيل مادة القراءة والادب الكردي عند طالبات الصف الخامس الاعدادي

رسالة تقدمت بها

رونـاك غازي محمد المندلاوي

إلى مجلس كلية التربية ابن رشد للعلوم الإنسانية في جامعة بغداد
وهي جزء من متطلبات نيل شهادة ماجستير تربية في طرائق تدريس اللغة الكردية

بإشراف
الاستاذ
علي داود جوامير

خرمانان (٢٧٢٢) ك ذو الحجة (١٤٤٣) هـ تموز (٢٠٢٢)م

## ملخص البحث

هدف البحث التعرف الى أثر استراتيجية الطاولة المستديرة في تحصيل مادة قواعد اللغة الكردية عند طالبات الصف الخامس الاعدادي، وللتحقيق من هدف البحث صاغت الباحثة فرضية صفرية.

أعتمدت الباحثة تصميم المجموعات المتكافئة، مجموعة تجريبية درست المادة على وفق استراتيجية الطاولة المستديرة، ومجموعة ضابطة درست المادة نفسها بحسب الطريقة الاعتيادية، وبأختبار بعدي للتحصيل الدراسي.

اشتمل مجتمع البحث طالبات الصف الخامس الاعدادي في المدارس الاعدادية والثانوية النهارية للبنات في المديرية العامة لتربية بغداد/الرصافة الاولى للعام الدراسي (٢٠٢١-٢٠٢٢).

اختارت الباحثة قصداً اعدادية القناة للبنات لإجراء التجربة فيها، واختارت منها بالاسلوب العشوائي شعبتين، مثلت شعبة (أ) البالغ عدد طالباتها (٣٠) طالبة المجموعة التجريبية ومثلت شعبة (ب) البالغ عدد طالباتها (٣٠) طالبة ايضا المجموعة الضابطة.

أجرت الباحثة التكافؤ بين طالبات مجموعتي البحث في المتغيرات: (العمر الزمني محسوباً بالشهور، درجات مادة القراءة الكردية الحديثة للعام السابق، المعرفة السابقة عن المادة الخاضعة للتجربة، عامل الذكاء، التحصيل الدراسي لآباء الطالبات وامهاتهن).

اعدت الباحثة لتدريس كل موضوع من موضوعات قواعد اللغة الكردية خطتين الاولى على وفق استراتيجة الطاولة المستديرة، والاخرى بحسب الطريقة الاعتيادية المتبعة، وعرضت انموذجاً منهما على عدد من المختصين في هذا المجال.

للتحقق من هدف البحث وفرضيته، اعدت الباحثة اختباراً تحصيلياً بلغ عدد فقراته (٣٠) فقرة من نوع الاختيار من المتعدد، والمزاوجة، وتم التحقق من صدقه الظاهري

والمحتوى، ومن صـــعوبة فقراته وقوتها التميزية وفعالية المموهات ومن ثباته الذي بلغ (٠,٨٣)وبحسب معادلة (كودر – ريتشاردسون – KR- 20)

بدأت الباحثة التجربة يوم الاربعاء الموافق ٢٠٢١/١١/٣ وانتهت منها يوم الخميس الموافق ٢٠٢٢/١/٢٠، حيث استمرت الفصل الدراسي الاول كاملاً، ودرست الباحثةً نفسها طالبات المجموعتين، وبواقع ساعة في الاسبوع لكل مجموعة.

وبعد الانتهاء من التجربة، وتطبيق الاختبار، واســتخراج البيانات، واجراء التعامل الاحصائي معها بأستخدام الاختبار التائي (T-test) ومعادلة مربع ايتا ($n^2$) ومعادلة حجم الاثر (d)، أظهرت النتائج التالي:-

وجود فرق ذي دلالة احصائية عند مستوى (٠,٠٥) لتحصيل الطالبات في مادة قواعد اللغة الكردية بين متوسـط درجات طالبات المجموعة التجريبية اللائي درسـن المادة على وفق استراتيجية الطاولة المستديرة، ومتوسط درجات طالبات المجموعة الضـابطة اللائي درسـن المادة نفسـها بحسـب الطريقة الاعتيادية المتبعة، ولمصـلحة طالبات المجموعة التجريبية.

**وعلى ضوء نتيجة البحث، توصلت الباحثة الى الاستناجات الاتية:**

١. ان اسـتعمال اسـتراتيجية الطاولة المسـتديرة في تدريس مادة قواعد اللغة الكردية للطالبات الصف الخامس الاعدادي (كلغة ثانية) لها تأثير ملموس في رفع مستوى تحصيلهن فيها.

٢. ان تدريس مادة قواعد اللغة الكردية على وفق استراتيجية الطاولة المستديرة تجعل الطالبة محوراً للعملية التعليمة، وتوفر لها الفرص لتؤدي دوراً نشـــطاً فاعلاًلهذه العملية، وفي المشاركة، وتعلم نفسها بنفسها.

٣. ان طبيعة اســـتراتيجية الطاولة المســـتديرة وخطواتها التعليمية، تهيئ بيئة تعليمية تجعل الطالبة تشعر من خلالها بالفرح ورغبة بالتعلم والاستفادة من الاخرين بعيداً عن التعصب والانانية.

**وأوصت الباحثة توصيات عدة، منها:**

١. أمكانية اســتعمال اســـتراتيجية الطاولة المســـتديرة في تعلم قواعد اللغة الكردية لطالبات الصـــف الخامس الاعدادي في المدارس الاعدادية والثانوية النهارية في العراق (عدا مدارس اقليم كردستان).

٢. تكليف مديرية الاعداد والتدريب التابعة للمديرية العامة لتربية الرصـــافة الاولى بتدريب مدرسـي اللغة الكردية ومدرسـاتها على اسـتعمال هذه الاسـتراتيجية ومثيلاتها في دورات الاعداد والتدريب التي تقيمها سنوياً لهذا الغرض.

وفي الختام طرحت الباحثة اجراء بحوث مستقبلية استكمالاً للجوانب الاخرى للبحث.

Ministry of Higher Education and
Scientific Research
University of Baghdad
College of Education Ibn Rushd
for Humanitarian Sciences
Kurdish Language Department
Postgraduate Studies - Masters

# The Effect of the Round Table Strategy on the Achievement of Reading and Kurdish Literature among Fifth Year Secondary School Students

**A Thesis submitted by**

**Runak Ghazi Mohammed**

**To the Council of the College of Education Ibn Rushd at the University of Baghdad, and it is part of the requirements for obtaining a master's degree in Education in Methods Of Kurdish Language Teaching**

**Supervised By**

**Professor**

**Ali Dawood Jwamer**

**Xermanan 2722K　　Dhu-al Hijjah 1443 AH　　July 2022 AD**

## The Effect of the Round Table Strategy on the Achievement of Reading and Kurdish Literature among Fifth Year Secondary School Students


### Abstract

The aim of the research is to identify the effect of the round table strategy on the achievement of Kurdish grammar for fifth year secondary school students, and to achieve the goal of the research, the researcher formulates a null hypothesis.

The researcher adopts the design of equivalent groups, an experimental group that studied the material according to the strategy of the round table, and a control group that studied the same subject according to the usual method, and with a post-test for academic achievement.

The research community includes fifth year secondary school students in secondary and intermediate day schools for girls in the General Directorate of Education in Baghdad/Rusafa the First for the academic year (2021-2022). The researcher intentionally has chosen the Channel's Preparatory School for Girls to conduct the experiment in it, and has chosen, in a random manner, two sections; section A includes (30) students who represent the experimental group, and section B includes (30) students who represent the control group .

The researcher conducts equivalence between the students of the two research groups in the variables: (chronological age calculated in months, degrees of the modern Kurdish reading subject for the previous year, previous knowledge about the subject under experiment, the intelligence factor, and the academic achievement of the students' fathers and mothers).

The researcher prepares two plans for teaching in each of the Kurdish grammar topics, the first according to the strategy of the round table, and the other according to the usual method used, and presents a model of them to a number of specialists in this field.

To verify the objective and hypothesis of the research, the researcher prepares an achievement test whose number of paragraphs amounted to (30) items of the type of multiple choice and pairing, and its apparent validity and content were verified, and the difficulty of its items, its discriminatory strength, the effectiveness of the illusions, and its stability, which amounted to (0.83), according to the equation (Coder Richardson - KR-20).

The researcher's experiment lasted for a whole semester starting from Wednesday, 3/11/2021, and ended it on Thursday, 20/1/2022. The researcher herself taught the students of the two groups for an hour per week for each group.

After completing the experiment, applying the test, extracting the data, and conducting a statistical treatment with it using the T-test, the Eta square equation (n2) and the effect size equation (d), the following results showed:

There is a statistically significant difference at the level (0.05) of female students’ achievement in the Kurdish grammar subject between the average scores of the experimental group students who studied the subject according to the round table strategy, and the average scores of the control group students who studied the same subject according to the usual method used, and for the benefit of the experimental group students .

In light of the results of the research, the researcher reaches to the following conclusions

1. The use of the round table strategy in teaching Kurdish grammar to non-native speakers of the fifth year of secondary school (as a second language) has a tangible effect in raising their level of achievement in it.

2. Teaching Kurdish grammar according to the round table strategy makes the students the focus of the educational process, and provides them with opportunities to play an active and effective role in this process, in participation, and self-teaching.

3. The nature of the roundtable strategy and its educational steps, create an educational environment that makes the student feel joy and a desire to learn and benefit from others away from fanaticism and selfishness.

**The researcher recommends several recommendations:**

1. The possibility of using the round table strategy in learning Kurdish grammar for fifth year secondary school students in intermediate and secondary day schools in Iraq (except for schools in the Kurdistan region).

2.Assigning the Directorate of Preparation and Training of the General Directorate of Education of Rusafa the First to train Kurdish language male and female teachers to use this strategy and its examples in the preparation and training courses that it holds annually for this purpose.

In conclusion, the researcher proposes conducting future research to complement the other aspects of the research.